

غەفوور مەخمووری:

## سەرۆك بارزانی بە ئەنجامدانی ڕیفراندۆم گەورەترین شانازیی مێژوویی بۆ خۆی و گەلی كوردستان تۆمار كرد

# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٢٥)- (٢٥)ی تەممووزی ٢٠٢٢

دیندار دۆسكی:

## خۆڕاگریی كابینەی نۆیەم لە بەردەم كێشە و تەحەددییە گەورەكاندا جێگەی تەقدیر و شانازییە

ئایدن مەعرووف:

## كاریزمای مسرور بارزانی كاریگەریی باشی لەسەر ئەدای حكومەت دروست كردووە

# "كابینەی نۆیەم لە ماوەی سێ ساڵدا توانی سەركەوتووانە ژێرخانی ئاسایشی خۆراك دابمەزرێنێت"






# چاپ و بڵاوکراوەکان لە شۆڕشی گوڵاندا

٢٦

دوای بەستنی کۆنگرەی نۆیەم لە ساڵی ١٩٧٩دا، بۆ ماوەیەک کاک فەلەکەددین کاکەیی ئەرکی بەرپرساریەتی بەشی ڕاگەیاندنی ناوەندی حیزب و سەرنووسەریی خەبات و ئێزگەی دەنگی کوردستانی پێ سپێردرا.

- صدای خەبات: ڕۆژنامەیەکی ناوبەناو بوو لەلایەن کۆمیتەی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بڵاو دەکرایەوە.
- زاگرۆس: لەلایەن لقی پارتی لە ئەمەریکا و کەنەدا بە دوو قۆناغ چاپ و بڵاوکرایەوە:

١- گۆڤاری زاگرۆس: یەکەم ژمارەی لە تەمووزی ١٩٧٨دا، چاپ کرا.

٢- ڕۆژنامەی زاگرۆس: یەکەم ژمارەی لە شوباتی ١٩٩٠دا، دەرچوو و بە زمانی عەرەبی پێنج ژمارەی لێ بڵاوکرایەوە، پاشکۆیەکیشی بە زمانی کوردی بڵاو دەکرایەوە.

- دەنگوباسی کوردستان: بڵاوکراوەیەکی ڕۆشنبیریی سیاسی بوو، بەشی ڕاگەیاندنی پارتی بە دوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوی دەکردەوە.
- گۆڤاری وڵات: لقی ئەورووپای پارتی بە زمانی عەرەبی چاپ و بڵاوی دەکردەوە و یەکەم ژمارەی لە ئاداری ١٩٨٢دا بڵاو کرایەوە.
- گۆڤاری کوردستان الیوم (Kurdistan Today): لەلایەن لقی حەوت و بەزمانی ئینگلیزی لە ئەمەریکا و کەنەدا بڵاو دەکرایەوە. یەکەم ژمارەی لە کانوونی دووەمی ١٩٨٧دا دەرچوو.
- مەتین: لەلایەن لقی یەکی پارتییەوە بڵاو دەکرایەوە، ئێستاش بەردەوامە و بە گۆڤارێکی سەرکەوتوو دەژمێردرێت.
- گۆڤاری ئەزمەڕ: گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی سیاسییە و لقی چوار دەری دەکات و یەکەم ژمارەی لە ناوەڕاستی ١٩٨٤دا بڵاوکرایەوە.
- بڵاوکراوەی ڕزگاری: لەلایەن لقی هەشتەوە دەردەچوو و یەکەم ژمارەی لە سەرەتای هەشتاکان بڵاو کرایەوە.
- سەفین: گۆڤاری لقی دوو پارتی دیموکراتی کوردستانە و بەبێ پچڕان لە شۆڕشی ئەیلوولەوە دەردەکەوێت.
- گۆڤاری بابەگوڕگوڕ: گۆڤارێکی ڕۆشنبیریی سیاسییە و لقی سێی پارتی دیموکراتی کوردستان دەری دەکات. یەکەم ژمارەی لە ئابی ساڵی ١٩٨٤ بڵاوکرایەوە

# چاپکراوی نوێ




لە بڵاوکراوەکانی سەنتەری دیراسات و توێژینەوەو ئەکادیمیای پارتی دیموکراتی کوردستان، کتێبی (ئۆپەراسیۆنەکانی ڕەتڵی باز بۆ سەر بارزان ١٩٣٢) کە موقەدەم بەهادین نوری بە عەرەبی نووسیویەتی و (مانی-ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل) کردوویەتی بە کوردی و بە (١٤٤) لاپەڕەی قەبارە مامناوەند چاپ کراو کەوتە بەردەستی خوێنەرانەوە.

ئەم کتێبە یەکێکە لەو کتێبە دەگمەنانە، بێ پەردە باس لە نەخشەی هاوبەشی هەردوو دەوڵەتی عێراق و بەریتانیا دەکات بۆ سەرکوتکردنی ناوچەیەکی دیکەی کوردستان کە ئەویش ناوچەی بارزانە. (بارزان) گەورەترین ناوەندی هێزی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی بوو لە باشووردا، نووسەر دەڵێت: ئامادەکاری بۆ جووڵانەوەکانی بارزان لە ساڵی ١٩٣٢ شتێکی تازە نەبوو، بەڵکو حکومەت و سوپا ساڵانێك پێش ئەوە بیریان لێ کردبووەوەو نەخشەگەلێکیان بۆ دانابوو، دەوڵەتی بریتانیا پێشووتر لێدان و لەناوبردنی ڕاپەڕینی سلێمانی و تێکدانی حکومەتی مەلیك مەحمود و تاوانی بۆردومانی شاری سلێمانی و دەروبەری لە ناوچاوانی خۆی دابوو، ئەم جارەیان بۆ لێدان و وێرانکردنی بارزان هەموو توانای تیکنیکی و سیاسی و هێزی سەربازیی خۆی لە زەوی و ئاسمانەوە بەو پەڕی ڕق و کینەوە خستە کارەوە.

کتێبەکە لەلایەن ئەفسەرێکی سوپای عێراقەوە نووسراوە، کە ڕاستەوخۆ لە لایەنێکی ئەو هەڵمەتانە بەشداربووە کە دەوڵەتی عێراق بە سەرپەرشتیی ڕاستەوخۆی بریتانیا بۆ سەر ناوچەی بارزان کردوویەتی، ناوەرۆکی کتێبەکەی لە ڕووی سیاسییەوە لە ڕوانگەی فەرمانبەرێکی دەوڵەت نووسراوە، گوزارشت لە سیاسەتی فەرمیی دەوڵەت دەکات و لە ڕووی سەربازیشەوە ڕاڤەی ئۆپەراسیۆن و ئامادەکارییەکانی سوپا لە لایەنی فەرمیی خۆیانەوە دەکات.(باز) لێرەدا کورتکراوەی وشەی(بارزان)ە، بەم شێوەیە سوپا بۆ ناولێنانی جووڵانەوەکانی خۆی، ناوی ڕەتڵەکانی لە کورتکراوەی وشەکانی وەردەگرت.

سوپاسی سەنتەری دیراسات و توێژینەوەو ئەکادیمیای پارتی دیموکراتی کوردستان دەکەین کە دانەیەك لەو کتێبە مێژووییەی بۆ ناردووین و دەستخۆشی لە نووسەرو وەرگێڕەکەشی دەکەین.




■ خاوەن ئیمتیاز
**شەوکەت شێخ یەزدین**
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
**فەرهاد محەمەد**
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شیبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
رێبین رەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر
ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

## دکتۆر ناجی عەلی :



**یاسای نوێی کاری هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک پرەنسیپ و مافی سەرەکیی کرێکار زامن دەکات**

## گریگۆری ئەفتاندیلیان :




**سەرۆک بایدن هاوپەیمانەکانی لەم ناوچەیەدا دڵنیا کردووە کە دەستبەرداریان نابێت**

## فەیسەڵ دەباغ



**چوارچێوەی هەماهەنگی لە هەڵوێستێکدایە کەس ئیرەیی پێ نابات**

## عەبدولرەحمان سدیق



**کەلتووری ئاوپارێزی و کشتوکاڵکردنی زیرەک رێگەیەکن بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی ئاووهەوا**


## جۆن تیرمان :



**شەڕێکی دیکەی سارد لە ئاسۆدا دەرکەوتووە**

پ.د.کامەران ساڵحی

## پرۆژەکانی تورکیا لەسەر هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات
## لێکەوتە یاسایی و ئاسەوارە نەرێنییەکانیان



## داوای چاکسازی ڕیشەیی لە دۆخی پەروەردە و فێرکردن دەکرێت




## هۆکارە هاندەرەکانی تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە



## نۆکیا بە بەرهەمێکی نوێ گەڕایەوە



## مێژووی نیگار




رازاو محەممەد :

## خەونی من ئەوەیە زیاتر بەرەو پێشەوە بچم و بەشداری بکەم لە خولەکانی دەرەوەی عێراقیش



## باشترین و بەهێزترین ١٠ فیلمی جەنگ تا ساڵی 2022



# ڕیفراندۆم خاڵێکی درەوشاوەی دیرۆکی گەلی کوردستانە

گەلی کوردستان بە درێژایی مێژوو لە پێناو مانەوە و وەدەستهێنانی مافەکانی لە تێکۆشان و بەرخودانیدا بووە، سەرەڕای هەوڵەکانی دوژمن و داگیرکەران بۆ لەناوبردنی گەلی کوردستان بە خاك و خەڵکەوە، بەڵام گەلی کوردستان توانیویەتی پارێزگاری لە بوونی خۆی بکات و، ڕووبەڕووی هێرش و پەلاماری دوژمنان و داگیرکەران ببێتەوە و، دوای هەر کەوتنێك بە گوڕوتینێکی نوێوە هەڵبستێتەوە و درێژە بە بەرخودانی خۆی بدات.

گەلی کوردستان (کورد) یەکێکە لە گەلە دێرینەکانی ئەم ناوچەیە و تا ئێستا خاوەنی کیان و دەوڵەتی سەربەخۆ نییە، زۆربەی زۆری نەتەوەکانی ئەم ناوچەیە خاوەنی دەوڵەتن، کەچی کوردستان بەپێی ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و بەرژەوەندیی زلهێزان، چەندین جار دابەش کرا بەسەر نەتەوە سەردەستەکانی (عەرەب و فارس و تورك)دا و، بە دەوڵەتەکانیانەوە لکێندرا، کورد چەندین هەلی بۆ ڕەخسا، لە بارترین هەل لە پەیمانی سیڤەری ساڵی ١٩٢٠ بوو، کە بە پێی ئەو پەیماننامەیە دەبووا کورد لە پاش ساڵێك خۆبەڕێوەبردن، ببێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی، کەچی لە ڕێگەی پەیماننامەی لۆزانەوە لە ساڵی ١٩٢٣ ئەو خەونەی لەبار برا، پاشان چەندین هەلی دیکە بۆکورد هاتنە پێشەوە، لەوانە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ و ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ساڵی ٢٠٠٣ کەچی نەمانتوانی سوود لەم دەرفەتە زێڕینانە ببینین.

مێژووی عێراق لە سەرەتای دروستبوونیەوە تاوەکو ئێستا پڕە لە کارەسات بۆ گەلی کوردستان، لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتە دروستکراوەدا هیچ پێکهاتە و نەتەوەیەك بە ئاسوودەیی ناژیت، بۆیە باشترین کار بۆ لەبەریەك هەڵوەشاندنەوەی عێراقە کە بە سێ بەش بکرێت، هەروەك چۆن ئەمریکییەکان لە ڕێگەی پڕۆژەکەی بایدن عێراقیان بۆ سێ بەش دابەش کردووە.

دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە بەهاری ساڵی ٢٠٠٣، دەرفەتێکی نوێ هاتە پێشەوە کەوا گەلانی چوارچێوەی نەخشەی داتاشراوی عێراق بتوانن سەرلەنوێ لەسەر بنەمایەکی سەردەمییانە عێراق بنیات بنێننەوە و، مافەکانی خۆیانی تێدا زامن بکەن، سەرکردایەتیی کوردستانیش بەو هێوایەوە ڕووی کردە بەغدا و بەشدار بوو لە بیناکردنەوەی عێراق، کە بە باوەڕی من کورد دەبووا سوودی لەو دەرفەتە وەربگرتایە و کاری بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکردایە.

هەموو لایەك چاوەڕوانی ئەوە بووین، کەوا سیستمێکی مۆدێرن و باوەڕ بە بنەماکانی دیموکراسی حوکمی عێراق بکات و، هەڵەکانی ڕژێمەکانی پێشوو بەرامبەر گەلانی عێراق دووبارە نەکاتەوە، بەڵام بەداخەوە دەسەڵاتدارانی

**کورد چەندین هەلی بۆ ڕەخسا، لە بارترین هەل لە پەیمانی سیڤەری ساڵی ١٩٢٠ بوو، کە بە پێی ئەو پەیماننامەیە دەبووا کورد لە پاش ساڵێك خۆبەڕێوەبردن، ببێتە خاوەنی دەوڵەتی خۆی، کەچی لە ڕێگەی پەیماننامەی لۆزانەوە لە ساڵی ١٩٢٣ ئەو خەونەی لەبار برا**



## غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

**تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە**

عێراق لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بە هەمان عەقڵییەتی پێشوو بیریان کردەوە و، هەوڵیاندا هەمان سیاسەتی ڕژێمەکانی پێشوو بەرامبەر گەلانی عێراق پراکتیك بکەن، ئەم شێوازەی حوکم لە عێراقدا زیانی بە هەموو لایەك گەیاند و، بووە هۆکار بۆ چەندین کێشە و گرفت، لە داهاتووشدا دەبێتە هۆی دووبارەبوونەوەی کارەساتەکانی ڕابردوو، بۆیە لەسەر هەموو لایەك پێویست بوو دژی ئەو شێوازەی حوکمی عێراق بوەستنەوە و ڕەتی بکەنەوە.

حوکمڕانانی عێراق بەو هەڵسوکەوتانەیان بەرەو تاکڕەوی و دیکتاتۆرییەت هەنگاویان نا و، وەکو ڕژێمەکانی پێشووی عێراق لە دژی کورد و خواستەکانی وەستانەوە، سیاسەتی هەڵە و دژایەتیی حکومەتی عێراق بۆ نەتەوە و پێکهاتەکانی ناو نەخشەی داتاشراوی عێراق، ئەو وڵاتەی ڕووبەڕووی کۆمەڵێ کێشەی سیاسی و ئەمنی و ئابووری و ئیداری کردەوە.

ئەم ڕەوشەی عێراق وای کرد، کەوا زەمینە بسازێت بۆ دروستبوونی دەیان میلیشیای سەربازی و ڕێکخراوی تیرۆریستی، ئەوانەش بوونە هۆی ئەوەی کەوا ڕەوشی ئاسایش و سەربازیی عێراق ئاڵۆز بێت و، وڵاتانی ناوچەکەش بەپێی ئەجێندای خۆیان لە عێراق جووڵە بکەن و، دەست بخەنە کاروباری عێراق، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کە عێراق نەتوانێت پارێزگاری لە سەروەریی خۆی بکات.

لە ساڵی ٢٠٠٣ تا ٢٠١٧ پەیوەندیی کوردستان و عێراق بە چەندین ئاڵۆزی و هەوراز و نشێودا تێپەڕی، هەر زوو دەسەڵاتدارانی عێراق لەو بەڵێنانەی خۆیان کە بە کوردیان دابوو، پاشگەز بوونەوە و، ئەو دەستوورەی کەوا زۆربەی لایەنەکان بەشداربوون لە نووسینی و بەشێك لە مافەکانی گەلی کوردستانی تێدا جێگیر کرابوو، لەلایەن دەسەڵاتدارانی عێراق پشتگوێ خرا و کاری پێ نەکرا.

کێشە و گرفتەکانی نێوان عێراق و کوردستان بەردەوام بوون، بۆیە بۆ دەربازکردنی ڕەوشێکی وا ئاڵۆز، جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی ڕێبەری بزاڤی ڕزگاریخوازیی نیشتمانیی کوردستان، بە ڕاوێژ لەگەڵ زۆربەی زۆری لایەنە سیاسییەکانی کوردستان گەیشتنە ئەو باوەڕەی کەوا بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان بدەن.

**میژووی عێراق لە سەرەتای دروستبوونیەوە تاوەکو ئێستا پڕە لە کارەسات بۆ گەلی کوردستان، لە چوارچێوەی ئەم دەوڵەتە دروستکراوەدا هیچ پێکهاتە و نەتەوەیەک بە ئاسوودەیی ناژیت، بۆیە باشترین کار بۆ لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی عێراقە کە بە سێ بەش بکرێت**

دوای وەرگرتنی بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ سەربەخۆیی کوردستان، پرسی سەربەخۆیی کوردستان گەیشتە قۆناخێك، دەبووا هەنگاوی پراکتیکی و دووربینانەی بۆ هەڵبگیرێت، پرسەکە لەوە دەرچوو کە دوو بۆچوونی جیاواز لە ناو خەڵکی کوردستاندا لەسەر ئەو پرسە هەبێت، ئایا ئێمە دەمانەوێت سەربەخۆ بین، یان هەر بە

پاشکۆیەتی عێراقی بەزۆر دروستکراو بمێنینەوە؟ نەخێر، نەك هەر خۆمان، بەڵکو دەتوانین بڵێین تا ڕاددەیەك ڕای گشتیی جیهانیش لەوە دڵنیا بووەوە کە جارێکی دیکە کوردستان ناتوانێت وەك بەشێك لە عێراق بمێنێتەوە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کەوا کورد ماوەی ٨٠ ساڵ حوکمڕانیی عەرەبی سوننەی تاقی کردەوە، سەرەنجامەکەی ئەنفال و کیمیاباران و کاولکردنی کوردستان بوو، هەروەها ئەوە ماوەی نزیکەی ١٥ ساڵیشە (٢٠٠٣ – ٢٠١٧) کورد حوکمڕانیی عەرەبی شیعە تاقی دەکاتەوە، سەرەنجامی ئەمەشیان پەیڕەوکردنی سیاسەتی پەراوێزخستن و بێبەڵێنی و برسیکردنی خەڵکی کوردستان بوو، لە ڕێی بڕینی بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان و پەراوێزخستنی کورد لە پرۆسەی سیاسیی عێراق و، هەروەها پێشێلکردنی ئەو دەستوورەی کە لە ساڵی ٢٠٠٥ بۆ بنیاتنانەوەی عێراقێکی نوێ پەسەند کرابوو.

بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بڕیارێکی گونجاو بوو لە کاتێکی گونجاویشدا بوو، وەڵامێك بوو بۆ ئەو هەموو غەدر و زوڵمەی دەرهەق بە گەلی کوردستان و مێژووی خەبات و بەرخودانی ڕابردوو و ئێستای، بۆیە هەر کەس و هێز و لایەنێك ئەوجا لە ژێر کاریگەریی ئەجیندای دەرەکیدا بێت، یان بۆ هەر مەبەستێکی دیکە، دژی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان وەستابێتەوە، ئەوا مێژوو خاڵێکی ڕەشی لەسەر تۆمار دەکات و نەوەکانی ئایندەش لێی خۆش نابن، ئەو فرسەتەی ساڵی ٢٠١٧ بۆ کوردستان هاتە پێشەوە، دەبوا هەموومان سوودی لێ وەربگرین و لە دەستی نەدەین.

بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لە کاتێدا بوو کە پێشمەرگەی کوردستان تیرۆریستانی داعشی تێك شکاندبوو، زۆربەی زۆری ناوچە دابڕێندراوەکانی کوردستانی ئازاد کردبوو، پێشمەرگە لە کەرکووك و مەخموور و شنگاڵ و دەڤەرەکانی دیکەی کوردستان لە سەنگەردا بوو، هاوسۆزییەکی گەورەی نێودەوڵەتیمان لەگەڵدا بوو، بەڵام کێشەی سەرەکیمان نێوماڵی کوردستان بوو، کە نەمانتوانی لەم پرسە نیشتمانی و نەتەوەییەدا یەکڕیز و یەکدەنگ و یەك ئیرادە بین، ئەوەشیان پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە، نەك لایەنی دیکە، ئەمە پەیوەستە بە گەلی کوردستان، نەك وڵاتان و خەڵکانی دیکە.

ئەو هەلەی کەوا بۆ گەلی کوردستان ڕەخسا، هەلێکی مێژوویی بوو، دەبوا سوودی لێ وەربگرین و لەدەست خۆمانی نەدەین و، نەیکەینە قوربانیی بەرژەوەندییە حزبییەکان، لەم پێناوەدا دەبوا هەموو لایەکمان بەرژەوەندیی خۆمان لە بەرژەوەندیی گشتیدا ببینینەوە و، جلی تەنگی حزبایەتی فڕێ بدەین و، جلی کوردایەتی بپۆشین، ئەگەر هەموو لایەکمان سوودمان لەو دەرفەتە مێژووییە وەرگرتبایە و بە یەکەوە کارمان بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکردایە، ئەوا شانازییەکی مێژوویی مەزنمان بۆ گەلی کوردستان تۆمار دەکرد، ئەوانەی ئەوەشیان نەکرد، ئەوا مێژوو بەزەیی بە کەسدا نایەتەوە، بۆیە دەبوا بە ڕۆحییەتێکی نەتەوەیی و نیشتمانی کاربکەین و، گەلی کوردستان بگەیەنین بە کەنارێکی ئارام، بێگومان ئەو کەنارە ئارامەش تەنیا سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستانە.

بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستان، لە ڕووی سیاسییەوە کوردستان دەبووە هۆکاری چەسپاندنی ئارامی و ئاسایش لە ناوچەکەدا، لە ڕووی ئابوورییشەوە دەبووە شوێنێکی گرنگ، بە حوکمی ئەوەی خاوەن نەوت و کانزا و سەرچاوەی ئاویی زۆرە و، شوێنێکی گەشتیاریی گرنگە، لە ڕووی کشتوکاڵیشەوە دەوڵەمەندە، بۆیە کوردستان وەك دەوڵەتێك زوو دەیتوانی لەسەر پێی خۆی بوەستێت.

پرسی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بۆ سەرخۆبوونی کوردستان، بووە بابەتی گەرمی میدیا جیهانی و ناوچەیی و ناوخۆییەکان و، بووە جێی بایەخ و لێکۆڵینەوەی ناوەندە سیاسی و ئەکادیمییەکانی جیهان و، وای کرد کە دۆستمان زێدە بن و بە چاوی هیواوە لێمان بڕوانن، لەسەر سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بوو کەوا بە بایەخەوە لە و پشتیوانییە بڕوانین و بایەخی تەواوی پێ بدەین.

دەبوا لە ڕێی جوولەی دیپلۆماسییەوە ئەو باوەڕەمان بۆ هەموو لایەك دروست بکردایە کە دروستبوونی دەوڵەتی کوردستان دەبێتە مایەی چەسپاندنی ئاشتی بۆ هەموو لایەك و، بۆ سەر هیچ دەوڵەتێك هەڕەشە نییە، بەڵکو هۆکارێکە بۆ سەقامگیری و پاراستنی ئاسایشی

**بڕیاری ئەنجامدانی ڕیفراندۆم بڕیارێکی گونجاو بوو لە کاتێکی گونجاویشدا بوو، وەڵامێك بوو بۆ ئەو هەموو غەدر و زوڵمەی دەرهەق بە گەلی کوردستان و مێژووی خەبات و بەرخۆدانی ڕابردوو و ئێستای**

**هەر کەس و هێز و لایەنێك ئەوجا لە ژێر کاریگەریی ئەجیندای دەرەکیدا بێت، یان بۆ هەر مەبەستێکی دیکە، دژی ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان وەستابێتەوە، ئەوا مێژوو خاڵێکی ڕەشی لەسەر تۆمار دەکات**

**ئەگەر هەموو لایەکمان سوودمان لەو دەرفەتە مێژووییە وەرگرتبایە و بە یەکەوە کارمان بۆ سەربەخۆیی کوردستان بکردایە، ئەوا شانازییەکی مێژوویی مەزنمان بۆ گەلی کوردستان تۆمار دەکرد**

**ئەو کاراکتەرانەی لە لێژنەی باڵای ڕیفراندۆم دانرابوون، لەسەر بنەمای حزبی دانرابوون، نەك لەسەر بنەمای شارەزایی و لێهاتوویی و باوەڕبوون بە سەربەخۆیی کوردستان**

ناوچەکە، بە هۆی ئەوەی دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان هەموو کات دژایەتی تیرۆری کردووە و هۆکارێك بووە بۆ ئاشتی و پێکەوەژیانی سەرجەم نەتەوە و ئایینەکان و، پەیوەندیی باشی لەگەڵ دەوڵەتانی ناوچەکە هەبووە و، بەرژەوەندیی هاوبەشی ناوچەکەی پاراستووە، بۆیە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی و دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان، دەبێتە فاکتەرێکی سەرەکی بۆ دابینکردنی هێمنی و ئارامی بۆ ناوچەکە و جیهانیش، بێگومان ئەمەش خواستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە، بۆیە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان نابێتە هەڕەشە لەسەر هیچ لایەك، دەبووا ئەو باوەڕەمان لای زۆربەی لایەنە ناوچەیی و نێودەڵەتییەکان بچەسپاندایە، بەڵام کاری پێویست بۆ ئەوە ئەنجام نەدرا.

ئەو کاراکتەرانەی لە لێژنەی باڵای ڕیفراندۆم و ستراتیژی بوو کە لە مێژووی خەباتی گەلی کوردستاندا ئەنجام درابێت، کە گەلی کوردستان دەنگی بە سەربەخۆیی کوردستان دا و بۆ هەموو دنیای سەلماند کەوا بەڵێ سەربەخۆیی دەوێت.

ڕیفراندۆم وەکو پرۆسە سەرکەوتوو بوو، خەڵك بە شێوەیەکی هێمنانە لە پرۆسەیەکی دیموکراتیدا دەنگی بۆ سەربەخۆیی کوردستان دا، بەڵام پرۆسەکە ڕووبەڕووی خیانەتی ناوخۆیی و ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بووەوە، ئەوە وای کرد ئەو کێشانە دروست ببێت کە لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ ڕوویان دا، بێگومان ئەگەر خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەر نەبووایە، ئەوا ئێستا ئێمە خاوەن دەوڵەتی خۆمان بووین، بە هیچ شێوەیەك نەدەبووا لایەنێك لەگەڵ دوژمن ڕێك بکەوێت و خاکی کوردستانی پێشکەش بکات، دەبووا بەرگری لە خاکی کوردستان

**جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی لە ڕێی ئەنجامدانی ریفراندۆمەوە گەورەترین شانازیی مێژوویی بۆ خۆی و بۆ گەلی کوردستان تۆمارکرد، کە نەوە دوای نەوە شانازیی پێوە بکات**



دانرابوون، لەسەر بنەمای حزبی دانرابوون، نەك لەسەر بنەمای شارەزایی و لێهاتوویی و باوەڕبوون بە سەربەخۆیی کوردستان، هەر بۆیەشە دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر بە شێوازێکی دیکە لێدوانیان دا و، ئەو ڕاستییەیان سەلماند کە بەشێکیان ئەهلی ئەو کارە نەبوون، کارێکی وا گرنگی نەتەوەیی و نیشتمانی پێویستی بە کەسانی بوێر و خۆڕاگر هەبوو.

جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی لە ڕێی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەوە گەورەترین شانازیی مێژوویی بۆ خۆی و بۆ گەلی کوردستان تۆمارکرد، کە نەوە دوای نەوە شانازیی پێوە بکات، ڕیفراندۆم خاڵی وەچەرخان بوو لە مێژووی گەلی کوردستاندا و تاکە کارێکی باش و لە ئەنجامەکانی ڕیفراندۆم بکردایە، لەبەر ئەوەی ڕیفراندۆم هەنگاوێك بوو بۆ سەربەخۆیی کوردستان، کە خواستی لەمێژینەی گەلی کوردستان بووە.

پێویستە هەموو کوردێك شانازی بە ئەنجامەکانی ڕیفراندۆمەوە بکات و، بە ئەنجامدانی کارێکی نەتەوەیی مەزن سەیری بکات، خۆم وەك کەسێکی نەتەوەیی کە خەبات بۆ سەربەخۆیی کوردستان دەکەم، هەموو کات شانازی بە ڕیفراندۆمەوە دەکەم و وەکو خاڵێکی درەوشاوەی مێژووی گەلی کوردستان سەیری دەکەم و، وەکو کارەساتێکی نەتەوەیی و خیانەتیش بەرامبەر گەلی کوردستان سەیری ١٦ی ئۆکتۆبەر دەکەم.

**دوای ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر بە شێوازێکی دیکە لێدوانیان دا و، ئەو ڕاستییەیان سەلماند کە بەشێکیان ئەهلی ئەو کارە نەبوون، کارێکی وا گرنگی نەتەوەیی و نیشتمانی پێویستی بە کەسانی بوێر و خۆڕاگر هەبوو**



دیندار دۆسکی

شرۆڤەکار و سیاسەتمەدار بۆ گوڵان:

# خۆڕاگریی کابینەی نۆیەم لە بەردەم کێشە و تەحەددییە گەورەکاندا جێگەی تەقدیر و شانازییە

**کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەناو کۆمەڵێك قەیرانی ئابووری و کێشە و تەحەددای سیاسی پێکهات، هەر لەگەڵ دەستبەکاربوونییشی ڕوبەرووی چەندین ئاستەنگی گەورە بووەوە لەوانە: «تێکچوونی پرۆسەی سیاسی لە عێراق، بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و دابەزینی نرخی پەترۆڵ بۆ خوار سفر»، سەباری ئەمانەش ئاراستەی هەڕەشە و گوشارەکان تەنیا بە هێرشە تیرۆریستییەکانی گرووپە لە یاسا دەرچووەکان نەوەستا، بەڵکو گەیشتە ئەوەی لە دەوڵەتێکی دراوسێوە بە مووشەکی بالیستی هێرش بکرێتە سەر هەولێر و، بەم دواییەش پەنا برایە بەر دادگای بەناو فیدراڵی عێراق بۆ ئەوەی بە بڕیارێك یاسای نەوت و گازی کوردستان ڕەت بکاتەوە. بۆ قسەکردن لەسەر هەڵسەنگاندنی ئەدای کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوڵان ئەم وتووێژەی لەگەڵ دیندار دۆسکی ئەنجام دا کە جیا لەوەی کەسایەتییەکی سیاسیی بەئەزموونە لەسەر ئاستی عێراق و کوردستان، لە هەمانکاتدا ئەزموونێکی گەورەی لە پرۆسەی حوکمڕانی هەیە و پێشتر وەزیری کۆچ و کۆچبەرانی حکومەتی عێراق بووە، لەم دیدارەدا بەمجۆرە هەڵسەنگاندنی بۆ ئەدای کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد.**

*** سێ ساڵ تێدەپەڕێت بەسەر پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، چۆن ئەدای کابینەی نۆیەم لەم سێ ساڵەدا هەڵدەسەنگێنیت؟**

- پێش هەموو شتێك حکومەتی ئێمە حکومەتی دەوڵەتێکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو حکومەتێکی هەرێمین و لە ڕووی سیاسی و ئابووری و جڤاکی بە دەوڵەتی فیدراڵی عێراقەوە گرێ دراوین، هەر بۆیە ڕەفتار و باش و خراپی ئەو دەوڵەتە کاریگەری ئەرێنی و نەرێنی لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستانیش دەبێت. بەڵام ئەگەر بێینە سەر ئەدای کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بێگومان هیچ حکومەتێك لەم جیهانەدا نییە تێبینی لەسەر نەبێت، واتە ئەگەر حکومەت کامڵ بێت، ئەوە هیچ پێویستمان بە ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دەستاودەستکردنی دەسەڵاتیش نابێت، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش هەر لەو چوارچێوەیەدا هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێت و، کابینەی نۆیەم لەناو کۆمەڵێك گرفت و تەحەددیدا پێکهات کە گرنگە ئاماژەیان پێ بکەین:

١- بە هۆی ئەوەی لە ٢٠١٤وە حکومەتی عێراق بودجە و مووچەی هەرێمی کوردستانی بڕیبوو، کابینەی نۆیەم بووە وارسی قەرزێکی زۆر کە هەندێك جار باس دەکەن نزیکەی ٣٠ ملیۆن دۆلارە بووە.

٢- یەکەم کاری ئەم کابینەیە کە هەنگاوی بۆ هەڵگرت، ئەوە بوو کە بچێتە بەغدا و دەروازەیەك بۆ چارەسەری کێشەکانی هەرێم و بەغدا بدۆزێتەوە، بەڵام تەنیا سێ مانگ بەسەر تەمەنی کابینەکەدا تێنەپەڕی خۆپیشاندانەکانی تشرین لە ٢٠١٩ دەستی پێکرد و بارودۆخی سیاسیی بەغدا تێکچوو و حکومەتەکەی عادل عەبدولمەهەدی دەستی لەکار کێشایەوە.

٣- لەسەرەتای ساڵی ٢٠٢٠ کە دیسان ئەم کابینەیە شەش مانگی تەمەنی تێنەپەڕاندبوو، پەتای کۆرۆنا «کۆڤید ١٩» هەموو جیهانی گرتەوە و بەمەش ئابووریی جیهان بە ئابووریی کوردستانیشەوە تووشی دارِمانێکی گەورە هات، بەتایبەتی لەسەر داهاتی خاڵە سنوورییەکان کە سەرچاوەیەکی دیاری داهاتە بۆ حکومەت.

٤- هەر بە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا نرخی پەترۆڵ بۆ ئاستی خوار سفریش دابەزی لە کاتێکدا ئابووریی کوردستان و عێراقیش بە ڕێژەی نزیکەی ٩٠٪ لەسەر داهاتی فرۆشتنی نەوتە و ئەم سەرچاوەی داهاتەش بوونی نەما.

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەناو ئەم ئاستەنگ و کێشە و تەحەددییانە سێ ساڵی تەمەنی تێپەڕاند، هەر بۆیە کاتێك لەم چوارچێوەیەدا هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەین، دەبینین کە کابینەی نۆیەمی

**تێبینی و سەرنجمان لەسەر ئەو دابەشبوونەی پارتی و یەکێتی بە سەر دوو هاوپەیمانیی شیعەدا هەیە و، زۆر پێویست بوو کورد بە یەک لیست و یەک دەنگ بچوونایە بەغدا و دانوستاندنیان لەگەڵ هیز و لایەنەکانی بەغدا بکردایە، ئەو کات هەڵوێستی هەرێمی کوردستان بەهێزتر دەبوو**

**کابینەی نۆیەم لەو ماوەی سێ ساڵەدا توانیویەتی کار و پرۆژەی زۆر باش بۆ هەرێمی کوردستان بە گشتی جێبەجێ بکات، کە کاریگەریی ئەو کار و جددییەتەشی لەسەر باشبوونی بارودۆخی هەرێمی کوردستان و ڕەوشی خۆشگوزەرانیی هاووڵاتیان دیارە**

حکومەتەی هەرێمی کوردستان سەرەڕای ئەو گرفت و تەحەددییانە توانی لەسەر پێی خۆی بوەستێت و خۆی سەلماند و مایەوە و کاری باشی ئەنجام دا و توانی چارەسەری کێشە و تەحەددییەکان بکات، بەتایبەت دابینکردنی مووچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان و دابەشکردنی مووچەی مانگانە بەبێ لێبڕین و لە کات و ساتی خۆیدا، ئەمەش بەرەنجامی ئەو هەوڵانە بوو کە ئەم کابینە درێژەی بە دانوستاندنەکانی لەگەڵ بەغدا ئەنجام دا، لەو ڕەوشە سیاسییە ئاڵۆزەشی کە لە عێراقدا هەبوو، توانرا وەك سولفەیەك ئەو ٢٠٠ملیار دینارە دابین بکەن، کە ئەمەش دەستکەوتێکی کابینەی نۆیەم بوو، ئەگەرچی جار جار ئەو بڕە پارە کەمەش دەبڕن و نایینێرن بۆ هەرێمی کوردستان. هاوکات کابینەی نۆیەم لەو ماوەی سێ ساڵەدا توانیویەتی کار و پڕۆژەی زۆر باش بۆ هەرێمی کوردستان بە گشتی جێبەجێ بکات، کە کاریگەریی ئەو کار و جددییەتەشی لەسەر باشبوونی بارودۆخی هەرێمی کوردستان و ڕەوشی خۆشگوزەرانیی هاووڵاتیان دیارە. هەروەها لەو کابینەیەدا بە سەرۆکایەتیی بەڕێز مسرور بارزانی چەندین کێشەش لە هەرێم هەبوون کە توانرا چارەسەر بکرێن.

*** لەدوای خۆپیشاندانەکانی تشرینی ٢٠١٩، هەموو هەوڵەکانی لایەنە سیاسییەکانی عێراق و بەشێك لە لایەنە کوردستانییەکان بەو ئاراستەیە بووە کە کابینەی نۆیەم شکست بهێنێت و قەوارەی هەرێمی کوردستان بوونی نەمێنێت و، تەنانەت لە ساڵی ٢٠٢٠ کە باری ئابووری زۆر خراپ بوو، حکومەتی عێراق پەنای بۆ قەرز برد، بۆ ئەوەی مووچەی فەرمانبەران بدات، بەڵام هەرێمی کوردستانیان لێ بێبەش کرد، وێڕای ئەم هەموو گوشارە حکومەتی هەرێمی کوردستان توانی ڕێگەیەکی دیکە بۆ پێدانی مووچەی فەرمانبەران بدۆزێتەوە و قەوارەی هەرێمی کوردستانی پاراست، ئایا ئەم ئیرادەیە چۆن دەبینی؟**

- هەڵوێستی لایەنە سیاسییە عێراقیەکان، بەتایبەتی «بەشێکی زۆری لایەنە سیاسییەکانی شیعە» وا بووە کە نەك پابەند نابن بە دەستورەوە، بەڵکو دژایەتیی هەرێمی کوردستان دەکەن و بێبەشکردنی هەرێمی کوردستان لەو قەرزەی پەرلەمان بە یاسا مۆڵەتی بە حکومەتی بەغدا دا بۆ ئەوەی قەرز بکات، ئەوەش یەکێك بوو لە هەوڵەکانیان و وەك جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی چەندین جار ئاماژەی پێ کردووە، ئێمە وەك هەرێمی کوردستان کێشەی سەرەکیمان لەگەڵ ئەو ئەقڵە سیاسییە هەیە کە لە بەغدا حوکمڕانی پێ دەکرێت، هاوکاتی ئەم گوشارە گەورانەی لە بەغداوە دەخرانە سەر هەرێم، بەداخەوە لەناوخۆی هەرێمی کوردستانیشدا چەندین لایەنی سیاسی کە بە خۆیان دەڵێن «ئۆپۆزسیون» زیاتر گوشاری ناخۆییشیان بۆ ئەم کابینە دروست کرد و هەوڵەکانیان بەو ئاراستەیە بووە نەك تەنیا ئەم کابینەیە شکست بهێنێت، بەڵکو قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستانیش هەڵبوەشێتەوە، بەڵام وەك ئێستا دەبینین لەلایەن کابینەی نۆیەم ئەو خەوانە بەتاڵ کرایەوە و توانی بەسەر ئەو تەحەددییانەدا زاڵ بێت و قەوارەی هەرێمی کوردستان بپارێزێت کە ئەمەش دەستکەوت و سەرکەوتنێکی گەورەی کابینەی نۆیەمە.

*** لەماوەی سێ ساڵی کابینەی نۆیەمدا، هەست دەکرێت هەنگاو بۆ دروستکردنی ژێرخانێکی پتەو بۆ کوردستان دەستی پێکردووە، هەر بۆ نموونە بە دەیان سایلۆ بۆ کڕینەوەی گەنمی جووتیاران و دەیان کارگە بۆ پیشەسازیی خۆراك دامەزراون، هەروەها بڕیارە دەیان بەنداو لە کوردستان دروست بکرێت، ئایا ئەم وەرچەرخانە لە ئاراستەی حوکمڕانی لە بەکارهێنەرەوە بۆ بەرهەمهێنەر چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- زۆر پێویستمان بەوە بوو کە حکومەتی هەرێمی کوردستان جیا لە «یاسای چاکسازی» بیری لەوە کردەوە و بەرنامەیەکی تۆکمەی داڕشت بۆ ئەوەی ستراتیژیەتی فرەچەشنکردنی سەرچاوەی داهات لە کوردستان پەیدا بکات و ژێرخانێکی پتەوی ئابووریی کوردستان و پرۆسەی پەرەپێدان دروست بکات، بە تایبەتی کابینەی نۆیەم خۆی لەناو قەرز و قەیرانی ئابووری پێکهات و لەلایەکی دیکەشەوە ئەو داهاتەی لە کوردستان پەیدا دەبێت، وەك پێویست هەر هەمووی نایێتەوە لای حکومەت،

**کابینەی نۆیەم خۆی لەناو قەرز و قەیرانی ئابووری پێکهات و لەلایەکی دیکەشەوە ئەو داهاتەی لە کوردستان پەیدا دەبێت، وەک پێویست هەر هەمووی نایێتەوە لای حکومەت، بە تایبەتی داهاتی خاڵ و دەروازە سنوورییەکان**

**بۆ دابینکردنی ئاسایشی ئاو و بەرەنگاربوونەوەی وشکەساڵی چەندین بەنداو دروست کراون و پلان ئامادە کراوە بۆ ئەوەی بە دەیان بەنداوی دیکەش لە کوردستان دەست بە دروستکردنیان بکرێت**

**کابینەی نۆیەم لە پرۆسەی چاکسازی هەنگاوی باشی ناوە و بە شێوەیەکی زۆر باش خەرجییەکانی کەم کردووەتەوە و داهات زیادی کردووە و چاکسازی لە هەیکەلەی دامەزراوەیی حکومەت کردووە و دۆسیێی فەرمانبەرانی ڕێک خستووەتەوە و بەمەش مانگانە چەندین ملیار دیناری بۆ حکومەت گێڕاوەتەوە**

**ئێمە وەک کورد و تەواوی پێکهاتەکانی گەلی کوردستان خەون و ئومێدمان ئەوەیە دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێت و هەموومان بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە لەم نیشتمانە بە ئاشتی و تەبایی و خۆشگوزەرانی بژین**

بەتایبەتی داهاتی خاڵ و دەروازە سنوورییەکان، بۆیە بیرکردنەوە لەم ستراتیژە کارێکی زۆر لۆژیکانە بوو، بەرەنجامەکەشی لەماوەیەکی کورتدا ڕەنگدانەوەی هەبووە. بێگومان کابینەی نۆیەم کاری زۆر جددی کردووە بۆ ئەوەی لە قۆناغی بەکارهێنەرەوە بەرەو قۆناغی بەرهەمهێنان بچینە پێشەوە، واتە سەرەڕای کەمیی داهات لەبەر دەستی حکومەت، کاری زۆر باش لە سێکتەرە جیاوازەکان ئەنجام دراون. هەر بۆ نموونە لە کەرتی ڕێگاوبان کاری زۆر باش لە هەموو شارەکانی کوردستان ئەنجام دراون، چەندین ڕێگاوبان و ئۆڤەرپاس و ئەندەرپاسی ستراتیژی جێبەجێ کراون، لەبواری کارەبا چەندین وێستگەی بەرهەمێنان و دابەشکردن کارەبا تەواو کراون، بۆ دابینکردن و دروستکردنی ژێرخانی ئاسایشی خۆراك و چەندین پرۆژەی سایلۆ و کارگەی دانەوێلە دروست کراون و ئەمساڵ حکومەتی هەرێم خۆی گەنمی جووتیارانی هەرێمی کڕیوەتەوە، ئەمەش ڕەهەند و مەغزایەکی سیاسیی گەورەی هەیە، بۆ دابینکردنی ئاسایشی ئاو و بەرەنگاربوونەوەی وشکەساڵی چەندین بەنداو دروست کراون و پلان ئامادە کراوە بۆ ئەوەی بە دەیان بەنداوی دیکەش لە کوردستان دەست بە دروستکردنیان بکرێت، هاوکات کابینەی نۆیەم لە پرۆسەی چاکسازی هەنگاوی باشی ناوە و بە شێوەیەکی زۆر باش خەرجییەکانی کەم کردووەتەوە و داهات زیادی کردووە و چاکسازی لە هەیکەلەی دامەزراوەیی حکومەت کردووە و دۆسیێی فەرمانبەرانی ڕێك خستووەتەوە و بەمەش مانگانە چەندین ملیار دیناری بۆ حکومەت گێڕاوەتەوە، هەر بۆیە هەموو ئەو کار و پڕۆژانەی لە ماوەی ئەو سێ ساڵەی کابینەی نۆیەمدا کراون، بەرچاون و کار و پرۆژەی کاریگەرن لە پێشخستن و گەشەکردنی هەرێمی کوردستان و دەستەبەرکردنی خۆشگوزەرانی بۆ هاووڵاتیان و گەشەکردنی ئابووری.

*** کارتێکی دیکەی حکومەتی عێراق لە ڕێگەی بەناو «دادگای فیدڕاڵی»یەوە، ئەوە بوو کە یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستانی ڕەت کردەوە، دیارە ئەمەش بۆ ئەوە بوو کە هەرێمی کوردستان نەبێت و تەسلیمی بەغدا بێت، بەڵام سەرۆکی حکومەت زۆر لۆژیکانە مامەڵەی لەگەڵ ئەم بڕیارە کرد و نەیهێشت دۆسیێی نەوت و گاز تەسلیمی بەغدا بکرێت، ئایا لەسەر ئەم پێداگرتنە لەسەر سەروەریی و مافەکانی گەلی کوردستان تەفسیری ئێوە چییە؟**

- ئێمە وەك کورد و تەواوی پێکهاتەکانی گەلی کوردستان خەون و ئومێدمان ئەوەیە دەوڵەتی کوردستان دابمەزرێت و هەموومان بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە لەم نیشتمانە بە ئاشتی و تەبایی و خۆشگوزەرانی بژین، ئەم خەون و ئومێدەش پێویستی بەوە هەیە کە دەبێت پێش ئەوەی بیر لە ڕەهەندی سیاسیی دەوڵەت بکرێتەوە، گرنگە ژێرخانێکی پتەو بۆ ئابووریی ئەو دەوڵەتە دابمەزرێت، بۆ ئەوەی ئەو قەوارەیە بتوانێت لەسەر پێی خۆی ڕابوەستێت، بە تایبەتی کە دەوڵەتی عێراق لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە تا ئێستاش کەوتووەتە ناو گێژاوێکی فەوزای سیاسی کە زۆر چاودێری سیاسی مەزندەی ئەوە دەکەن دابەشبوونی ئەو وڵاتە بووەتە شتێکی حەتمی و لەمەش زیاتر پێشبینی ئەوەش دەکەن کە عێراق وەك دەوڵەت بوونیشی نەبێت، لەبەر ئەم واقیعە سیاسییە کە بوونی هەیە، بیرکردنەوە لە پرۆسەی وەبەرهێنان لە کەرتی «نەوت و گاز» لە چوارچێوەی دەستووری عێراق لە هەرێمی کوردستاندا، بیرکردنەوەیەکی ستراتیژی بووە بۆ زامنکردنی خۆبژێویی گەلی کوردستان لەسەر خاکەکەی خۆی، هەر بۆیە لەژێر هیچ گوشار و سەپاندنێکدا و ئاکامەکەشی هەر چییەك بێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستبەرداری مافە دەستوورییەکانی خۆی نابێت و پرۆسەی وەبەرهێنان لە کەرتی «نەوت و گاز» تەسلیمی بەغدا ناکات، لەبەر ئەوەی دەستووری عێراق ئەو مافەی بە حکومەتی هەرێمی کوردستان داوە کە یاسای و نەوت و گازی تایبەت بە خۆی هەبێت و هەروەها ڕێگەی پێ داوە وەبەرهێنان لەو کەرتە گرنگە بکات و هەناردەی دەرەوەشی بکات، هەر بۆیە ئەو بڕیارەی دادگای بەناو فیدڕاڵیی عێراق کە دراوە بۆ ڕەتکردنەوەی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، بڕیارێکە بە پاڵنەری سیاسی بۆ

**بیرکردنەوە لە پرۆسەی وەبەرهێنان لە کەرتی «نەوت و گاز» لە چوارچێوەی دەستووری عێراق لە هەرێمی کوردستاندا، بیرکردنەوەیەکی ستراتیژی بووە بۆ زامنکردنی خۆبژێویی گەلی کوردستان لەسەر خاکەکەی خۆی**

**لەژێر هیچ گوشار و سەپاندنێکدا و ئاکامەکەشی هەر چییەک بێت، حکومەتی هەرێمی کوردستان دەستبەرداری مافە دەستوورییەکانی خۆی نابێت و پرۆسەی وەبەرهێنان لە کەرتی «نەوت و گاز» تەسلیمی بەغدا ناکات**

**ئەو بڕیارەی دادگای بەناو فیدڕاڵیی عێراق کە دراوە بۆ ڕەتکردنەوەی یاسای نەوت و گازی هەرێمی کوردستان، بڕیارێکە بە پاڵنەری سیاسی بۆ دژایەتیی قەوارەی هەرێمی کوردستان دراوە، نەک بڕیارێکی یاسایی و دەستووری بێت**

**ئاشکرا بوو کە لایەنە سیاسییەکان لە پشت ئەو گرووپ و تاقمەوە بوون کە بۆ گوشار دروستکردن لەسەر سەرۆک بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بە مووشەک و ڕۆکێتی باڵیستی هێرشیان کردە سەر هەولێر**

دژایەتیی قەوارەی هەرێمی کوردستان دراوە، نەك بریارێکی یاسایی و دەستووری بێت، لەمەش زیاتر ئەو فشارانە دەستی وڵاتانی دراوسێشی لە پشتە و پەیوەستە بە پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت لە عێراقدا کە لە ماوەی ئەم نۆ مانگەی دوای هەڵبژاردن نەیانتوانیوە حکومەت پێکبهێنن و هەموو هەوڵێکیان خستە گەڕ بۆ ئەوەی هاوپەیمانیی سێ قوڵی «تەیار و سیادە و پارتی» نەتوانن حکومەت پێکبهێنن، لە ڕاستیدا هەوڵەکانیان تا ڕاددەیەك سەری گرت، پاش ئەوەی کوتلەی تەیاری سەدری لە پەرلەمان کشایەوە، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە کابینەی نۆیەم بەتایبەتی بەڕێز کاك مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت بە ژیرانە بیری لەو فشارە یاساییە سیاسییانە کردووەتەوە و زۆر بە حەکیمانە و بە بوێری و ئازایانە توانی مامەڵە لەگەڵ ئەو هەموو فشارانە بکات و دەروازەیەك بکاتەوە بۆ ئەوەی کێشەکە بەرەو چارەسەرکردن بچێت، نەك زیاتر هەڵبکشێت بۆ ئاڵۆزی و شەڕ و پێکدادان.

*** لە ماوەی ئەم سێ ساڵەی کابینەی نۆیەمدا، زیاتر لە دەیان جار بە مووشەك و درۆن هێرش کراوەتە سەر هەرێمی کوردستان و تەنانەت بە ڕۆکێتی بالیستیش هێرش کرایە سەر هەولێر، بەڵام ئەوەی بینیمان حکومەتی هەرێمی کوردستان نەیهێشت ئارامی و سەقامگیریی کوردستان تێکبچێت، یان باری ئابووری دابڕمێت، وەك کەسێك کە ئەزموونت لە حوکمڕانی هەیە، ئەم خۆڕاگرییەی کابینەی نۆیەم چۆن دەخوێنیتەوە؟**

- ئەو خۆڕاگرییەی کابینەی نۆیەم بەرامبەر ئەو مووشەك و درۆن و هێرشانەی کراوەتە سەر هەرێمی کوردستان و پاراستنی ئاسایش و ئارامیی کوردستان جێگای ڕێز و تەقدیرە بۆ کابینەی نۆیەم کە بە بوێری و خۆڕاگری توانیویەتی مەرامی ئەو دوژمن و ناحەزانەی کوردستان پووچەڵ بکاتەوە. من وەك شرۆڤکارێکی سیاسی پێموایە ئەو دابەشبوونەی پارتی و یەکێتی بە سەر دوو هاوپەیمانیی شیعەدا، تێبینی و سەرنجمان لەسەریان هەیە و زۆر پێویست بوو کورد بە یەك لیست و یەك دەنگ بچوونایە بەغدا و دانوستاندنیان لەگەڵ هیز و لایەنەکانی بەغدا بکردایە، ئەو کات هەڵوێستی هەرێمی کوردستان بەهێزتر دەبوو، نەشیاندەتوانی بەو شێوازە مامەڵە لەگەڵ هەرێمی کوردستان بکەن، بەتایبەتیش ئاشکرا بوو کە لایەنە سیاسییەکان لە پشت ئەو گرووپ و تاقمەوە بوون کە بۆ گوشار دروستکردن لەسەر سەرۆك بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بە مووشەك و ڕۆکێتی باڵیستی هێرشیان کردە سەر هەولێر، ئەمە لە کاتێکدایە مووشەکی بالیستی لەلایەن دەوڵەتێکی ترەوە بۆ هەرێمی کوردستان کە هەتا ئێستاش بەشێکە لە عێراق، ئەوە تەنیا پێشێلکردنی سەروەریی عێراق نییە وەك دەوڵەت، بەڵکو ئەوە ڕاگەیاندنی شەڕە دژی ئەو دەوڵەتە، بۆیە لە کاتێکی وادا شەقامی سیاسیی کوردستان دژی ئەم دەستدرێژییانە یەکڕیز و یەکدەنگ نەبێت، ئەمە لەوانەیە کارەساتی زیاتری بەدوادا بێت. بەڵام هەڵوێستی هەرێمی کوردستان بەتایبەت هەڵوێستی پارتی دیموکراتی کوردستان و کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبەرامبەر ئەو پەلامار و هەڕەشەو فشارانە خۆڕاگربوون و شایانی ئەوەیە کە مرۆڤ پێی سەربڵند بێت.

*** پرسی پێکەوە ژیانی نێوان پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکانی کوردستان لەم کابینەیەدا ئەم گیانە زیاتر قووڵتر بووەتەوە و هاتنی پاپای ڤاتیکانیش ڕووداوێکی دیکەی ماوەی ئەم سێ ساڵە بوو. ئایا تاچەند لە ئەدای کابینەی نۆیەم بۆ قووڵکردنەوەی گیانی لێبووردەیی و پێکەوە ژیان ڕازیت؟**

- سەبارەت بە پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نێوان ئایینە جیاوازەکان لە کوردستان جەخت لەوە دەکەمەوە کە من وەك موسڵمانێك نابینم کێشەیەك هەبێت لە نێوان کریستیانێك، یان ئێزیدییەك لەگەڵ کوردێکی موسڵمان. واتە ئەو پێکەوە ژیان و لێبووردەییەی لە کوردستان هەیە، بۆ هەموومان جێگای شانازییە و کوردستان بووەتە شوێنی هەموو ئەو لایەن و کەسانەی لە شوێن و شارەکانی دیکەی عێراق ڕادەکەن و دێن لە کوردستان دەژین و دەحەوێنەوە، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو مامەڵە و بەدەنگەوەهاتنی حکومەتی کوردستان بۆ ئەو

**بەڕێز کاک مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەت بە ژیرانە بیری لەو فشارە یاساییە سیاسییانە کردووەتەوە و زۆر بە حەکیمانە و بە بوێری و ئازایانە توانی مامەڵە لەگەڵ ئەو هەموو فشارانە بکات و دەروازەیەک بکاتەوە بۆ ئەوەی کێشەکە بەرەو چارەسەرکردن بچێت، نەک زیاتر هەڵبکشێت**

**بۆ هەموومان جێگای شانازییە و کوردستان بووەتە شوێنی هەموو ئەو لایەن و کەسانەی لە شوێن و شارەکانی دیکەی عێراق ڕادەکەن و دێن لە کوردستان دەژین و دەحەوێنەوە**

**هاتنی پاپای ڤاتیکان بۆ هەرێمی کوردستان و ئەو پێشوازییە گەورەو گەرمەی لێی کرا، دەستکەوتێکی مەزنە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە پاپا پێگەیەکی گەورەی ئایینی برا کریستیانەکانە و کاریگەریی خۆی لەسەر هەموو دنیا هەیە**



کەسانە کە وای کردووە پێکەوە ژیان بەهێز بێت و خەڵك زۆر بە ئاسوودەیی و متمانەوە لەگەڵ یەکتر بژین. کوردستان ئێستا بووەتە لانکە و شوێنێك بۆ هەموو ئایین و ئایینزاکان کە بەبێ کێشە لەگەڵ یەکتر دەژین و گیانی لێبووردەیی تێدا تا ئەو پەڕی ئازادی بەرجەستە بووە و هەموو ئەوانەی لە کوردستان دەژین، بەوانەی لە دەرەوەی کوردستانیشەوە هاتوون، ئازادن کە مومارەسەی ئایین و کەلتوور و ژیانی خۆیان بکەن و ڕێزگرتن لە ئایین و ئایینزا جیاوازەکان لە هەرێمی کوردستان زۆر پێشکەوتووە و هاتنی پاپای ڤاتیکان بۆ هەرێمی کوردستان و ئەو پێشوازییە گەورەو گەرمەی لێی کرا، دەستکەوتێکی مەزنە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان، چونکە پاپا پێگەیەکی گەورەی ئایینی برا کریستیانەکانە و کاریگەریی خۆی لەسەر هەموو دنیا هەیە و، ئەوانیش وەك پاپا هەڵوێستێکی ڕوون و ئاشکرایان هەبوو کە کوردستان شوێن و لانکەی پێکەوە ژیان و لێبووردەیی و ئاشتییە و پێویستە ئەو سەردانەی پاپامان لەبیر نەچێت و بە هەڵوێستێکی گرنگ و گەورە لە هزر و بیرمان بمێنێتەوە کە ئەمە دەستکەوتە بۆ هەرێم و حکومەتی کوردستان.

## قوباد تاڵەبانی

جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

# حکومەتی هەرێم لەسەر چاکسازییەکانی بەردەوام دەبێت

**بە بۆنەی تێپەڕبوونی سێ ساڵ بە سەر کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، قوباد تاڵەبانی جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتارێکی پێشکەش کرد، ئەمەش دەقی وتەکانیەتی:**

**تاکو ئێستا زیاتر لە ٤٩٠ خزمەتگوزاریی تاک و تایبەت لە نێوان حکومەت و هاووڵاتیدا هەیە**

**ناهاوسەنگییەک هەیە لە نێوان ئەو ئیمتیازانەدا کە لە کەرتی حکومەت و کەرتی تایبەتدا هەن، بۆیە بە پەسەندکردنی یاسای کار، ئێمە بەشێک لەو ناهاوسەنگییەمان ڕێکخستووەتەوە**

بنەمای کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، خزمەتکردن و چاکسازییە. لەو چوارچێوەیەدا بەندە و نووسینگەکەم، دەستمان بۆ چەند مەلەفێك بردووە کە خزمەت بەو ئامانجە دەگەیەنێت.

بەردەوام بووین لە جێبەجێکردنی پرۆگرامی بایۆمەتری کە لەم کابینەیەدا بە خۆشحاڵییەوە قۆناغی دووەمی بایۆمەتریمان دەستپێکرد. قۆناغی دووەمی بایۆمەتری بریتییە لە ڕێکخستنەوەی میلاکاتی هەموو حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەو چوارچێوەیەدا بۆ هەر مووچەخۆرێکی هەرێمی کوردستان ژمارەی کەسی بێهاوتامان پێشکەش کرد. ئەو ژمارەیە دەبێتە دەستپێك بۆ حکومەتێکی ئەلیکترۆنی، کە سبەینێ هەر مووچەخۆرێك بتوانێت لە ڕێگەی ئەو ژمارەیەوە چەندین خزمەتگوزاری پێ بگات.

ئێمە کە بەرەو حکومەتێکی دیجیتاڵی دەڕۆین، ئەو خزمەتگوزارییانەی کە پێشکەشی هاووڵاتییانی دەکەین، باشتر و خێراتر و شەفافتر دەبن. لەو پێناوەشدا بەرنامەی خزمەت کە بەرنامەیەکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، لەم کابینەیەدا پەرەی پێ درا. بەرنامەی خزمەت پێکهاتووە لە پێداچوونەوە بە هەموو ئەو خزمەتگوزارییانەی کە حکومەت پێشکەشی هاووڵاتیانی دەکات، کە تاکو ئێستا زیاتر لە ٤٩٠ خزمەتگوزاریی تاك و تایبەت لە نێوان حکومەت و هاووڵاتیدا هەیە. داوامان لە هەموو وەزارەتەکان کردووە پێداچوونەوە بە هەموو ئەو خزمەتگوزارییانە بکەن، تاکو ئەو خزمەتگوزارییانە خێراتر و شەفافتر و باشتر بە هاووڵاتیان بگەیەندرێت. ئەم خزمەتگوزارییانە کە لە لە پۆرتاڵی خزمەت کۆکراونەتەوە، هەموو یەکسان کراون، تاکو خزمەتێك لە دهۆك بە هەمان شێوەی سلێمانی پێشکەش بکرێت. ئەمڕۆ ئەو پۆرتاڵە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی لە ئینتەرنێتدا، لەژێر ناونیشانی خۆیدا بەردەستە. ئەم بەرنامەیە دەبێتە دەستپێکێك بۆ حکومەتێکی ئەلیکترۆنی و گەیاندنی هەندێك خزمەتگوزاری لە ڕێگەی ئەلیکترۆنییەوە، کە ڕۆتین کەم دەکاتەوە و شەفافییەت زیاد دەکات.

هەر لە چوارچێوەی پرۆگرامی خزمەت، پێداچوونەوەیەکی سەرتاسەریمان بە شێوازی تۆماری کۆمپانیا لە هەرێمی کوردستاندا کردووە. پێشتر پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆز و دەستی هەبووە کە ئێستا بە دیجیتاڵکردنی ئەم پرۆسەیە توانیومانە تۆماری کۆمپانیا بە خێرایی بگەیەندرێت، ئەمەش نەك تەنیا ڕۆتین کەم دەکاتەوە، هەنگاوێکی گرنگیشە بۆ بەهێزکردنی ئابووریی هەرێمی کوردستان.



ئەمانە بەشێکن لەو چاکسازییانە، بەڵام کۆتاییان نایەت. بە هاوکاریی چەند وەزارەتێکی دیکە چاکسازیی تریشمان ئەنجام داوە، کە خزمەتێکی باشتر دەگەیەنن بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان.

هەموومان دەزانین کە ناهاوسەنگییەك هەیە لە نێوان ئەو ئیمتیازانەدا کە لە کەرتی حکومەت و کەرتی تایبەتدا هەن، بۆیە بە پەسەندکردنی یاسای کار، ئێمە بەشێك لەو ناهاوسەنگییەمان ڕێکخستووەتەوە. ئەمڕۆ لەژێر چەتری یاسای کاری نوێی هەرێمی کوردستان، ئیمتیازێکی زیاتر دەدرێت بەو کارمەندانەی کە لە کەرتی تایبەت ئیش دەکەن و لە هەمان کاتیشدا مافیان پارێزراوە.

لە پاڵ یاسای کار، ئیشمان بۆ پەسەندکردنی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی و خانەنشینی کردووە. ئەمەش لە هەمان کاتدا پاراستنێك دەبێت بۆ ئەو کارمەندانەی کە لە کەرتی تایبەت ئیش دەکەن و بۆ ئەو کەسانەشی کە لە خوار ڕێژەی هەژاریدان.

بە داخەوە لە هەرێمی کوردستان بینیومانە ڕێژەکانی توندوتیژی بەرانبەر بە ژنان زیادیان کردووە، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو دیاردەیە، حکومەتی هەرێمی کوردستان گرنگییەکی زیاتری بە ڕێوشوێنەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژیی دژی ژنان و خێزان داوە.

هەمواری یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیمان پەسەند کردووە. گرنگییەکی زیاتر و هێزێکی زیاترمان بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزان و ژنان داوە. پشتیوانیی زیاتری هێزە ئەمنییەکان و دادگاکانمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی زیادبوونی دیاردەی توندوتیژی دژی خێزان کردووە. ئێمە ڕاستە حکومەتێکی تۆکمەمان پێویستە، حکومەتێکمان پێویستە کە ڕێنماییەکانی ئاسان بن و جێبەجێ بکرێن و کارا بین و کاریگەر بین، بەڵام ئێمە هەموومان دەمانەوێت لە کوردستانێکدا بژین کە شانازی پێوە بکەین. بۆیە پاراستنی یەکسانیی نێوان ژنان و پیاوان لە هەرێمی کوردستان، یەکێکە لە ئەولەوییەتەکان و هەموومان کاری لە پێناودا دەکەین.

بۆیە دوای سێ ساڵ کارکردن لە کابینەی نۆیەم، دەتوانم بڵێم کە ئەنجامی باشمان بووە، لە پێناو خزمەتکردن و لە پێناو چاکسازی. بەڵام زۆر کاریش ماوە کە بکرێت. لەبەر ئەوە ئێمە لەو ساڵەی کە ماومانە، هەموو هەوڵێکی خۆمان بۆ تەواوکردنی ئەو چاکسازییانە و دەستپێکردنی چاکسازی دیکە تەرخان دەکەین، کە بتوانین پێکەوە باشتر خزمەت بە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان بکەین و حکومەتەکەمان کاراتر و باشتر بکەین.

**لە پاڵ یاساى کار، ئیشمان بۆ پەسەندکردنی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی و خانەنشینی کردووە. ئەمەش لە هەمان کاتدا پاراستنێک دەبێت بۆ ئەو کارمەندانەی کە لە کەرتی تایبەت ئیش دەکەن**

**هەمواری یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیمان پەسەند کردووە. گرنگییەکی زیاتر و هێزێکی زیاترمان بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژیی خێزان و ژنان داوە**

## ڕێبەر ئەحمەد

وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

# ماف و شایستە داراییەکانی خانەنشینانی ناوخۆ بە پڕۆژە یاسایەک دەدرێتە پەرلەمان

**بە بۆنەی تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتارێکی پێشکەش کرد، ئەمەش دەقی وتەکانیەتی:**

ئەرکی سەرەکیی گشتیی وەزارەتی ناوخۆ، بریتییە لە جێبەجێکردنی سیاسەتی گشتیی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پاریزگاریکردن لە سەر و سامانی هاووڵاتییان و جێبەجێکردنی یاسا و چەسپاندنی سەقامگیری و ئاسایشی ناوخۆی هەرێم.

لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە تەممووزی ٢٠١٩ـەوە وەزارەتی ناوخۆ لە چوارچێوەی کارنامەی کابینەی نۆیەم و لەسەر فەرمان و ڕاسپاردەکانی بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە ئاستی کارگێڕی و یاسایی و دارایی ئەم هەنگاوی خوارەوەی هاویشتووە.

ڕێکخستنەوەی دەوامی فەرمی فەرمانبەران، ڕێزگرتن لە هاووڵاتییان بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری بە شێوەیەکی ڕێکوپێك و نەهێشتنی نۆرە و قەرەباڵغی و جێبەجێکردن و سیستمی نۆرەی ئەلیکترۆنی و دابینکردنی شوێنی دانیشتن و گۆڕینی ئاراستەی کارمەند و ئەفسەران لە شێوازی ڕەفتار و هەڵسوکەوت لەگەڵ هاووڵاتیان.

کاراکردنی سیستمی سکاڵای ئۆنلاین و چارەسەرکردنی کێشە و گرفتەکانی هاووڵاتیان، کە تا ئێستا هەزار و ٥٧٢ سکاڵای وەرگیراوە و چارەسەرکردنی بەشێکی هەرە زۆریان. کاراکردنی هێڵی گەرمی ٤١٤ و پێداچوونەوە بە میلاك و نەهێشتنی دیاردەی دەوام نەکردن. بۆ چەسپاندنی لامەرکەزیەتی ئیداریی پارێزگاکان کە گونجاو بێت لەگەڵ سیستمی یاسایی و کارگێڕیی هەرێمی کوردستان، دەسەڵاتەکان گواستراونەتەوە بۆ پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان.

لە هەمان کاتدا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و ئەکادیمیی ئەفسەران و دانانی مەرجی هەبوونی توێژینەوەی زانستی بۆ بەرزکردنەوەی پلە، کاریگەریی خۆی هەبووە.

جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی و هێنانەکایەی یەکەی پاسەوانی و تێپەڕاندنی پەیڕەوی پاسەوانی، پەیڕەوکردنی سیستمی پاداشت و سزا بە سەر ئەفسەر و کارمەند و فەرمانبەران.

پەیمانگەی پەرەپێدانی ئەمنی و کارگێڕی و تەکنەلۆژیای زانیاری لە وەزارەتی ناوخۆ، چەندین خولی ئەنجام داوە بۆ پەرەپێدانی توانای ئەفسەر و کارمەندی وەزارەت.

لە هەمان کاتدا دەرچوواندنی یاسای کۆمپانیا ئەمنییەکان لە کوردستان بۆ یەکەمجار و یاسای نوێی چەك ژمارە ٢ی ساڵی٢٠٢٢، بە یەکێك لە دەستکەوتەکان هەرە سەرەکییەکان دادەنرێت.

چارەسەرکردنی کێشەی تۆماری لاوەکیی

**دەرچوواندنی یاسای کۆمپانیا ئەمنییەکان لە کوردستان بۆ یەکەمجار و یاسای نوێی چەک ژمارە ٢ی ساڵی٢٠٢٢، بە یەکێک لە دەستکەوتەکان هەرە سەرەکییەکان دادەنرێت**

**پێداچوونەوە بە دیزاین و کوالێتی تابلۆکانی ئۆتۆمبێل بە هەموو جۆرەکانی و گونجاندنی لەگەڵ سیستمی تابلۆی نێودەوڵەتی و زیادکردنی زمانی کوردی بۆ مۆڵەتی شوفێری و ساڵیانەی ئۆتۆمبێل**



هاووڵاتییان کە ماوەیەك بوو بە دەستیەوە دەیانناڵاند، بەفەرمیکردنی ڤیزای هەرێم، زیادکردنی شەش نووسینگەی تری پاسپۆرت لە قەزاکانی (سۆران، ئاکرێ، زاخۆ، کۆیە، چەمچەماڵ و ئامێدی) کە بە جۆرێك وەرگرتنی پاسپۆرت بە کاتێکی کورت و پێوانەیی.

پێداچوونەوە بە دیزاین و کوالێتی تابلۆکانی ئۆتۆمبێل بە هەموو جۆرەکانی و گونجاندنی لەگەڵ سیستمی تابلۆی نێودەوڵەتی و زیادکردنی زمانی کوردی بۆ مۆڵەتی شوفێری وساڵیانەی ئۆتۆمبێل.

لە هەمان کاتدا دامەزراندنی ژووری ئۆپەراسیۆن، بۆ دەستگیرکردنی تاوانباران بە شێوازێکی ئەلیکترۆنی و بۆ جێبەجێکردنی یاسا، کە لەو ڕێگایەدا هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ چەندین شەهید و برینداریان داوە.

لە کاتی کۆرۆنا وەزارەتی ناوخۆ بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی تەندروستی و دامودەزگەکانی تری حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەموو تواناکانی خستە کار بۆ پاراستنی هاووڵاتیان.

بەم دواییەش داخستنی شوێنی فرۆشتنی چەك لە هەموو پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و دەستپێکردنی هەڵمەتی داماڵینی چەکی بێ مۆڵەت، کە خۆشبەختانە پێشوازییەکی گەرمی لێ کراوە، چ لەلایەن هاووڵاتییان، چ لەلایەن دامەزراوەکانی حکومەت و لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان ئەم فەرمانەی سەرۆکی حکومەت وەك خۆی جێبەجێ کراوە. لەم پێناوەشدا بۆ ئەوەی کە وەزارەت بەردەوامی بدات بە پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتییان لە بەرنامەدایە کە ئەو بابەتانەی کە باس کراون، لە داهاتووشدا کاری جددی لەسەر بکرێت، لە جێبەجێکردنی یاسا، لە پاراستنی هاووڵاتییان، لە کەمکردنەوەی توندوتیژی و بەردەمیدان بە سەردەمیانەکردنی کار و چالاکییەکانی پۆلیس و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە هەمانکاتدا لە بەرنامەماندایە کە ماف و شایستە داراییەکانی خانەنشینانی ناوخۆ لە ئایندەیەکی نزیکدا بە پرۆژە یاسایەك کە ئامادە کراوە، بدرێتە پەرلەمان و ئەو مافانە دابین بکرێن کە ماوەیەکی زۆرە داواکاریی سەرەکیی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆیە.

من سوپاسی هەموو هێزەکانی پۆلیس و ئاسایش و زێرەڤانی و بەرگری فریاکەوتن و برا پێشمەرگەکان دەکەم کە لە هەموو قۆناغێکدا و لە هەموو کاتێکدا پاڵپشت بوون بۆ یەکتری و هەموویان پێکەوە توانیویانە ئاشتی و سەقامگیری و ئاسایشی هەرێمی کوردستان بە ڕۆح و گیانی خۆیان بپارێزن.

**دامەزراندنی ژووری ئۆپەراسیۆن، بۆ دەستگیرکردنی تاوانباران بە شێوازێکی ئەلیکترۆنی و بۆ جێبەجێکردنی یاسا، کە لەو ڕێگایەدا هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ چەندین شەهید و برینداریان داوە**

**داخستنی شوێنی فرۆشتنی چەک لە هەموو پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان و دەستپێکردنی هەڵمەتی داماڵینی چەکی بێ مۆڵەت، کە خۆشبەختانە پێشوازییەکی گەرمی لێ کراوە**

**ئاوات شێخ جەناب**

وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان:

# قەبارەی گومرگ لە کابینەی نۆیەم لە ٩٥٦ ملیارەوە بۆ یەک تریلیۆن و ٦٩١ ملیۆن دینار زیاد کراوە

**بە بۆنەی تێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئاوات شێخ جەناب وەزیری دارایی و ئابووری حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتارێکی پێشکەش کرد، ئەمەش دەقی وتەکانیەتی:**

لە ماوەی پێشوودا وەزارەتی دارایی بەرپرس بووە لە گێڕانەوەی بەشی زۆری داهاتەکان بۆ وەزارەتی دارایی و ئابووری، هەروەها سەرپەرشتیکردن و بەشداریکردنی سەردانی شاندەکانی بەغدا و ڕێکەوتن لەسەر بەشە بودجەی هەرێم و جێگیرکردنی بەشە بودجەی هەرێم لە بودجەی عێراق.

جێگیرکردنی پابەندە داراییەکانی هەرێم و بەغدا بۆ ساڵی ٢٠٠٤ تاوەکو ساڵی ٢٠٢١ کە ئەمە کارێکی زۆر گرنگ بوو لە ناو پرۆژەی ساڵی ٢٠٢١ی عێراق و ڕێککەوتن لەسەری لەلایەن تیمی چاودێریی دارایی هەردوولا. چالاکییەکانی سەرجەم بەڕێوەبەرییە گشتییەکان لە دیوان دەرکردنی ٦١ ڕێنمایی و ٤٦ گشتاندن بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەت و فەرمانگە پەیوەندیدارەکان.

گێڕانەوەی ٩٥ ملیار دینار بە ڕێگەگرتن لە بەهەدەردانی سامانی گشتی. لە بواری گومرگدا ئازادکردنی بازرگانی و نەهێشتنی مۆنۆپۆڵ تاڕاددەیەکی زۆر و زیاترکردنی داهاتی گومرگی لە ٩٥٦ ملیارەوە بۆ یەك تریلیۆن و ٦٩١ ملیۆن دینار لە کابینەی نۆیەم دا.

دروستکردنی بەڕێوەبەرایەتیی چاودێری گومرگی و بە ئەلیکترۆنی کردنی سەرجەم دەروازەکان و بەستنەوەیان بە وەزارەتی داراییەوە.

لە بواری باجەکانیش زیادکردنی داهاتی باج لە ٣٠٠ ملیار دینارەوە بۆ ٧٩٦ ملیار دینار بەبێ هیچ زیادکردن و دەستکاریکردنێکی ڕێژەی باج. هەروەها ئامادەکاری کردن بۆ بە ئەلیکترۆنی کردنی سیستەمی باج لە ئایندەیەکی نزیکدا. دەستپێکردن بە تۆمارکردنی سەرجەم باجدەران لە گەورە باجدەرانەوە بۆ خوار.

لە بواری بودجەیی، جێبەجێکردنی ڕێکارەکانی دامەزراندن و بە هەمیشەیی کردنی ١١ هەزار و ٥٩٥ لەوانەی کە مامۆستای گرێبەست و پزیشك و دەرچووە یەکەمەکان و گرێبەستی نوێ کە کراون، ئەوەش بە هەماهەنگی لەگەڵ ئەنجومەنی وەزیران و جێبەجێکردنی بڕیارەکانی ئەنجومەنی وەزیران.

ئامادەکردنی پرۆژە یاسای بودجەی ساڵی ٢٠٢٠– ٢٠٢١ و پێداچوونەوە بە سەرجەم میلاکەکانی حکومەت و ڕێکخستنەوەی داهات و ڕسومات.

لە ژمێرکاری، بەستنەوەی ٥٨١ یەکەی ژمێرکاری بە سیستەمی خەرجی ئۆنلاین، هەروەها کەمکردنەوەی خەرجی تا ڕاددەیەکی زۆری ناپێویست بۆ حکومەت بە ڕێژەی ١٤٤ ملیار دینار. لە بواری خانەنشینی لە

**گێڕانەوەی ٩٥ ملیار دینار بە ڕێگەگرتن لە بەهەدەردانی سامانی گشتی**

**زیادکردنی داهاتی باج لە ٣٠٠ ملیار دینارەوە بۆ ٧٩٦ ملیار دینار بەبێ هیچ زیادکردن و دەستکاریکردنێکی ڕێژەی باج**



بەڕێوەبەرایەتی گشتی خانەنشینی کۆتاییهێنان بە چەند مووچەیەکی بە دەر لە یاسا و هەڵوەشاندنەوە و گواستنەوەی سەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانی خانەنشینی پێشمەرگە و گواستنەوەیان بۆ وەزارەتی دارایی.

هەروەها هەمووارکردنی پلەی سەرجەم خانەنشینانی پلە باڵا و بە دەر لە یاسا. هەڵوەشاندنەوەی گشت خانەنشینیی نایاسایی و ئەوانەی کە بە پلەی زیاتر لە مافی خۆیان خانەنشین کراون. دامەزراندنی سندوقی خانەنشینی و دروستکردنی ئەنجومەنی سندوق کە سەرکەوتنێکی یەکجار گەورەیە، هەروەها بە ئەلیکترۆنی کردنی مامەڵەی خانەنشینی کە لە ٢٣ی حوزەیرانی ٢٠٢٢ لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی دەستی پێ کردووە و لەمەو دوا مامەڵەی کاغەزی نامێنێت.

لە بواری بانکەکاندا، دامەزراندنی بانکی نیشتمان بە سەرمایەی ٢٠٠ ملیار دینار کە دەبێتە لقی بانکی ناوەندیی عێراقی لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەیەوە سەرلەنوێ ڕێکخستنەوە و متمانە بە بانکەکانی هەرێم و سوودوەرگرتن لە سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی بانکی ناوەندیی عێراق.

لە بواری بانکە پسپۆڕییەکان، جێبەجێکردنی بڕیاری داشکانی ١٥٪ی قەرزی پێشینەیەکانی ئەنجومەنی وەزیران، هەروەها وەرگرتنەوەی ٣٧٣ ملیار دینار لە پێشینەی قەرزەکانی عەقار و کشتوکاڵ و پیشەسازی و گەشتوگوزار . لە بواری بانکە بازرگانییەکان وەرگرتنەوەی چەند ملیار دینار لە قەرزی ئاسانکاریی بانکی لە ڕێگەی وەرگرتنەوە و فرۆشتنەوەی ڕەهن کراوەکانی قەرزدارانەوە . هەروەها بەردەوامبوونی ئەو ڕێکارانە بۆ باقیاتی قەرزەکان.

لە بواری یاساییدا، کردنەوەی ٢ هەزار و ٦٢٦ داوا لە سەرجەم دادگاکان و یەکلاییکردنەوەی ٩٥٪ی ئەو داوایانە لە بەرژەوەندیی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لە کاروباری دڵنیایی و بەڕێوەبەری گشتی دڵنیایی، ئامادەکردنی هەمواری ڕەشنووسی پڕۆژە یاسای پیادەکردنی ڕێکخستنی ڕێکارەکانی دڵنیایی عێراقی ژمارە ١٠ی ساڵی ٢٠٠٥ی کوردستانی عێراق. بەرکارکردنی یاسای ڕەسمی پول بۆ یەکەمجار لە هەرێمی کوردستان و زیادکردنی داهات بە ٣ ملیار دینار تەنیا لە ساڵی ٢٠٢١.

هەروەها یەکخستنی لقەکانی دڵنیایی لە هەولێر و دهۆك و سلێمانی و ئامادەکردنی ڕەشنووسی پڕۆژە یاسای بیمەی تەندروستی.

**کردنەوەی ٢ هەزار و ٦٢٦ داوا لە سەرجەم دادگاکان و یەکلاییکردنەوەی ٩٥٪ی ئەو داوایانە لە بەرژەوەندیی حکومەتی هەرێمی کوردستان**



**ئایدن مەعرووف**

**وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ گوڵان:**

# کاریزمای سەرۆک وەزیران کاریگەریی باشی لەسەر ئەدای حکومەت دروست کردووە

**ئاشکرایە کە سەرەڕای سەختی و دژوارییەکان، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێم هەنگاوی جددی و بەرچاوی هەڵگرتووە بۆ چاکسازیکردن و برەودان بە ئەدای حوکمڕانی، لە هەمان کاتدا پرسی پێکەوە ژیان و دەستەبەرکردنی مافی پێکهاتەکانیشی کردووەتەوە یەکێك لە تەوەرە سەرەکییەکانی کارنامەی حکومەتەکە، بۆ ئەم مەبەستەش وەزارەتێکی تایبەت بۆ کاروباری پێکهاتەکان تەرخان کراوە، بۆ ئەم مەبەستە گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵ ئایدن مەعرووف وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ئەنجام دا.**

*** یەکێك لە دیاردە جوانەکانی کابینەی نۆیەم ئەوەیە کە وەك یەك تیم هەموو پێکەوە کاردەکەن و هەست ناکرێت کام وەزیری سەر بە کام لایەنی سیاسی، یان کام پێکهاتەیە. ئایا ئەم هاریکارییە گەورەیەی لەناو ئەم تیمە هەیە تاچەند هۆکارێکی گرنگە بۆ سەرکەوتنی کابینەی نۆیەم؟**

- نکۆڵی لەوە ناکرێت کە لە ماوەی سێ ساڵی تەمەنی کابینەی نۆیەمدا کار و کۆششی باش کراوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاری پێکەوەیی و کارکردن بە شێوەی یەك تیم، هاوکات لەو کابینەیەدا وەزارەتێکی نوێی پێك هێنراوە، ئەویش وەزارەتی کاروباری پێکهاتەکانە، ئەمەش بڕیارێکی گرنگ بوو لە ڕووی مرۆڤایەتی و سیاسییەوە و مایەی خزمەتگەیاندنی زیاتر بوو بە پێکهاتەکان. ئەم بڕیارە بوێرانەش دەگەڕێتەوە بۆ بەڕێز مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لە ڕاستیدا بەڕێزیان ڕۆڵێکی گرنگ و باڵایان هەیە لە پشتیوانیکردنی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستاندا. ئەم گرنگیدانەش ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەبووە لە ناو حکومەتی هەرێم کە بایەخ دراوە بە سەرجەم پێکهاتە نەتەوەییەکانی وەك تورکمان و سریان و کلدان و ئاشووری و ئایین و ئاینزاکانی دیکەش. لەلایەکی دیکەشەوە لەم کابینەیدا و لە زۆر حاڵەتدا، بەتایبەت لە حاڵەتە سەختەکاندا، جەنابی ڕێزدار مسرور بارزانی خۆی یارمەتی و هاوکاری وەزارەتەکان دەکات، ئەمەش دەرئەنجامی زۆر گرنگی هەبووە، کاریزمای بەڕێزیان کاریگەری باشی دروست کردووە لەسەر ئەدای حکومەت و وەزارەتەکان و لەو ماوەی ئەو کابینەیەدا وەزیرە بەڕێزەکانیش بە یەك تیم کاریان کردووە کە ئەمەش زۆر گرنگە بۆ خزمەتکردنی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بە تێکڕا.

*** ماوەی سێ ساڵ بەسەر کابینەی نۆیەمدا تێدەپەڕێت و وێڕای هەموو ئاستەنگ و تەحەددییەکان کە لە ماوەی ئەم سێ ساڵە ڕووبەڕووی ئەم کابینەیە بووەتەوە، بەڵام حکومەت توانیویەتی لە جێبەجێکردنی بەرنامەکەی خۆی بەردەوام بێت و چاکسازییەکی گەورەشی لە هەموو سێکتەرەکان ئەنجام داوە، ئایا چۆن ئەدای کابینەی نۆیەم لە ماوەی ئەو سێ ساڵدا هەڵدەسەنگێنیت؟**

- لە ماوەی ئەو سێ ساڵەدا، کابینەی نۆیەم ڕووبەڕووی چەندین دژواری و سەختی بووەتەوە، وەك بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا، کە کاریگەریی زۆر خراپی لێ کەوتەوە. هەروەها بە مەبەست و پاڵنەری سیاسی کێشە و گرفتی ئەمنی بۆ هەرێمی کوردستان دروست کرا، وەك مووشەکبارانکردنی ئەم هەرێمە، بەتایبەت شاری هەولێر. ئەمە سەرەڕای خراپیی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا، کە بەداخەوە حکومەتی بەغدا بودجە و مووچەی خەڵکی هەرێمی کوردستانی بڕیوە، یان ماوە ماوە بڕە پارەیەکی کەم دەنێرێت، هەموو ئەم کێشە و گرفتانە، ئاستەنگ و دژواری بوون لە بەردەمی کابینەی نۆیەمدا، بەڵام سەرەڕای ئەم دژوارییانەش حکومەتی هەرێم کاری باشی ئەنجام داوە و ئەو بەرنامەی ڕاگەیاندرابوو وەك خۆی جێبەجێ کراوە، حکومەت چاکسازی کارگێڕی و دارایی ئەنجام داوە، کار و پڕۆژەی خزمەتگوزاریی گرنگ و ستراتیژی جێبەجێ کردووە، بەبێ جیاوازی لە هەموو هەرێمی کوردستاندا پڕۆژە و کاری گرنگ و بەرچاوی لە هەموو سێکتەرەکان ئەنجام داوە. لەلایەکی دیکەوە چەندین پڕۆژە جێبەجێ کراون بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆراك. هەروەها کاری لەپێشینەی ئەم حکومەتە پاراستنی ئاسایشی شار و هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بووە.

*** لەگەڵ ئەوەی حکومەتی بەغدا زۆر کەم پابەند بووە بە ناردنی ئەو بەشە پارەیەی کە دەبێت لە کاتی خۆیدا بۆ مووچەی فەرمانبەران بینێرێت، بەڵام ئەم کابینەیە توانیویەتی لە پێدانی مووچە بەردەوام بێت و لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٢ مووچەی بە تەواوەتی داوە، ئایا ئەمە ڕەنگدانەوەی ئەو چاکسازییانەیە کە سەرچاوەی داهات و فرەچەشنکردنی داهات مسۆگەر بووە؟**

- ئەو بارودۆخە باشەی لە هەرێمی کوردستان هاتووەتەدی، بەتایبەت لەوەی کە مووچە بە بەردەوامی و بەبێ لێبڕین و بە بێ دواکەوتن مانگانە دابەش دەکرێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو چاکسازییەی کە لە کابینەی نۆیەم دەستی پێ

**لە هەموو کۆبوونەوە و کۆنفرانس و بۆنەکاندا ڕێزدار مسرور بارزانی جەخت لەسەر جێبەجێکردن و بەردەوامبوونی چاکسازیی کارگێڕی و دارایی و سیاسی دەکاتەوە**

**چەندین پڕۆژە جێبەجێ کراون بۆ پاراستنی ئاسایشی خۆراک. هەروەها کاری لەپێشینەی ئەم حکومەتە پاراستنی ئاسایشی شار و هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بووە**

**ئێمە وەک حکومەتی هەرێم لەگەڵ ئەوەداین کە هەموو کات دانوستاندن و دیالۆگ لەگەڵ حکومەتی عێراق هەبێت، بەڵام بە بێ سازشکردن لەسەر مافەکانمان**



**دەبێت حکومەتی بەغدا لەژێر ڕۆشنایی ئەو یاسا دەستوورییەدا هەموو ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بنێرێت**

**لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمدا چەندین بڕیار و ڕێنمایی لەسەر قەدەغەکردنی دیاردەی چەکداری دەرکراوە، لەم دواییانەشدا لەلایەن ڕێزدار سەرۆکی حکومەتەوە بڕیار درا بە داخستنی هەموو ئەو شوێنانەی چەک دەفرۆشن**

کردووە، و ڕەنگدانەوەی ئەو یەك تیمیەی وەزارەت و کابینەکەیە کە لە جێبەجێکردن و ڕاپەڕاندنی کارەکاندا ئەنجامی دەدەن و، بەرئەنجامی جددییەتی ڕێزدار سەرۆکی حکومەتە کە لە کاروبارەکاندا پێداگری لەسەر دەکات. هەموو ئەو ئاماژانەی خستمانەڕوو کاریگەریی باش و گرنگیان دروست کردووە، بەتایبەتی لەوەی کە مووچەی خەڵك بە بێ دواکەوتن دابەش بکرێت. لەلایەکی دیکەوە ئێمە وەك حکومەتی هەرێم لەگەڵ ئەوەداین کە هەموو کات دانوستاندن و دیالۆگ لەگەڵ حکومەتی عێراق هەبێت، بەڵام بە بێ سازشکردن لەسەر مافەکانمان، چونکە لە عێراقدا دەستوورێك هەیە کە هەموو خەڵکی ئەم وڵاتە دەنگیان پێ داوە، لەبەر ئەوە دەبێت حکومەتی بەغدا لەژێر ڕۆشنایی ئەو یاسا دەستوورییەدا هەموو ماف و شایستە داراییەکانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بنێرێت.

*** خاڵێکی زۆر گرنگ لەکاری ئەم کابینەیە هەوڵەکانیەتی بۆ پیادەکردنی سەروەریی یاسا و ڕێگرتن لە دیاردەی چەکداری و ڕێزگرتن لە دادگاکان، ئایا دەتوانین بڵێین ئەم کابینەیە کاری جددی کردووە بۆ ئەوەی یاسا لە کوردستان سەروەر بێت؟**

- لە هەرێمی کوردستاندا وەك پێویست کار بۆ بەدیهێنانی سەروەریی یاسا کراوە و تا ئاستێکی بەرچاو ڕێز لە یاسا گیراوە و یاسا و دادگاکان بە شێوەیەکی سەربەخۆ کار دەکەن. هەروەها لەلایەن کابینەی نۆیەمەوە جەخت لەوە کراوەتەوە هیچ کەسێك دەستێوەردان لە کاری دادگا و جێبەجێکردنی یاسادا نەکات، هەر ئەمەشە وای کردووە کە هەرێمی کوردستان ئاسایش و سەقامگیری تێدا بەرقەرار بێت. لەلایەکی دیکەوە و لەگەڵ دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمدا چەندین بڕیار و ڕێنمایی لەسەر قەدەغەکردنی دیاردەی چەکداری دەرکراوە، لەم دواییانەشدا لەلایەن ڕێزدار سەرۆکی حکومەتەوە بڕیار درا بە داخستنی هەموو ئەو شوێنانەی چەك دەفرۆشن، لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی چەکی بێ مۆڵەت. بۆ ئەو مەبەستەش دەمودەست وەزارەتی ناوخۆ بە جددی و بە پراکتیکی دەستی بە کار و ڕێکارەکان کرد، کە ئەم بڕیارەش زۆر گرنگ و پێویست بوو بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان هێمنی و ئاسایشی زیاتری تێدا بەرقەرار بێت، هەموو ئەو کار و بڕیارانەش بۆ سەروەریی یاسا و پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانە.

*** مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان زۆر بە حەماسەوە جەخت لەسەر نەهێشتنی گەندەڵی دەکاتەوە و بۆ ئەمەش یاسای چاکسازی هەنگاوی باشی بڕیوە، ئایا تاچەند یاسای چاکسازی سنووری بۆ دیاردەی گەندەڵی داناوە؟**



- پێشەکی پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی زۆر زەحمەت و سەخت بوو، بەڵام لەو کابینەیەدا (کابینەی نۆیەم) بە جددی و پراکتیکی کار لەسەر جێبەجێکردنی یاسای چاکسازی کرا، لەم ڕووەوە هەنگاوی باش هەڵگیراوە و کاری باش ئەنجام دراوە و چاکسازییەکەش بەردەوام دەبێت. هەروەها لە هەموو کۆبوونەوە و کۆنفرانس و بۆنەکاندا ڕێزدار مسرور بارزانی جەخت لەسەر جێبەجێکردن و بەردەوامبوونی چاکسازیی کارگێڕی و دارایی و سیاسی دەکاتەوە. لەلایەکی دیکەوە دەبێت ئەوەش ڕوون بێت کە پرۆسەی چاکسازی کارێکی بەردەوامەوە و بەرهەمەکەشی -هەرچەندە لە هەنگاوی یەکەمەوە هەستی پێ دەکرێت- بەڵام بە تێپەڕبوونی کات زیاتر دەرئەنجامی ئەرێنی لەسەر باشبوون و زیاتربوونی داهات و خۆشگوزەرانیی خەڵك دەردەکەوێت.

*** لەو هاوپەیمانییەی بۆ پێکهێنانی حکومەتی کابینەی نۆیەم دروست کراوە، دەبینین نەتەوەی تورکمان و پێکهاتەکانی دیکە چەندین پۆستی گرنگیان وەرگرتووە و بۆ یەکەمجارە سکرتێری پەرلەمانی کوردستان کوردستان و هەروەها وەزیرێکیشتان هەیە بۆ کاروباری پێکهاتەکان، ئایا تاچەند کابینەی نۆیەم توانیویەتی بە چاوێکی یەکسان مامەڵە لەگەڵ هەموو پێکهاتەکانی کوردستان بکات؟**

- نەتەوەی تورکمان لە هەرێمی کوردستان زۆر گرنگە و بەپێی دەستووری عێراق تورکمان لەسەر ئاستی عێراق سێیەم نەتەوەیە و لە هەرێمی کوردستان دووەم نەتەوەیە. هەروەها هەموو کات تورکمان لەگەڵ دیالۆگ و گفتوگۆ و پێکەوە ژیانە. لە ئێستاشدا تورکمانەکان بەشدارن لە پرۆسە و بڕیاری سیاسی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەماندا، هەموو ئەمانەش هەنگاو و کاری ئەرێنین و لەم کابینەیەشدا زۆر کاری باش کراوە لەم ڕووەوە، کە کاریگەریی باشیان لێ دەکەوێتەوە لەسەر پێکەوە ژیان و ئاشتی و بەرقەرارکردنی یاسا، حکومەتی هەرێمیش زیاتر پشتیوانی لەم پێکەوە ژیانە دەکات، بە تایبەتی هەروەك ئاماژەم پێ کرد، دروستکردنی وەزارەتێك بۆ پێکهاتەکان خۆی لەخۆیدا کارکردن و پاڵپشتیکردنە لە پێکەوە ژیان و ئاشتی لە هەرێمی کوردستان و لە ئێستاشدا پێکەوە ژیانێکی زۆر جوان و بەرفراوان هەیە، پێکەوە ژیانی نەتەوە و ئایین و ئاینزاکانیش لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ بوونی کەلتووری قبووڵکردنی، کە ئەمەش بووەتە بنەمایەکی پتەو و گرنگییەکی زۆری هەیە، حکومەتی هەرێمیش پشتیوانییەکی زۆر جددی لە مافەی پێکهاتەکان دەکات، ئەمەش لەم ڕوانگەیەوەیە کە حکومەت و پێکهاتەکان تەواوکاری یەکترن بۆ پێکەوە ژیان و ئاشتی و لێبوردەیی لە کوردستاندا.

**تورکمانەکان بەشدارن لە پرۆسە و بڕیاری سیاسی و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەماندا**

**دروستکردنی وەزارەتێک بۆ پێکهاتەکان خۆی لەخۆیدا کارکردن و پاڵپشتیکردنە لە پێکەوە ژیان و ئاشتی لە هەرێمی کوردستان و لە ئێستاشدا پێکەوە ژیانێکی زۆر جوان و بەرفراوان هەیە**



**دکتۆر ناجی عەلی**

**بەڕێوەبەری بەکارخستن لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بۆ گوڵان:**

# یاسای نوێی کاری هەرێمی کوردستان کۆمەڵێک پرەنسیپ و مافی سەرەکیی کرێکار زامن دەکات

**دۆزینەوەی هەلی کار و دووبارە هەمووارکردنەوەی یاسای کاری هەرێمی کوردستان بە یەکێك لە پێداویستییەکانی ئەم قۆناغە دادەنرێت، بەتایبەتی لەگەڵ بوونی ژمارەیەکی زۆری کرێکاری بیانی، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم پێناوەدا چەند یاسا و ڕێنماییەکی دەرکردووە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دکتۆر ناجی عەلی بەڕێوەبەری بەکارخستن لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** هەمووارکردنەوەی یاسای کار و گونجاندنی لەگەڵ واقیعی کار لە هەرێمی کوردستاندا، بە یەکێك لە پێداویستییەکانی ئەم قۆناغە دادەنرێت، لەم پێناوەشدا وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ماوەیەکی زۆرە سەرقاڵی هەمووارکردنەوەی یاسا کۆنەکەی کارن، ئایا دەکرێت وردەکارییەکانی ئەم یاسایە و ئامانجەکانیمان بۆ باس بکەیت؟**

- لە هەرێمی کوردستان هەر یاسا کۆنەکەی کاری ژمارە (٧١)ی ساڵی (١٩٨٧) بەرکارە و، حکومەتی عێراق لە ساڵی ٢٠١٥وە کاری پێ ناکات، بۆیە ئامادەکردنی ڕەشنووسی یاسای کاری تایبەت بە هەرێمی کوردستان، کارێکی زۆر پێویست بوو، چونکە یاسای کاری پێشوو زۆر کۆنە و، لە ڕووی زیادکردنی ماددە یاساکان و پاراستنی مافەکانی کرێکاران و ڕێکخستنەوەی ژینگەی کار لە نێوان کرێکار و خاوەن کاردا، پێویستی بە گۆڕانکاری هەبوو، زۆر کاریش لە ئێستادا پەیدا بووە کە پێشتر نەبووە، وەکو: کرێکاری بیانیی ناوماڵ و پرۆژەکان، لە ساڵی ٢٠١٢ لەگەڵ ڕێکخراوی کاری نێودەوڵەتی دوای چەندین وۆرك شۆپ و سیمنار و کۆبوونەوە، گەیشتینە ئەم قۆناغە و، لە ساڵی ٢٠١٩ بڕیاری دەرکردنی ڕەشنووسی پرۆژەیاسایەکی نوێ هاوشێوەی بەغدا کرا و، بە هاوبەشی لەگەڵ لایەنی عێراق هەموو پێشنیار و بۆچوونەکان کرا بە یەك باکێج، بەڵام لایەنی بەغدا تا ئێستا نەگەیشتووەتە بڕیاری کۆتایی، هەرچی ئێمەیە لە ئێستادا یاسا نوێیەکە ئامادەیە و بۆ پەرلەمانی بەرز دەکەینەوە، لەگەڵ پەسەندکردنیدا دەبینە خاوەنی (یاسایەکی کاری کوردستان)ی نوێ، لەم یاسایەدا کۆمەڵێك پرنسیپ و مافی سەرەکی زامن دەکات لەوانە:

١- ئازادیی کارکردن بۆ هەمووانە وەکو یەك.
٢- ئازادیی سەندیکاکان و پاراستنی مافی ڕێکخستن و ڕێککەوتنی کۆمەڵی.
٣- نەهێشتنی کارکردنی منداڵان.
٤- نەهێشتنی کارکردنی بە زۆرەملێ بە هەموو شێوەکانی.
٥- یەکسانی لە نێوان کرێکاری ئافرەت و پیاو.
٦- قەدەغەکردنی گێچەڵی سێکسی بە هەموو شێوەکانی.
٧- خزمەتی کرێکاری دەستەبەر بە خزمەتی فیعلی هەژمار دەکرێت لە کاتی دیاریکردنی مووچە و خانەنشین لە دامەزراندن لە کەرتی گشتی.

لەم یاسایەدا لە هەر پارێزگایەك دادگای کار دیاری کراوە بۆ یەکلاکردنەوەی گشت ئەو سکاڵا و ناکۆکییانەی کە لە نێوان کرێکار و خاوەن کاردا ڕوو دەدات و، لە ڕێگای ئەم

**(یاسای کاری کوردستان) کە لەگەڵ مەرج و ڕێنمایی کاری نێودەوڵەتی یەک دەگرێتەوە، دەستکەوتێکی گەورەیە، کردنەوەی نووسینگەی بەکارخستنی تایبەت لەلایەن وەزارەتی کار بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ بێکاران لەم چوارچێوەیەدا دێت**

دادگایەوە چارەسەر دەکرێت.

*** ئایا لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی تا چەند هەوڵەکانتان بەگەڕ خستووە بۆ دۆزینەوەی هەلی کار و دامەزراندنی نووسینگەکانی بەکارخستن، کە زۆر پێویستن بۆ دۆزینەوەی هەلی کار لە کەرتی تایبەت؟**

- پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی دۆزینەوەی هەلی کار و بەکارخستنی ئەو کرێکارانەی بەدوای کاردا دەگەڕێن، بە یەکێك لە کارنامەکانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان دادەنرێت و، کاری جددیمان لەسەر کردووە، هەر خۆی لە خۆیدا (یاسای کاری کوردستان) کە لەگەڵ مەرج و ڕێنمایی کاری نێودەوڵەتی یەك دەگرێتەوە، دەستکەوتێکی گەورەیە، کردنەوەی نووسینگەی بەکارخستنی تایبەت لەلایەن وەزارەتی کار بۆ دۆزینەوەی هەلی کار بۆ بێکاران لەم چوارچێوەیەدا دێت، ئێمە لە پارێزگاکانی کوردستان دوو بەشی کارخستنی حکوومی و تایبەتیمان هەیە، ئەوەی حکومەت، بێکار ناوی تۆماردەکرێت و لە کاتی پەیوەندیکردن کاری بۆ دەدۆزرێتەوە، هەرچی کرێکاری بیانییە، دەبێت ئەو کۆمپانیا و کارگەیەی کە کرێکاری بیانیی پێویستە، تا ماوەی ٢١ ڕۆژ لە ڕۆژنامە ئەو کارە و کرێکەی بڵاوبکاتەوە، ئەگەر کرێکاری خۆمان نەبێت، ئەو کات ڕێگای پێ دەدرێت کرێکاری بیانی بهێنێت، ئەمەش بۆ پاراستنی هەلی کارە بۆ کرێکارانی نێوخۆیی.

*** گرفتی سەرەکیی بازاڕی کار لە هەرێمی کوردستان بوونی کرێکاری بیانی، یان کرێکاری پارێزگاکانی دیکەی عێراقە، کە وای کردووە گەنجی خۆمان بە ئاسانی هەلی کاریان دەست نەکەوێت، پرسیار لێرەدا ئەوەیە، ئایا چۆن یاساکانی کار لە نێوان کرێکاری خۆماڵی و کرێکاری بیانیدا ڕێك دەخەنەوە؟**

- زیاتر لە ١٠ مانگە لە لێژنەیەکی ئەنجومەنی وەزیران بە سەرۆکایەتیی بەڕێز وەزیری پلاندانان، سەرقاڵی ڕێکخستنەوەی مەرجەکانی هێنانی کرێکاری بیانین، فشارێکی زۆرمان کردووەتە سەر کۆمپانیاکان بۆ کەمکردنەوەی کرێکاری بیانی و ڕسوماتی زۆرمان داناوە، ماوەی دوو ساڵە ژمارەی هاتنی کرێکار و کارمەندی بیانی زۆر کەم بووەتەوە، ئەوەی هەیە کرێکارانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا و باکوورن، کە بە قاچاخ هاتوون، یان فیزەیان وەرگرتووە بە ناوی گەشتیاری و سەردان، بەڵام لەو ماوەیەدا کار دەکەن، ئەمەش زیاتر لە بواری بیناسازیدایە، ئەمە جگە لە کرێکاری پارێزگاکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق، کە لە ڕووی دەستووری و یاساییەوە ناتوانین ڕێگرییان لێ بکەین، ئەمەش هۆکارێکە کە لە بەر هەرزانیی کرێ و نرخی کارکردنیان، بازاڕی کار زیاتر پشت بەمان دەبەستێت، خەڵکی خۆمان زۆر پابەندی بۆنە و کاتی کار و ڕۆژانی هەینی و پشوو و سەیران و میوانداریێتی و تەنانەت کەلتوورین، کە لە هەندێك بواردا گرفتێکی گەورەیە، بۆ نموونە: لە بواری پاککردنەوەی شار و خزمەتگوزارییەکانەوە ئامادەیی کرێکاری خۆمان بۆ ئەم کارە زۆر کەمە، زۆربەی خاوەنکارەکان گلەییان لە وەستا و کرێکاری خۆمان هەیە، ئامادەنەبوونی کارکردن لێرە زۆرە، لەگەڵ ئەوەی ڕێژەی بێکاری لە هەرێمی کوردستان لە سەرووی ١٣٪ـە، لەلایەکی دیکەوە گرفتێکی دیکە لە ناو گەنجاندا هەیە، ئەو گەنجەی باوکی ئیمکاناتی هەیە، فێری تەمبەڵی بووە و ئامادە نییە هەموو کارێك بکات. لە یاسا نوێیەکەدا چەندین ماددەی یاسایی زیاد کراوە بۆ پاراستنی مافی کرێکاری بیانی، کە لە یاسای پێشوودا تەنیا یەك ماددە باسی کرێکاری بیانی کردووە، ئێمە هەندێك ڕێنماییمان بەهێزتر کردووە و بووەتە یاسا.

*** گرنگترین ڕێگەچارە بۆ پاراستنی مافی کرێکار و زامنکردنی دوارۆژی کرێکار و کارمەندانی کەرتی تایبەت دەستەبەرکردنی کارە، ئایا تا چەند توانراوە مافی کرێکاران و کارمەندانی کەرتی تایبەت دەستەبەر بکرێن؟**

- ئێمە دوو یاسامان هەیە، یاسای (کار) و یاسای (خانەنشینی دەستەبەری کۆمەڵایەتی) کە دوو یاسای جیاوازن، جاران خاوەن کار کرێکار و کارمەندەکانی لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی دەستەبەر دەکرد، بەڵام لە یاسا نوێیەکەدا کرێکار و کارمەندانی کەرتی تایبەت خۆیان دەتوانن دەستەبەری بکەن، لە هەرێمی

**ئەو کۆمپانیا و کارگەیەی کە کرێکاری بیانیی پێویستە، تا ماوەی ٢١ ڕۆژ لە ڕۆژنامە ئەو کارە و کرێکەی بڵاوبکاتەوە، ئەگەر کرێکاری خۆمان نەبێت، ئەو کات ڕێگای پێ دەدرێت کرێکاری بیانی بهێنێت**

**لە بواری پاککردنەوەی شار و خزمەتگوزارییەکانەوە ئامادەیی کرێکاری خۆمان بۆ ئەم کارە زۆر کەمە، زۆربەی خاوەنکارەکان گلەییان لە وەستا و کرێکاری خۆمان هەیە**

کوردستان ژمارەیەکی زۆری کۆمپانیا و کارگە هەن، کەچی ژمارەیەکی زۆر کەم کۆمپانیا دەستەبەر کراوە و ژمارەی پشکنەرەکانیشمان کەمە، من لە ناوچەکەدا زۆر سەرسامم بە یاسای کاری وڵاتی ئوردن، کە بە ڕاستی لە ڕووی دەستەبەری کۆمەڵایەتییەوە توانیویەتی ببێتە وەزارەتێکی خزمەتگوزار و خاوەن داهات.

*** زۆر یاسا و ڕێنمایی هەیە کە لە ڕووی پراکتیکییەوە جێبەجێکردنی زەحمەتە، ئایا لە کوردستان چۆن بەسەر ئەو ئاستەنگ و بەربەستانەدا زاڵ دەبن، کە دێتە بەردەم جێبەجێکردنی یاساکانی کار؟**

- بە شێوەیەکی گشتی ئێمە گرفتمان لە جێبەجێکردنی یاساکانی کاردا هەیە، ئەگەرنا لە هەرێمی کوردستان زۆربەی مافەکانی کرێکار و کارمەند بە یاسا و ڕێنمایی زامن کراوە، هەر لە ڕێکخستنەوەی گرێبەستی کارکردن لە نێوان کرێکار و خاوەن کار، تا دیارکردنی مافەکان، گشت ماف و ئەرکی هەردوو لایەن و، دیاریکردنی کاتی کۆتاییهێنان بە گرێبەست و پاراستنی مافی کرێکار لە کاتی تووشبوون بە پێکان، یان مردنی کرێکار بە هۆی کارەکەیەوە، هەروەها پاراستنی مافی خاوەنکار لە کاتی ڕوودانی هەر کارێکی نەشیاو لە لایەن کرێکارەکە لە کاتی کارکردندا، هەروەها دیاریکردنی ئەو حاڵەتانەی دەبێتە هۆی کۆتاییهێنانی گرێبەست و ئەو حاڵەتانەی کە نابێت گرێبەست کۆتایی پێ بهێنرێت، تەنانەت ئەو حاڵەتانەی کە کرێی کرێکار دەبڕدرێت لە کاتی پابەندنەبوونی بە مەرجەکانی کارکردن، لە یاسا نوێیەکە دیاری کراوە، ئەمە وێڕای دیاریکردنی کاتی کارکردن کە هەشت کاتژمێر دەبێت لە ڕۆژێکدا و (٤٨) کاتژمێر دەبێت لە هەفتەیەکدا، هەروەها دیاریکردنی ئەو کارانەی کە پێویستی بە کاتژمێری کارکردنی زیاتر، یان کەمتر هەیە، هەروەها دیاریکردنی کاری شەوانە و ڕۆژانە و دانانی مەرجەکانی، هەروەها دیاریکردنی مۆڵەتەکانی کرێکار لە کاتی بۆنەکان و پشووە فەرمییەکان، کە هەر کرێکارێك لە هەفتەیەدا یەك ڕۆژ پشووی هەیە و لە ساڵێك (٢١) ڕۆژی هەیە، هەروەها کرێکار مافی هەیە مۆڵەتی نەخۆشی وەربگرێت بۆ ماوەی (٣٠) ڕۆژ لە ساڵێکدا بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی، هەروەها مۆڵەتی تایبەت دانراوە بۆ بۆنە کەسییەکان وەك: ژنهێنان، مردنی کەسێك لە خێزان، بەجێهێنانی فەریزەی حەج، پشکنینی کار. لەم یاسایەدا گشت ئەو شوێنانە کە کاری لێ دەکرێت، دەکەوێتە ژێر چاودێریی پشکنەری کار، بە مەبەستی پاراستنی مافەکانی کرێکار و خاوەنکار و جێبەجێکردنی ماددەکانی ئەم یاساییە .

*** بێکاری لە نێو ئافرەتاندا زۆر زیاترە بەراورد بە پیاوان، ئەمەش بە هۆی چەندین هۆکار، ئایا تا چەند لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی ڕەچاوی مافەکانی ئافرەتانی کرێکار کراوە و، لەم بارەیەوە چی کراوە؟**

- بە هۆی چەندین هۆکاری کەلتووری و جیاکاری و جەستەییەوە، ڕێژەی بێکاری لە نێو ئافرەتاندا زۆر زیاترە، هەربۆیە ڕەچاوکردنی زیاتر لە یاسای نوێدا هاتووە، بۆ نموونە کرێکاری ئافرەت لە بواری پشووی زیاتر لە کاتی کارکردن و پێدانی مۆڵەتی تایبەت بۆ دووگیانی و منداڵ بوون بۆ ماوەی (١٤) هەفتەیە لە ساڵێکدا، ئەمە بە یەکێك لەو خاڵانە دادەنرێت کە گرنگیمان پێ داوە، سەبارەت بە مافەکانیشیان ئەوا خاوەنکارمان پابەند کردووە بە ئامادەکردنی شوێنێکی تایبەت بۆ ئافرەتانی کرێکار، بە کردنەوەی داینگە لە شوێنی کار لە کاتی پێویستدا و سزای پێژاردن دانراوە لە کاتی سەرپێچیکردنی ئەم بابەتانەی سەرەوە، هەروەها لە بواری گێچەڵی سێکسیدا سزای توندی خاوەن کارمان داناوە.

*** تا چەند کارتان کردووە بۆ ئەوەی ژمارەی ئەو کرێکار و کارمەندانەی لە ڕووی تەندروستی و سەلامەتی پیشەییەوە زیانیان بەردەکەوێت، مافەکانیان پارێزراو بێت؟**

- لە وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی بەردەوام جەخت لەسەر ئەو مەرجانە دەکەینەوە کە لە یاسادا دانراوە و، دەبێت لە شوێنی کارکردن هەبێت، ئەمە جگە لە دابینکردنی گشت ئەو کەلوپەلانەی کە دەبێت بۆ کرێکار ئامادە بکرێت، بۆ پاراستنی لە ڕووی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی و، سزای توند دانراوە لە کاتی سەرپێچیکردنی خاوەن کار.

**لە ناوچەکەدا زۆر سەرسامم بە یاسای کاری وڵاتی ئوردن، کە بە ڕاستی لە ڕووی دەستەبەری کۆمەڵایەتییەوە توانیویەتی ببێتە وەزارەتێکی خزمەتگوزار و خاوەن داهات**

**بە هۆی چەندین هۆکاری کەلتووری و جیاکاری و جەستەییەوە، ڕێژەی بێکاری لە نێو ئافرەتاندا زۆر زیاترە، هەربۆیە ڕەچاوکردنی زیاتر لە یاسای نوێدا هاتووە**

# چوارچێوەی هەماهەنگی لە هەڵوێستێکدایە کەس ئیرەیی پێ نابات





**فەیسەڵ دەباغ**

بۆ گوڵانی نووسیوە

دوای نەمانی دەنگی سەدر بۆ پێکهێنانی حکومەتی زۆرینەی نیشتمانی و کشانەوەی لە پرۆسەی سیاسی، جارێکی دیکە هەمان سیناریۆی حکومەتەکانی پێشوو دووبارە دەبێتەوە.

پاش کشانەوەکە ڕەوشی سیاسی ئاڵۆزی تێ کەوتووە و، گشت لایەنە سیاسییەکانی عێراقیش لەو باوەڕەدان هەر حکومەتێك بێ سەدر (وەکو شیعە) و بارزانی (وەکو کورد)، کارێکی زۆر ئەستەمە و پێکیش بێت، بەردەوامیی نابێت.

سەدر خاوەن پێگەیەکی جەماوەرییە و زۆر بە ئاسانی دەتوانێت شەقام بجووڵێنێت، چونکە نەمانی لە پەرلەماندا وای لێ دەکات، ڕوو لە ئۆپۆزیسیۆنی نیشتمانی بێت و، ئیتر شەقامی بە دەستەوە دەبێت و بە دووریش نازانرێت جارێکی دیکە هەڵبژاردنی پێشوەختە بێنێتە ئاراوە.

سەدر بە هەموو توانایەکیەوە دەیویست پەرلەمان هەڵبوەشێنێتەوە و هەڵبژاردنی پێشوەختە ئەنجام بدرێت، بەڵام نەیدەویست بە تەنیا ئەم کارە بکات، بۆیە کشانەوەی خۆی لە پەرلەمان ڕاگەیاند



و، بەمەش تۆپی هەڵوەشانەوەی پەرلەمانی خستە ناو یاریگەی چوارچێوەی هەماهەنگی و هاوپەیمانەکانییەوە.

ئەوەی لە شەقامی عێراقیدا باسی لێوە دەکرێت، ئەوەیە سەدرییەکان لەو کشانەوە سیاسییەیان زۆر نیگەرانن، چونکە گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی بوون و، قسەیەکیش هەیە گوایە سەرکردەی ڕەوتی سەدر لەبەر چەند هۆیەك ئەویش لەو بڕیارەی خۆی پاشگەز بووەتەوە، لەوانە هێزەکانی چوارچێوە نەك هەر بە ساردییەکی زۆرەوە، بەڵکو بە گیانی سەرکەوتن هەڵسوکەوتیان لەگەڵ کشانەوەکەیدا کرد، بە بەڵگەی خێرا ئەنجامدانی دانیشتنێکی نائاسایی پەرلەمان کە جێگرەوەکانی ڕەوت سوێندی یاسایی بخۆن.

بە قسەی حەسەن زەرگانی گوتەبێژی پێشووی ڕەوتیش، سەدر بە هیوای ئەوە بوو پارتی و سیادەش لە پەرلەمان بکشێنەوە و دۆخەکە ئاڵۆزار بکەن، بەڵام لە دوا ساتدا پلانەکە گۆڕا.

بە هەر حاڵ هەنگاوەکانی سەدر نەیارانی تووشی نائارامی کردووە، بە هۆی کرانەوەیان لەسەر ئەگەرێکی زۆر کە لاوازترینیان خۆپیشاندانی جەماوەرییە، کە لەوانەیە ببێتە هۆی ڕووخانی حکومەتی داهاتوو، وەك ئەوەی لە ٢٠١٩ ڕووی دا، کاتێ حکومەتی عادل عەبدولمەهدی-یان ڕووخاند.

ئەمما خەتەرناکترین هەنگاو ڕوودانی پێکدادانی چەکدارییە لە نێوان ڕەوت و نەیارەکانی لە گرووپە چەکدارەکان، کە هەردووکیان خاوەن چەك و چەکدارێکی زۆرن.

هەر چەند هەندێ ئەم ئەگەرە بە دوور دەزانن، بەڵام وەکو ئەگەر دەمێنێتەوە، بە تایبەتی پاش بڵاوبوونەوەی تۆمارە دەنگییەکانی مالیکی، کە تیایاندا هێرش دەکاتە سەر سەدر و بارزانی و سوننە و، یەکەمیان بە نەوێر وەسپ دەکات و دووەم و سێیەمیان بە هاوکاریکردنی سەدر بە درزخستنە ناو ماڵی شیعە.

هەر چەند نووسینگەی مالیکی ئەو تۆمارانە ڕەت دەکاتەوە، بەڵام سەبارەت بە یەکەم چەندین جار من بە خۆم گوێم لە مالیکی بووە و، ئەو وەسپەی داوەتە پاڵ سەدر، ئەوەی بارزانی و سیادەی سوننەش شتێکی نوێ نییە و، هەر لە پێکهێنانی هاوپەیمانییە سێ قوڵییەکە، تا ئەمڕۆ ئەو تۆمەتەیان ئاراستە دەکات.

ئەوەی پێویستە بگوترێت ئەم تۆمارە دەنگییانە، یان دەبێ لەلایەن هاوپەیمانییە سێ قۆڵییەکە بڵاو کرابێتەوە، کە پێشتر بەدەستیان کەوتووە، یانیش لەلایەن چەند لایەنێکی ناو چوارچێوەی هەماهەنگی تا ڕادە بۆ ویستەکانی مالیکی دانێن، کە پاش کشانەوەی سەدر و بێ پرسکردن بەو لایەنانە، دەیەوێت خۆی بۆ پۆستی سەرۆك وەزیران کاندید بکات.

هەر چەند مالیکی زۆر نیگەرانە لە بڵاوبوونەوەی ئەم تۆمارانە و بە دوای ئەو سەرچاوەیەدا دەگەڕێت کە تۆمارەکانی بڵاو کردووەتەوە، بەڵام لەو گرنگتر کاردانەوەی سەدر و بارزانی و سیادەیە لە ئاست ئەو وەسپ و تۆمەتانە کە ناکرێ بە ئاسانی تێپەڕ بن.

بەر لە هەموو شتێك پێویستە لە ڕووی ئەخلاقییەوە ئەو وەسپ و تۆمەتانە لەلایەن هاوپەیمانانی مالیکییەوە سەرکۆنە بکرێن و دواتر ئەو کەسانەی ناویان لە تۆمارەکاندا هاتووە سکاڵا لەسەر مالیکی تۆمار بکەن.

ڕاستە کشانەوەکەی سەدر لە ڕووی سیاسییەوە پێویست نەبوو، چونکە بواری دایە مالیکی تا ببێ بە خاوەن گەورەترین کوتلە لە پەرلەماندا، بەڵام لەوانەیە بە حوکمی واقیع (دروست بێ) کە بەداخەوە کاریگەرییەکانی لەلایەن چوارچێوە بە باشی نەخوێندرایەوە، سەدر فشارێکی زۆری لەسەر بوو لەلایەن دادگای فیدراڵی و گرووپە چەکدارەکانی سەر بە ئێران، تا فەشەل بە هاوپەیمانییەکەی بێنێت لەگەڵ بارزانی و سوننەدا.

ڕاستە سەدر لە لێدوانێکیدا ڕەتی کردەوە کە ئێران فشاری خستبێتە سەر، بەڵام ئەم قسەیەی هەر وەکو قسەکەی پێشووی بوو، سەبارەت بەوەی کە کێ باوك و دوو براکەی شەهید کرد!!

ئێستا هەندێ لایەنی چوارچێوە وا هەست دەکەن کە ئیتر ئەوان گەورەترین هێزی شیعەن و پارتی و سیادەش لەوپەڕی لاوازیدان و، هەردووکیان بە تەنیا جێهێڵدراون، تا ڕووبەڕووی هاوکێشە نوێیەکە بن، کە ئەمەش بەڕای من خوێندنەوەیەکی هەڵەیە.

ڕاستە هاوپەیمانیی سیادە درزێکی بچووکی تێکەوتووە، بەڵام تا ئەو ساتە سەنگی خۆی پاراستووە و بەردەوامیشە لە هەماهەنگی لەگەڵ بارزانی و سەدردا.

**گشت لایەنە سیاسییەکانی عێراقیش لەو باوەڕەدان هەر حکومەتێک بێ سەدر (وەکو شیعە) و بارزانی (وەکو کورد)، کارێکی زۆر ئەستەمە و پێکیش بێت، بەردەوامیی نابێت**

**بە قسەی حەسەن زەرگانی گوتەبێژی پێشووی ڕەوتیش، سەدر بە هیوای ئەوە بوو پارتی و سیادەش لە پەرلەمان بکشێنەوە و دۆخەکە ئاڵۆزار بکەن، بەڵام لە دوا ساتدا پلانەکە گۆڕا**

**هەر چەند مالیکی زۆر نیگەرانە لە بڵاوبوونەوەی ئەم تۆمارانە و بە دوای ئەو سەرچاوەیەدا دەگەڕێت کە تۆمارەکانی بڵاو کردووەتەوە، بەڵام لەو گرنگتر کاردانەوەی سەدر و بارزانی و سیادەیە لە ئاست ئەو وەسپ و تۆمەتانە کە ناکرێ بە ئاسانی تێپەڕ بن**

**سەدر فشارێکی زۆری لەسەر بوو لەلایەن دادگای فیدراڵی و گرووپە چەکدارەکانی سەر بە ئێران، تا فەشەل بە هاوپەیمانییەکەی بێنێت لەگەڵ بارزانی و سوننەدا**

چوارچێوەی هەماهەنگی دوور لە قسەکانی قەیس خەزعەلی کە لە دیدارێکیدا دەڵێت: «بارزانی تەنیا بەرژەوەندیی نەتەوەکەی دەوێت، بۆیە ئێمە هاوپەیمانیی لەگەڵدا ناکەین»، کە ئەمەش دانپێدانانێکی نەیاری کوردە، کە بارزانی تەنیا سەرکردەکەی کوردە کە کار بۆ بەرژەوەندیی میللەتەکەی دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا چاوەڕوانی هەڵوێستی بارزانی و حەلبوسییە کە بە هەردووکیان خاوەنی نزیکەی (٩٥) کورسین و، ئەو ژمارەیەش سەنگی خۆی هەیە لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتوودا.

ئەوەی ڕاستی بێت، سەرەڕای پێویستیی چوارچێوەی هەماهەنگی بۆ ئەم دوو کەسایەتییە، بەڵام لە هەمان کاتدا نایەوێت دوو هاوپەیمانە کۆنەکەی پشتگوێ بخات، واتە یەکێتی و عەزم، کە یەکەمیان چاوی لە پۆستی سەرۆک کۆمارە و ئەویتری لە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان.

لە دیدارێکی چوارچێوەی هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکی یەکێتیدا کە باس دێتە سەر پۆستی سەرۆک کۆمار، سەرکردەیەکی ئەو چوارچێوەیە ڕوو لە سەرۆکی یەکێتی دەکات و پێی دەڵێت پێویستە بۆ ئەم پۆستە لەگەڵ پارتی ڕێك بکەویت، ئەویش لە وەڵامدا پێی دەڵێ: «ئەگەر بمویستایە بەر لەمە ڕێك دەکەوتم».

بە باوەڕی من پرسەکە بەو ئاسانییە نییە کە هەندێ کەس وێنای بۆ دەکەن، بارزانی خاوەنی پێگەیەکی جەماوەرییە و خاوەنی دەنگی یەکەمی کوردستانە، حەلبوسی-یش زۆرینەی سوننەی لەگەڵدایە، بۆیە هەر هەوڵێك بە پێچەوانەی واقیع پشێوییەك لە سەنگی سیاسیی ناو پەرلەماندا دروست دەکات.

پارتی تا ئێستا چاوی لە پۆستی سەرۆك کۆمارە و دوا تویتی سەدریش سەبارەت بە سەرۆك کۆمار و واژوونەکردنی یاسای تاوانی ئاساییبوونەوە لەگەڵ ئیسرائیل، ئاماژەیەکە کە سەدر دەرگای دانی ویلایەتی دووەم بە د. بەرهەم ساڵحی داخستووە و، لەم حاڵەتەشدا دەبێ یەکێتی بە دوای ئەلتەرناتیڤێك بگەڕێ، کە ئەمەش داوایەکی پارتی بوو لە یەکێتی.

هەر لایەنێکی کوردی ئەگەر وا تێبگات کە ئێستا دۆخەکە جیاوازە و دەتوانێ بێ بارزانی بەربژێرەکەی تێپەڕێنێت، هەڵەیەکی ستراتیژیی گەورە دەکات و حەتمەن لێی پاشگەز دەبێتەوە، چونکە ئەویش وەکو حکومەتی داهاتوو بەردەوامی نابێت.

عێراق لە بەردەم گۆڕانکارییەکی گەورەدایە، کە لەوانەیە پاش کشانەوەکەی سەدر کشانەوەی دیکە ڕوو بدات و هاوپەیمانییەکانیش درزیان تێ بکەوێ، بەتایبەتی ئەگەر زانیمان عامری سەرۆکی هاوپەیمانیی (فتح) لەو تۆمارە دەنگییانەی مالیکی عاجزە، کە لە شوێنێکدا تۆمەتی ئەوەی دەداتە پاڵ کە هێزەکەی (٣٠) هەزار بندیواری تێدایە.

هاوپەیمانیی (فتح) ئێستا بووەتە هاوکوفێکی دەوڵەتی یاسا و جیاوازیی کورسییان لە (٦) کورسی تێپەڕ ناکات.

دەوڵەتی یاسا دەیەوێ بە زووترین کات حکومەت پێك بێت و نووری مالیکی سەرۆکایەتی بکات و (فتح)یش دەیەوێ تا سەر نێوان مالیکی و سەدردا پارێزگاری لە مووتاکەی موعاویەی کوڕی ئەبوو سفیان بکات، واتە پشتگیری لە حکومەتی داهاتوو، بەڵام بەشداریی تێدا ناکات، کە ئەمەش ئاماژەیەکی خراپە بۆ مالیکی.

بەهەر حاڵ لە ئەنجامدانی گۆڕانکارییەکاندا سەدر و بارزانی ڕۆڵێکی سەرەکییان دەبێت، ئەویش بە حوکمی پێگەی جەماوەرییان، هەتا ئەندامێکی چوارچێوە لە لێدوانێکدا بە دووری نازانێت ڕێککەوتنێکی نهێنی هەبێت لە نێوان بارزانی و سەدر و حەلبووسیدا، بۆ گێڕانی ڕۆڵێکی تەواوکەر لە ئیدارەدانی تەنگژەکە و کەوتاندنی چوارچێوەی هەماهەنگی لە تەلەی داماکی سیاسیدا.

پەیوەندیی سەدر بە بارزانی و قسەکانیان دەربارەی میکانیزمی هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ لێکەوتەکانی بڕیاری کشانەوە، دەکرێ لەم چوارچێوەیەدا لێك بدرێتەوە.

ڕاستە سەدر بژاردە سیاسییەکانی بۆ هەردوو هاوپەیمانەکەی هێشتووەتەوە، بەڵام ئەو بژاردانە سیاقێکی جیاواز وەردەگرن، پشتیش بە دەغەڵیکردنی چوارچێوە دەبەستن لە بەردەم بنکە جەماوەرییەکەی، کە لایەنێکی (جوداخواز و هاوکار لەگەڵ مۆساد) بانگهێشت کراوە ببێ بە هاوبەش لە حوکمدا، ئەم دەغەڵییەش سەرەتایەك دەبێت بۆ وتووێژێکی قورس و درێژی بێ ئەنجام.


**ڕاستە هاوپەیمانیی سیادە درزێکی بچووکی تێکەوتووە، بەڵام تا ئەو ساتە سەنگی خۆی پاراستووە و بەردەوامیشە لە هەماهەنگی لەگەڵ بارزانی و سەدردا**

**قەیس خەزعەلی لە دیدارێکیدا دەڵێت: «بارزانی تەنیا بەرژەوەندیی نەتەوەکەی دەوێت، بۆیە ئێمە هاوپەیمانیی لەگەڵدا ناکەین»، ئەمەش دانپێدانانێکی نەیاری کوردە، کە بارزانی تەنیا سەرکردەکەی کوردە کە کار بۆ بەرژەوەندیی میللەتەکەی دەکات**

**بارزانی خاوەنی پێگەیەکی جەماوەرییە و خاوەنی دەنگی یەکەمی کوردستانە، حەلبوسی-یش زۆرینەی سوننەی لەگەڵدایە، بۆیە هەر هەوڵێک بە پێچەوانەی واقیع پشێوییەک لە سەنگی سیاسیی ناو پەرلەماندا دروست دەکات**

**هەر لایەنێکی کوردی ئەگەر وا تێبگات کە ئێستا دۆخەکە جیاوازە و دەتوانێ بێ بارزانی بەربژێرەکەی تێپەڕێنێت، هەڵەیەکی ستراتیژیی گەورە دەکات و حەتمەن لێی پاشگەز دەبێتەوە، چونکە ئەویش وەکو حکومەتی داهاتوو بەردەوامی نابێت**

دیمانەی تایبەت




## گریگۆری ئەفتاندیلیان

پرۆفیسۆری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخ لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن دی. سی بۆ گوڵان:

# سەرۆک بایدن هاوپەیمانەکانی لەم ناوچەیەدا دڵنیا کردەوە کە دەستبەرداریان نابێت

**گریگۆری ئەفتاندیلیان پرۆفیسۆری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی هاوچەرخە لە زانکۆی ئەمریکی لە واشنتۆن دی سی، و پسپۆڕ و تایبەتمەندی کاروباری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە، هەروەها وانەبێژە لە سکووڵی پاردی بۆ دیراساتی جیهانی لە زانکۆی بۆستۆن. بۆ ماوەی پتر لە بیست ساڵ وەك شرۆڤەکاری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لە هەر دوو وەزارەتی دەرەوە و بەرگریی ئیدارەی ئەمریکا کاری کردووە، هەروەها ڕاوێژکاری سیاسەتی دەرەوەی ئەنجومەنی پەیوەندییە دەرەکییەکانی ئەنجومەنی پیران بووە. بۆ تاوتوێکردنی هۆکار و دەرئەنجامەکانی سەردانی ئەم دواییەی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا |(جۆ بایدن) بۆ ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کاریگەری لەسەر ڕەنگڕێژکردنەوەی پەیوەندییەکانی ئەمریکا بە وڵاتانی ئەم ناوچەیە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجام دا.**

*** ئاشکرایە کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ناوچەیەکی پڕ لە کێشە و تەنگژە و ناکۆکییە و چەندین دەوڵەتی دەرەکییش دەستڕۆیشتوویی و دەستتێوەردانیان هەیە لە کاروبارەکانی ئەم ناوچەیەدا، بە تایبەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ئەوە بوو لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردووشدا سەرۆکی ئەمریکا سەردانی ئەم ناوچەیەی کرد، ئایا ئەم سەردانە چ ئامانجێکی هەبوو و تا چەند توانیویەتی ئامانجەکانی بپێکێت؟**

- لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین بەشێك لە هۆکار و پاڵنەری ئەم سەردانەی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (جۆ بایدن)، هەلومەرجی ناوخۆیی خودی ئەمریکا بوو، چونکە سەرۆك بایدن ویستی سەرنجی جوولەکەکانی نێو ئەمریکا- کە پاڵپشتی ئیسرائیل دەکەن- ڕابکێشێت لە ڕێی سەردانکردنیەوە بۆ وڵاتی ئیسرائیل، لە هەمان کاتدا باڵی پێشکەوتنخوازی حزبی دیموکراتەکانی نێو وڵاتەکەی پتر مەیلیان بۆ فەلەستینە و هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بوو کە چاوپێکەوتنی لەگەڵ سەرۆکی دەسەڵاتی فەلەستینی (مەحموود عەباس) ئەنجام دا لە کەناری ڕۆژئاوا. کەواتە دووپاتی دەکەمەوە بەشێك لە پاڵنەری سەردانەکە پەیوەندیدار بوو بە هەلومەرجی ناوخۆیی ئەمریکاوە. دواتر هەرچەندە سەرۆك جۆ بایدن بەڵێنی دا کە بەردەوام بێت لە پشتیوانیکردنی ئەو چارەسەرەی دوو دەوڵەت لەخۆ دەگرێت-لە پەیوەندی بە ناکۆکیی ئیسرائیل و فەلەستینەوە-، بەڵام پێم وانییە سەرمایەیەکی سیاسیی زۆر بەم ئاراستەیەدا بخاتەگەڕ لە پێناو بەرەوپێشبردنی

**سەرۆک جۆ بایدن هەوڵی دا قەناعەت بە کاربەدەستانی سعودیە بکات بۆ ئەوەی بڕی نەوتی هەناردەکراو بۆ بازاڕەکانی جیهانی زیاتر بکەن**

پرۆسەی ئاشتی لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا. بە تایبەتی کە لە ئێستادا ئیسرائیل حکومەتێکی کاربەڕێکەری هەیە.

*** ئەی چۆن لە سەردانەکەی دەڕوانن بۆ وڵاتی سعودیە، بە تایبەتی کە ئەمە مشتومڕێکی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا لە نێو ناوەندە سیاسی و ڕاگەیاندنەکاندا؟**

- ئەوە ڕاستە کە سەردانەکەی سەرۆك بایدن بۆ وڵاتی سعودیە مشتومڕ و قسەوباسێکی زۆری بە دوای خۆیدا هێنا، بە تایبەتی کە کۆبوونەوەی لەگەڵ شازادەی جێنشینی سعودیە محەمەد بن سەلمان ئەنجام دا. چونکە لەبیرمان نەچێت کە جۆ بایدن لە سەرەوختی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردندا ئاماژەی بەوە کرد کە سعودیە وڵاتێکی نەخوازراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی بەدیمان کرد ئەوە بوو کە سەرۆك جۆ بایدن هەوڵی دا قەناعەت بە کاربەدەستانی سعودیە بکات بۆ ئەوەی بڕی نەوتی هەناردەکراو بۆ بازاڕەکانی جیهانی زیاتر بکەن لە پێناو دابەزاندنی نرخی نەوتدا، چونکە ئاشکرایە کە بەکاربەرانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا تووڕەن لە نرخی بەرزی بەنزین و بەرهەمەکانی دیکەی نەوت. لە هەمان کاتدا بەو ئاراستەیەکدا کاری کرد کە عەرەبستانی سعودیە دڵنیا بکاتەوە لەوەی پاڵپشتی لێ دەکرێت لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، ئەویش بۆ ئەوەی سعودیە بە ئاراستەی ڕووسیا، یان چیندا هەنگاو هەڵنەگرێت و چەکیان لێ نەکڕێت. بە واتایەکی دیکە جۆ بایدن ویستی ئەو پەیامە دووپات بکاتەوە کە هێشتا ئەمریکا هاوبەشێکی ستراتیژیی سعودیەیە. هەروەها سەردانەکە دەرفەتی ڕەخساند بۆ ئەوەی کۆبوونەوە لەگەڵ سەرکردەکانی وڵاتانی میسر و ئەردەن و عێراقدا بکات -لە لوتکەی جەددە لە سعودیە-، و لەم ڕووەوە بەڵێنی پاڵپشتی دا لەو گرووپە سێ قۆڵییەی لە ماوەی سێ ساڵی ڕابردوودا پەرەیان پێ داوە. هەروەها نابێت ئەوەش نادیدە بگرین کە ئەو کاری لەسەر دۆسییەی یەمەنیش کرد، سەرکەوتووش بوو لە هەوڵەکانی لەگەڵ عەرەبستانی سعودیە لە پەیوەندی بە هێنانەئارای ئاگربەستەوە لە وڵاتی یەمەندا، لەم ڕووەوە لەوەی ڕوانی ئایا دەکرێت ئەم ئاگربەستە بگۆڕدرێت بۆ چارەسەرێکی درێژخایەن بۆ قەیران و تەنگژەی ئەو وڵاتە. کەواتە ئەم گەشتە ئامانجی جۆراوجۆری لەخۆ گرتبوو.

*** ئێوە ئاماژەتان بەوە کرد کە بەشێك لە هۆکارەکانی ئەم سەردانە پەیوەندیدارە بە هەلومەرجی ناوخۆیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە، بەڵام ئایا لەسەر ئاستی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێت وایە ئەم سەردانە سەرکەوتوو بووە لەوەی زەمینەیەکی لەبار بسازێنێت بۆ بنیاتنان، یان پەرەپێدانی پەیوەندییەکی جیاواز و پتر ئەرێنی لە نێوان ئەمریکا و وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا؟**

- من بەو شێوەیە گوزارشتی لێ ناکەم کە ئەمە هەوڵێك بوویێت بۆ بنیاتنانی ڕایەڵەی نوێی پەیوەندی، بەڵکو ئەوەی بەدی کرا، هەوڵ و کۆشش بوو بۆ پتەوکردن و بەهێزکردنی ئەو پەیوەندییانەی لە ئارادا بوون. بۆ نموونە، لەم ڕووەوە دەتوانین ئاماژە بەوە بکەین کە لە ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و عەرەبستانی سعودیە هاوبەشێکی ستراتیژیی یەکتر بوون. ڕاستە لەو ماوە دوور و درێژەدا هەوراز و نشێوی زۆر بە خۆوە بینیوە، بەڵام هەرچۆنێك بێت بەردەوام بووە و درێژەی کێشاوە و پارێزگاری لەم هاوبەشێتییە ستراتیژییە کراوە لە نێوانیاندا. لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو وڵاتی سعودیە و ئیمارات نارەحەت و نیگەران بوون لەوەی کاتێك حوسییەکان بە مووشەك هێرشیان کردە سەر ئەم دوو وڵاتە ئەوا- لە تێڕوانینی ئەواندا- ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کاردانەوە و پەرچەکردارێکی بەهێزی نەبوو لە ئاست ئەم هێرشانەدا. لەم ڕوانگەیەوە سەرۆك جۆ بایدن هەوڵی دا ئەم پەیوەندییانە بگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی پێشوو و سەرلەنوێ پتەو و بەهێزیان بکاتەوە. دواتر دەبێت ئێمە ئەوەش لە یاد نەکەین کە لە نێو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نیگەرانییەك هەیە لە ئاست ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کات و کۆششی خۆی بۆ بایەخدان بە پرسەکانی پەیوەست بە وڵاتانی ئاسیا تەرخان کردووە، ئەویش لەسەر حیسابی پەیوەندییەکانی

**لە نێو ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نیگەرانییەک هەیە لە ئاست ئەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کات و کۆششی خۆی بۆ بایەخدان بە پرسەکانی پەیوەست بە وڵاتانی ئاسیا تەرخان کردووە**

**ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتی جۆ بایدن ڕایان وایە بوونی ڕێککەوتنێک لە بارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە باشترە لە نەبوونی ڕێککەوتنێک لەوبارەیەوە**

ئەمریکا بە وڵاتانی ئەم ناوچەیەوە. لەبەر ئەوە بە تێڕوانینی من پەیامی سەرۆك جۆ بایدن بۆ گەلان و حکومەتەکانی ئەم ناوچەیە ئەوە بوو کە ئەمریکا نایەوێت بەم ئاراستەیەدا کار بکات، واتە نایەوێت لەسەر حیسابی پشتگوێخستنی کێشەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بایەخ بە پرسە و تەنگژەکانی ئاسیا بدات. هەروەها جۆ بایدن ئەو ڕاستییە و ئەو واقیعەی لەبەرچاو گرت کە لەم ناوچەیەدا کێشە و تەنگژەی پەیوەست بە ئاسایشی خۆراکەوە هاتووەتەئاراوە و سەریهەڵداوە بە هۆی هەڵگیرسان و درێژەکێشانی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە. هەر لەم ڕووەشەوە بەڵێنی بەخشینی یەك ملیار دۆلاری دا بۆ کەمکردنەوەی کاریگەری و لێکەوتەکانی تەنگژەی پەیوەست بە ئاسایشی خۆراکەوە لەم ناوچەیەدا.

*** لە میانەی سەردانەکەی سەرۆك جۆ بایدندا ئەوە ڕاگەیەندرا کە چیتر ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆشاییەك لەم ناوچەیەدا جێ ناهێڵێت بۆ ئەوەی وڵاتانی وەك ڕووسیا و چین پڕی بکەنەوە و کەڵکی لێ وەربگرن، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەمە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە لە سیاسەتی دەرەوەی ئیدارەی ئەمریکا لە ئاست ئەم ناوچەیەدا؟**

- لە ڕاستیدا من ئەمە بە وەرچەرخان و ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی لێك نادەمەوە لە سیاسەتی دەرەکیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ئاست ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، بەڵکو پێم وایە ئەمە زیاتر هەوڵێکە بە ئاراستەی پتەوکردنی ئەو پەیوەندییانەیە کە ئەمریکا لەگەڵ وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا هەیەتی-هەروەك پێشتریش ئاماژەم پێ کرد-. بە گوزارشت و دەربڕینێکی دیکە ئەمریکا ویستی هاوبەش و هاوپەیمانەکانی لەم ناوچەیەدا دڵنیا بکاتەوە کە دەستبەرداریان نابێت و پشتیان تێ ناکات. هەرچەندە هێشتا دڵەڕاوکێ و نیگەرانی هەیە لە ئاست پرسی پەیوەست بە پڕۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە، کە لەم ڕووەوە ئیدارەی ئەمریکا بە سەرۆکایەتیی جۆ بایدن ڕایان وایە بوونی ڕێککەوتنێك لە بارەی پڕۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە باشترە لە نەبوونی ڕێککەوتنێك لەو بارەیەوە. هەرچەندە نازانین کە پڕۆسەی گفتوگۆکان لەم بارەیەوە بە چ ئاقار و ئاراستەیەکدا دەڕۆن و ئایا چ دەرئەنجامێکیان لێ دەکەوێتەوە. بەڵام ئەگەر ڕێککەوتنێکیش لەم ڕووەوە بکرێت، ئەوا وڵاتانی وەك عەرەبستانی سعودیە و ئیمارات و بەحرەین پێی نیگەران دەبن، لەبەر ئەوە سەرۆکی ئەمریکا ویستی زامنی پشتیوانیی ئەم وڵاتانە بکات، تەنانەت ئەگەر هاتوو گەیشتە ڕێککەوتنێك لەگەڵ ئێراندا لەبارەی پڕۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئەو وڵاتەوە.



## جۆن تیرمان

بەڕێوەبەری جێبەجێکار و توێژەری باڵا لە سەنتەری دیراساتی نێودەوڵەتی لە ئەنستیتوتی تەقەنی ماسوشتێستس بۆ گوڵان:

# شەڕێکی دیکەی سارد لە ئاسۆدا دەرکەوتووە

**جۆن تیرمان بەڕێوەبەری جێبەجێکار و توێژەری باڵایە لە سەنتەری دیراساتی نێودەوڵەتی لە ئەنستیتوتی تەقەنی ماسوشتێستس، خاوەنی چەندین کتێب و توێژینەوەیە لەبارەی کاروبارە نێودەوڵەتییەکان. شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە وەك پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، سیاسەتی دەرەوە و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا شرۆڤەکرد کە پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا و ئاکام و دەرهاویشتەکانی ئەم شەڕە و چەند پرسێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

**کاردانەوەی ئیدارەی سەرۆک جۆ بایدن لە ئاست شەڕەکەی ڕووسیا و ئۆکرانیادا جێی ستایش و دەستخۆشیکردنەوە**

**ئەگەر ڕووسیا هێزەکانی لە سووریا بکێشێتەوە و ڕەوانەیان بکات بۆ شەڕی ئۆکرانیا، ئەوا تەنگژە و قەیرانی سووریا قووڵتر دەبێتەوە و هەلومەرجەکە زیاتر هەڵدەکشێت**

*** وەك شارەزایەکی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، پێتان وایە هەڵگیرسان و بەرپابوونی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا چیمان پێ دەڵێت دەربارەی سیاسەت، یان ململانێی هێزە مەزنە جیهانییەکان؟ ئایا دەکرێت بڵێین ئێمە پێمان ناوەتە نێو جەنگێکی ساردی دیکەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەوەی دەکرێت لەم ڕووەوە بوترێت، ئەوەیە کە بەڵێ ئەم پەرەسەندن و پێشهاتەی لە ئێستادا هاتووەتەئاراوە پێمان دەڵێت ئەو هەلومەرجەی دروست بووە زیاتر و زیاتر وا پێ دەچێت کە شەڕێکی دیکەی سارد لە ئاسۆدا دەرکەوتبێت. سرووشتی دڵڕەقانە و کاولکاریی ئەم شەڕەی هەڵگیرساوە و لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی کە ئەم شەڕەی ئێستا- لە نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا- بە ئەنقەست بەرپا کراوە، بوونەتە هۆی ئەوەی هەڵوێست و تێڕوانینەکان بە چەشنێك توند بن، کە ئەو ڕۆژگارەمان بیر بخاتەوە کە چۆن ژێردەستەکردنی ئەورووپای ناوەڕاست لەلایەن یەکێتیی سۆڤیەتەوە هۆکارێك بوو بۆ ڕوودانی ئەو ڕووداوانەی کە دواتر سەریان کێشا بۆ هاتنەئارای شەڕی سارد.

*** پێتان وایە بۆچی ڕووسیا و خودی سەرۆکی ئەو وڵاتە پەنایان بۆ ئەم بژارە و ئەم ڕێگاچارەیە برد، بە تایبەتی دوای ئەوەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان بە چەشنێك پەرەیان سەندبوو کە پەنابردنی بۆ سڕینەوەی دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری لەسەر نەخشەی جیهان بە ئەگەرێکی دوور دەزانرا؟**

- بە تێڕوانینی من دەکرێت هۆکاری هەرە سەرەکیی ئەم شەڕە بگەڕێندرێتەوە بۆ خواست و خولیای خودی سەرۆك ڤلادمیر پوتین بۆ بەدەستهێنانی شکۆمەندی لە ڕێگای دووبارە بنیاتنانەوە و پێکهێنانەوەی ئیمپراتۆریەتی ڕووسیا. بە تایبەتی ئەگەر ئێمە ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە ئەو ڕاپۆرتانەی دەدرانە سەرۆك پوتین، باسیان لەوە دەکرد کە ڕووسیا دەتوانێت بە کاتێکی کەم سەرکەوتنێکی خێرا و یەکلاکەرەوە بەدەست بهێنێت لە ئۆکرانیادا.

*** ئێستا ئەگەر لە دۆخی شەڕەکە بڕوانین، ئایا پێت وایە ئاقار و ئاراستەی شەڕەکە چۆن**

**دەبێـت؟ مەبەسـتمان ئەوەیـە ئایـا پێشـبینی ئـەوە دەکەن کە شەڕەکە پتر بەرفراوان و بەربڵاو بێت و زیاتـر بـەرەو هەڵکشـان بچێت، یـان ئەگـەری ئـەوە هەیـە لـە ڕێـی دانوسـتان و گفتوگـۆوە چارەسـەر و ڕێگاچارەیـەك بـۆ ئاگربەسـت، یـان ڕێککەوتـن بهێنرێتەئـاراوە؟**

- سـەرەتا دەبێـت ئـەوە بوترێـت کـە ئـەم شـەڕەی ئێسـتا چەنـد مانگێکـە دەسـتی پـێ نەکـردووە، بەڵکـو لـە ڕاسـتیدا ئـەم شـەڕە لـە ساڵی ٢٠١٤دا هەڵگیرسـا و دەسـتی پـێ کـرد، واتـە ئـەو کاتـەی ڕووسیا بڕیاری داگیرکردنی هەرێمی کریمیای دا، کە بەشێکی وڵاتی ئۆکرانیا بوو و کردییە بەشێك لـە خاکـی وڵاتەکـەی. دواتـر ئـەوەی پەیوەسـت بێـت بـە ئەگـەری دانوسـتاندن و گفتوگـۆوە، ئـەوا لێرەدا پرسیارە سـەرەکی و بنەڕەتییەکە ئەوەیـە ئایا سەرۆکی ڕووسیا ڤلادمیر پوتین کەسێکە دەیەوێت ئـەم ڕێگاچارەیـە بگرێتەبـەر بـۆ کۆتاییهێنـان بـەم دۆخـە؟

*** هەروەك ئاشکرایە بە بێ پاڵپشتی و هاوکاریی ڕۆژئـاوا- بـە تایبەتـی ویلایەتـە یەکگرتووەکانـی ئەمریـکا- ئۆکرانیـا نەیدەتوانـی بەرهەڵسـتی داگیرکارییەکـەی ڕووسـیا بـکات، ئێـوە چـۆن لـە کاردانـەوەی ڕۆژئـاوا دەڕوانـن لـە ئاسـت ئـەم شەڕەدا، بە تایبەتی ئەو ڕێکار و سزا ئابووری و داراییانەی کە سەپاندیان بە سەر ڕووسیادا و ئایا پێتان وایە لە کۆتاییدا ڕووسیا ناچار دەکەن کە بـە سیاسـەت و بڕیارەکانیـدا بچێتـەوە؟**

- هیـچ گومـان هەڵناگرێـت کـە ئـەدا، یـان کاردانـەوەی ئیدارەی سەرۆك جۆ بایدن لـە ئاست شـەڕەکەی ڕووسـیا و ئۆکرانیـادا جێـی سـتایش و دەستخۆشـیکردنەوە. چونکـە بـە دڵنیاییـەوە دەسـتەبەرکردنی چـەك و هاوکارییـە داراییـەکان بـۆ ئۆکرانیـا و بەردەوامبـوون و درێـژەدان بـە ڕێـکار و ڕێوشـوێنە سزاییەکان لە دژی ڕووسیا زۆر گرنگە.

*** ئاشـکرایە کـە ئـەم شـەڕەی ڕووسـیا و ئۆکرانیـا کاریگـەریـی جیهانـی لـێ کەوتووەتـەوە لـە پەیوەنـدی بـە ئاسایشـی خـۆراك و پرسـی وزەوە، وەك بەرزبوونـەوەی نرخـی خـۆراك و نـەوت و غـاز، بـەڵام ئایـا بـە دیاریکـراوی چـۆن لـە کاریگـەریـی ئـەم شـەڕە لەسـەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانن؟**

- ئـەوەی پەیوەنـدی بـە کاریگـەریـی ئەم شەڕەوە هەبێت لەسـەر ئەم ناوچەیە، ئەوا

ئـەوەی بـەدی دەکرێت ئەوەیـە کـە هـەر دوو وڵاتـی عەرەبسـتانی سـعودیە- کـە ئامـادە نەبـوو بـڕی هەناردەکردنـی نـەوت بـۆ بازاڕەکانـی جیهـان زیـاد بـکات- و ئیمـارات- کـە ئامـادە نەبـوو ئیدانـەی ڕووسـیا بـکات- . بـەڵام ڕەنگـە زەحمـەت بێـت بتوانیـن کاریگەرییەکانی لەسەر پرۆسـە، یـان بەرەوپێشـچوونی گفتوگۆکانـی پەیوەسـت بـە پرۆگرامـی ناوکیی ئێرانەوە دەستنیشـان بکەیـن. ئـەوەی پەیوەسـت بێـت بـە بارودۆخـی سووریاوە، ئـەوا ئەگـەر ڕووسـیا هێزەکانـی لـە سـووریا بکێشـێتەوە و ڕەوانەیـان بـکات بـۆ شـەڕی ئۆکرانیـا، ئـەوا تەنگـژە و قەیرانـی سـووریا قووڵتـر دەبێتـەوە و هەلومەرجەکـە زیاتـر هەڵدەکشـێت.





# کەلتووری ئاوپارێزی و کشتوکاڵکردنی زیرەک ڕێگەیەکن بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی ئاووهەوا

بەڵگەنەویستە کە ڕۆڵی ئاو لە ئاوەدانکردنەوەدا کاریگەرە، تا ئەو ڕاددەیەی کە پێشینانمان گوتوویانە: «ئاو و ئاوەدانی»، هەر لەبەر ئەمەش بووە کە زۆربەی هەرە زۆری ناوی گوندەکان پێشگر، یان پاشگری (ئاو)یان (کانی)یان پێوە بووە، ئەمە جگە لە گرنگیی ڕۆڵی ئاو لە سەرهەڵدانی شارستانیەتەکاندا، هەروەها ناکرێت ڕۆڵی ئاو نادیدە بگیرێت لە بەرهەمهێنان و داهێنان و پەرەسەندنی کەلتووری گەلاندا، بە جۆرێك کە ئاو کۆڵەگەی هاوبەش بووە لەم بوارەدا لە تەواوی جیهاندا، ئەمە وێڕای گرنگیی و ڕۆڵی ئاو لە ناساندنی گەلان بە یەکدی، کاتێك زۆرێك لە سەرچاوە ئاوییەکانی سەر زەوی بە زیاتر لە یەك وڵاتدا تیپەڕ دەبن و بە یەکدییان دەبەستنەوە، بۆیە ئەمڕۆ بەهۆی گۆڕانکارییە نەرێنییەکانی ئاو و هەواوە، جێگەی خۆیەتی ئێمەش وەك وڵاتانی دیکە لە خەمی پاراستنی سەرچاوەکانی ئاودا بین و، بە گرنگتر لە سامانی نەوتی بزانین، چونکە وەك گوتراوە: مرۆڤایەتی ساڵانێکی زۆر بە بێ نەوت ژیاوە، بەڵام نەیتوانیوە و ناتوانێت بە بێ ئاو بژی، بۆیە لێرەدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بە سێ باس بدەین، ئەوانەش:

یەکەم: برەودان بە کەلتووری ئاوپارێزی بە پیادەکردنی ئەم بنەمایانەی لای خوارەوە:

- هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان بۆ باش ڕەفتارکردن لە بەکارهێنانی ئاودا.
- ئاو پێویستی بە ئیدارەدانێکی باشتر و بەردەوام هەیە.
- پێویستە دەوڵەتان کێشەکانی پەیوەست بە ئاو چارە بکەن.
- کۆکردنەوەی پرسی ئاو و کێشەکانی لە یەك ئەنجومەنی باڵای بڕیاردەردا.
- تێچووی پاراستنی ئاو لە پیسبوون، کەمترە لە تێچووی چارەسەرکردن و خاوێنکردنەوەی.
- کۆکردنەوە و کۆگاکردنی ئاو لە تانکیی گەورەی ژێر زەویدا، بۆ کەمکردنەوەی بڕی ئاوی بەهەڵم بوو.
- بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای نوێ لە بواری پاراستنی ئاودا.
- ئەنجامدانی چاکسازی لە پەیکەری فەرمانگەکانی ئاودا.
- دەرچوواندن و کاراکردنی یاساکانی پاراستنی ئاو.
- تەرخانکردنی دارایی پێویست بۆ توێژینەوەکانی تایبەت بە ئاو.

دووەم: بایەخدان بە کشتوکاڵکردنی زیرەك

کشتوکاڵکردنی زیرەك بە پێی پێناسکردنی ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ (فاو)

پەیڕەوکردنی ئەو ڕێکارانەیە بۆ گۆڕینی سیستمی کشتوکاڵی بەرەو پاڵپشتیکردنی ئاسایشی خۆراك، بە ڕەچاوکردنی گۆڕانکارییەکانی ئاو و هەوا بە مەبەستی



**عەبدولڕەحمان سدیق**

بۆ گوڵان دەینووسێت

دابینکردنی سێ ئامانجی وەك:

- زیادکردنی بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی بەردەوام.

- خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئاووهەوا.

- کەمکردنەوەی دەرهاویشتنی غازەکانی قەتیسکردنی گەرمی.

کشتوکاڵکردنی زیرەك هۆکارێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە دەڵێت: کام سیستمی بەرهەمهێنان و کام ڕێگە و ڕێکار باشترینن بۆ ڕووبەڕووبونەوەی گۆڕانکارییەکانی ئاو و هەوا لە شوێنێکی دیاریکراودا، بۆ زیادکردنی بەرهەم و داهات؟

کشتوکاڵکردنی زیرەك لە ڕووی گۆڕانکاریی ئاو و هەواوە، یەکێکە لەو یازدە بوارە بۆ بەکارهێنانی دەرامەتەکان لە چوارچێوەی ئامانجە ستراتیژییەکانی ڕێکخراوی خۆراك و کشتوکاڵ (فاو)، لەبەر ئەوەی کشتوکاڵکردنی زیرەك لە ڕووی گۆڕانکاریی ئاو و هەواوە، هۆکارێکە بۆ دابینکردنی ئاسایشی خۆراك و خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئاو و هەوا و کەمکردنەوەی ئاسەوارە زیانبەخشەکانی.

سێیەم: بایەخدان بە تەندروستیی ڕووەك

نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ١٢ی ئایاری هەموو ساڵێکی بە (ڕۆژی جیهانیی تەندروستیی ڕووەك) ناساندووە، بە مەبەستی زیادکردنی هۆشیاری لەسەر ئاستی جیهان، بۆ بەشداریکردن لە پاراستنی سەلامەتیی ڕووەکدا.

ڕووەك بە گشتیی ڕۆڵی هەیە لە پاراستنی ژینگە و پاڵپشتیکردنی گەشەپێدانی ئابووری و ڕێگریکردن لە برسێتی و سنووردانان بۆ هەژاری.

تەندروستیی مرۆڤ و سەلامەتیی ئەم هەسارەیەمان، پەیوەستە بە بوونی ڕووەکەکانەوە، چونکە ڕووەکەکان نزیکەی ٨٠٪ی ئەو خۆراکە پێك دەهێنن کە دەیخۆین و، ٩٨٪ ی ئەو ئۆکسجینەش پێك دەهێنن کە هەناسەی پێ دەدەین.

بۆیە هەڕەشە لەسەر ڕووەکەکان هەڕەشەیە لەسەر ژیانی مرۆڤ، بەتایبەت کە ساڵانە بە هۆی ئافات و نەخۆشییە ڕووەکییەکانەوە زیان بەر نزیکەی ٤٠٪ی بەروبوومە خۆراکییەکان دەکەوێت، کە ئەمەش کاریگەریی نەرێنی هەیە لەسەر ئاسایشی خۆراك و کشتوکاڵ، بەتایبەت لە کۆمەڵگە گوندنشینەکاندا، کە سەرچاوەی سەرەکیی داهاتیانە.


ئێستاش کە گۆڕانکارییەکانی ئاو و هەوا و چالاکییە نەرێنییەکانی مرۆڤ و، زۆربوونی گەشت و جووڵەی بازرگانی بوونەتە هۆی گۆڕین لە سیستمی ئیکۆلۆژی و زیانگەیاندن لە فرەجۆریی زیندەوران و بڵاوکردنەوەی زیاتری نەخۆشی، پێویستە لە پێناوی خۆمان و هەسارەکەماندا لە هەموو کات زیاتر ڕووەکەکان بپارێزین.



# پڕۆژەکانی تورکیا لەسەر هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات

## لێکەوتە یاسایی و ئاسەوارە نەرێنییەکانیان





**پ.د.کامەران ساڵحی**

پرۆفیسۆری یاسا لە زانکۆی سۆران - کۆلێژی یاسا

بۆ گوڵانی نووسیوە

**تا ئێستا حەوت بەنداوی گەورە لەسەر ڕووباری فورات تەواو کراون، لەوانەش بەنداوی گەورەی ئەتاتورك، کە چوارەمین گەورە بەنداوە لە جیهاندا، ئەم بەنداوانە بوونەتە هۆی کەمکردنەوەی زۆری قەبارەی ئاو لە سووریا و عێراق**

**ئەگەر جێبەجێکردنی پرۆژەی GAP بەکۆتا هات، تورکیا دەتوانێت دوو لەسەر سێی ئاوی هاتووی ساڵانەی فورات گل بداتەوە، کە کۆی گشتی دەکاتە (٣١،٨)ملیار مەتر سێجا**

### ● ڕەهەندە ڕاستییەکانی پرۆژەی باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیا- GAP:

پرۆژەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ لە تورکیا کە بە(GAP) ناو دەبرێت، سێزدە پرۆژە لەسەر هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات لەخۆ دەگرێت، کە بریتین لە ٢٢ بەنداو و ١٩ وێستگەی کارۆئاویی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبا، لەگەڵ پرۆژەگەلێکی تەواوی ئاودێری و چەند بینایەی دیکەی مەدەنی، حەوت پرۆژەیان دەکەونە سەر ڕووباری فورات کە ١٤ بەنداو و پاشکۆکان و چەند پرۆژەیەکی ئاودێری و تونێلی ئاو لەخۆ دەگرێت، جگە لە شەش پرۆژە کە ٨ بەنداو لەسەر ڕووباری دیجلە، لەگەڵ پرۆژەکانی تەواوی ئاودێری.

تا ئێستا حەوت بەنداوی گەورە لەسەر ڕووباری فورات تەواو کراون، لەوانەش بەنداوی گەورەی ئەتاتورك، کە چوارەمین گەورە بەنداوە لە جیهاندا، ئەم بەنداوانە بوونەتە هۆی کەمکردنەوەی زۆری قەبارەی ئاو لە سووریا و عێراق، کە ئەگەر جێبەجێکردنی پرۆژەیGAP بەکۆتا هات، تورکیا دەتوانێت دوو لەسەر سێی ئاوی هاتووی ساڵانەی فورات گل بداتەوە، کە کۆی گشتی دەکاتە (٣١،٨)ملیار مەتر سێجا.

سەرەڕای ئەوەی کە ناوەندی ساڵانەی ئاوی هاتووی فورات لەسەر سنووری عێراق و سووریا پێش دروستکردنی بەنداوەکانی تورکیا لە دەیەی هەشتاکاندا، لە ٢٨ ملیار مەتر سێجا کەمتر نەبوو، بەڵام ئێستا کەم بووەتەوە و لە باشترین دۆخدا ساڵانە لە ٩ ملیار مەتر سێجا زیاتر نییە، تەنانەت ئەو بڕە ئاوەش لەوەتەی ساڵی ٢٠١٠ کەم بووەتەوە و لە ساڵانی ئایندەشدا هێشتا کەمتر دەبێتەوە، لە ئەنجامدا کوردستان و عێراق ڕووبەڕووی کارەساتێکی ڕاستەقینەی بەبیابانبوون دەبنەوە.

سەبارەت بە ڕووباری دیجلەش تا ئێستا تورکیا سێ بەنداوی تەواو کردووە، ئێستاش بە نیازە بەنداوی ئەلیسۆ دروست بکات، هەروەها پرۆژە تەواوکەرەکانیان کە بریتین لە سیزار بە بەهای ٨٤٠ ملیۆن و ٧٥٠ دۆلار بۆ هەر یەکێکیان یەك لەدوای یەك، بە بەرزایی (١٣٥) مەتر بۆ یەکەم و (٥١)مەتر بۆ دووەم، کۆمپانیای (بلفۆر بتیی)ی بەریتانی بە نیازە بەنداوی ئەلیسۆی دوای وەرگرتنی ڕەزامەندیی حکومەتی بەریتانیا دروست بکات.

هەردوو بەنداوی ئەلیسۆ و سیزار ئاو بۆ زیاتر لە پەنجا گوند و کۆمەڵگەی نیشەجێبوون دابین دەکەن، هاوکات دەبێتە هۆی ڕاگواستن و دەربەدەرکردنی زیاتر لە (٣٠) هەزار کەس لە دانیشتووانی کورد لە زێدی خۆیان، بەو هیوایەی حکومەتی تورکیا لە ئایندەدا شوێنێکی حەوانەوەیان بۆ بدۆزێتەوە.

بەنداوی ئەلیسۆ دەبێتە هۆی خاپوورکردنی شارێکی گەورەی شوێنەواری جیهانی (حەسەن کیف) کە ڕێکخراوی یۆنسکۆ بە شاکارەکانی شوێنەواریی جیهانی داناوە و مێژووەکەیشی بۆ حەوت سەدە بەر لە زایین دەگەڕێتەوە، شوێنەواری چەندین شارستانی وەك ئاشووری و ڕۆمانی و فارسی بووە، هێمایەکی دیاری شارستانیی ئیسلامی بووە.

کێشە گەورە و سەرەکییەکەی ئەم بەنداوە و بەنداوی تەنیشتی لە مەترسییەکەیدایە، کە عێراق دوچاری کارەساتێکی ئاو بکاتەوە، بە گلدانەوەی ئاوی دیجلە کە (١٠،٥)ملیار مەتر سێجا واتا نیوەی ئاوی هاتووی ڕووباری دیجلە گل دەداتەوە.

لە حاڵەتێکدا ئەگەر تورکیا ئەو بەنداوانەی سەر ڕووباری دیجلەی تەواوکردن، ئەوا دەتوانێت ٨٠ لە سەدای ئاوی هاتووی ساڵانەی دیجلە گل بداتەوە، بۆیە ناوەندی ساڵانەی ئاوی هاتووی دیجلە لەسەر سنووری عێراق و تورکیا کە لە (٢١) ملیار مەتر سێجا کەمتر نەبوو، دەبێتە برێکی کەم، تەنانەت بەشی بەهەڵمبوون و نیشتنی ناکات کاتێك دەڕژێتە نێو سنووری عێراقەوە، لەو حاڵەتەدا عێراق لە ڕووی ئاوەوە بە تەواوی پشت بە لقەکانی ناو عێراق دەبەستێت، کە ئەوانیش ڕووبەڕووی کەمبوونەوە هاتوون، بە هۆی ئەوەی ئێرانیش چەندین بەنداوی لەسەر ئەو بەشانەی ناو سنوورەکەی دامەزراندووە، بۆیە عێراق لە ئایندەدا دووچاری کارەساتێکی ئاو دەبێتەوە لە ماوەی چەند ساڵێکی ئەم دەیەدا، کە دەبینین ئێستا دوورگەکان بە ئاشکرا دەرکەوتوون بە درێژایی ڕێڕەوی ڕووباری دیجلە لە عێراق.

وێڕای ئەمانە، مەترسیگەلی دیکە هەن لە ئەنجامی پیسبوونی ئاو بەو خوێیەی کە لە زەویوزاری کشتوکاڵ لە تورکیا پەیدا بووە، هەروەها پاشماوەی ماددە کیمیاوییەکان کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی دەرمانی قڕکەر و پەیینی کیمیاوی هاتووەتە ئاراوە، ئەمەش دەبێتە هۆی زیانی زۆر لەو دەوڵەتانەی ئاوەکەیان بۆ دەچێت، ئەمە جگە لە مەترسیگەلی لاوەکیی ئەم بەنداوانە بە لێکبڕینی پشتێنەی جیۆلۆجی لە ناوچەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ و ئەگەر ئەم بەنداوە زەبەلاحانە، تووشی تەقین و لێکترازان ببن بە هۆی قورسایی و قەبارەی ئاوەکە و ئەو ڕووبەرەی بۆی دەچێت و، لە ئەنجامی نزیکیی ئەم بەنداوانە لە سنووری سووریا و عێراق، ئەمەش هۆکارە کە ئەو دوو دەوڵەتە ڕووبەڕووی دەرئەنجامی کارەساتبار ببنەوە.

**• کاریگەرییە ژینگەییەکانی پڕۆژەکانی تورکیا**

کەمیی سەرچاوەکانی ئاو لەژێر کاریگەریی چڕی پڕۆژەکانی بینا و بەنداوەکانی تورکیا، نیگەرانییەکی زۆری لە ڕووی ژینگەوە ناوەتەوە، ئەمەش تا ڕادەیەك گۆڕانکاریی فاکتەرەکانی کەشوهەوای لێ دەکەوێتەوە، وەکوو زیادبوونی ڕێژەی بەهەڵمبوون و وشکەساڵی لە ناوچەکە، هەروەها هەڵکردنی ڕەشەبا و گەردەلوول و داخورانی زەویی کشتوکاڵی، ئەم گۆڕنکارییانەش کاریگەریی خراپیان دەبێت لەسەر ئاستی ناوخۆ و هەرێمیدا، ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم تەحەددییانەش پێویستی بە تێچوو و خەرجییەکی زۆر دەبێت.

پڕۆژەکانی ئاوی تورکیا ئاستی هاتنی ئاو بۆ ناو عێراق بە ڕێژەی ٦٠٪ کەم دەکەنەوە، ئەمەش بە واتای گۆڕینی نەخشەی ئاو و کەشوهەواو ڕەوشی کۆمەڵایەتی، بۆیە ئەگەر ئاماژە بۆ زۆنگاوەکانی عێراق بکەین کە ٥٠٪ی پێویستیی ئاویان بۆ عێراق دابین کردبوو، ئەوجا ئەو کاتە قەبارەی کارەساتەکە لە ناوچەکە ڕوون دەبێتەوە.

سەرەڕای ئەوەی کە بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما دیاردەیەکی جیهانییە، بەڵام دیاردەی گەرمبوونی هەرێمی لە هەردوو حەوزی دیجلە و فورات لە گۆڕانکارییە هەرێمی و ناوخۆییەکانی ڕووبەرە ئاوییەکان جودا ناکرێتەوە، زیادبوونی گەرمیی کەشوهەوای ناوخۆ، دەبێتە هۆی خێرایی ماددە ئۆرگانییەکان کە لە ناو خۆڵدان شی ببنەوە، ئەمەش هۆکارە بۆ زیادکردنی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و گازی میتان لە بەرگەهەوادا، کە ئەمەش بە بەرهەمهێنانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و گازی میتان و گازی دیکەش بەهێزتر دەبێت و، دواجار گەرمی لە هەوادا زیاتر دەکات.

ئەگەر سەیری سەرچاوەکانی ئاوی ڕووبارە گەورەکان بکەین لە عێراق و دەوڵەتانی عەرەبیدا، کە دەکەونە چوارچێوەی ناوچە خولگەیی و فێنکەکان، دەبینین کە گۆڕانگاریی کەشوهەوا کاریگەریی دەبێت لەسەر گۆڕینی سیستەمی هایدرۆلۆجیی وڵاتانی حەوزەکانی دیجلە و فورات و نیل و زۆر ڕووباری دیکەی دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئەو گۆڕانکارییانە لەگەڵ چەند فاکتەرێکی دیکە دەبنە هۆی گۆڕینی بڕی ئاو کە دەگاتە ئەو حەوزانە، کە دواتر شێوازی وەرزیی هەڵقووڵانی ئاو دەگۆڕێت، ڕەنگە قەبارەی لافاو زیاد بکات، یان هەندێ جار وشکەساڵیی درێژخایەنی لێ بکەوێتەوە، کە کاریگەرییەکەی توندتر دەبێت تا دەگاتە ئەوەی گۆڕانکاری ڕوودات لە ئاستی چڕیی بارانی ناو وڵات و شێوازی بارین.

دیارەی بەرزبوونەوەی گەرما کاریگەریی دەبێت بۆ سەر پلەکان و سنووری دروستبوونی شەونم (خوناو) کە ڕووەك و گژوگیای بیابان سوودی لێ دەبینن و سەرچاوەی شێیە بۆ مانەوەیان، چونکە هەر کەمبوونەوەیەکی شەونم دەبێتە هۆی مردن و لەناوچوونی ئەم گژوگیایانە، ئەمەش دواجار عێراق و ناوچەکە تووشی بەبیابانبوون دەکات.

ئاوردانەوەیەکی خێرای بەراوردی ئاستەکانی گەرما و شێ لە نێوان چاخە کۆنەکان و ئێستادا، دەری دەخات کە تێکڕای گەرمیی ساڵانەی شاری بەغدا (بۆ نموونە) بە نزیکەی پێنج پلەی سەدی بەرزبووەتەوە، بەڵام گەرمیی مانگی ئاب بە نزیکەی هەشت پلە بەرزبووەتەوە، لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییە زۆرەی لە کەشوهەوای ناوچەکە زۆر بە خێرایی هاتووەتە ئاراوە.

**هەردوو بەنداوی ئەلیسۆ و سیزار ئاو بۆ زیاتر لە پەنجا گوند و کۆمەڵگەی نیشەجێبوون دابین دەکەن، هاوکات دەبێتە هۆی ڕاگواستن و دەربەدەرکردنی زیاتر لە (٣٠) هەزار کەس لە دانیشتووانی کورد لە زێدی خۆیان**

**بەنداوی ئەلیسۆ دەبێتە هۆی خاپوورکردنی شارێکی گەورەی شوێنەواری جیهانی (حەسەن کیف) کە ڕێکخراوی یۆنسکۆ بە شاکارەکانی شوێنەواریی جیهانی داناوە و مێژووەکەیشی بۆ حەوت سەدە بەر لە زایین دەگەڕێتەوە**

**لە حاڵەتێکدا ئەگەر تورکیا ئەو بەنداوانەی سەر ڕووباری دیجلەی تەواوکردن، ئەوا دەتوانێت ٨٠ لە سەدای ئاوی هاتووی ساڵانەی دیجلە گل بداتەوە**

**پرۆژەکانی ئاوی تورکیا ئاستی هاتنی ئاو بۆ ناو عێراق بە ڕێژەی ٦٠٪ کەم دەکەنەوە، ئەمەش بە واتای گۆڕینی نەخشەی ئاو و کەشوهەواو ڕەوشی کۆمەڵایەتی**

پەرەسەندنەکانی تازەی کەشوهەوا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە شەپۆلەکانی با زۆر بووە لەسەر عێراق و وڵاتانی دەوروبەر، بە تایبەتیش لە مانگەکانی هاوین (گەرمای پڕوکێنەر)، چونکە زۆربەی بایەکان لە جۆری گەردەلوولن، کە بە شێوەی نەرێنی کاردەکەنە سەر سەقامگیریی ژینگە و، چالاکیی ڕووتەنیی هەوا بەهێز دەکات، ئەمەش هۆکارە بۆ پیسبوون بە تۆز و با، کە ڕەنگە وردە لمیشی لەگەڵدا دەبێت، ئەمەش لە ڕووی تەندروستییەوە مەترسیدارە، جگە لەمەش، ڕووبەرە ئاوییەکانی عێراق بەدەر نین لە توندیی شەپۆلەکانی با و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، چونکە ئاو ڕۆڵی پاڵاوتگە دەبینێت بۆ پاککردنەوەی با و کەمکردنەوەی ئاستی گەرما و گرەی تیشکی خۆر.

پەیوەندیی نێوان گۆڕانکارییەکانی کەشوهەوا و کەمبوونەوەی سەرچاوەکانی ئاو بە لایەنی زیاتری پشتگوێخستنی ژینگە دادەنرێت، ئەم پشتگوێخستنەش بۆ لاوازیی لێکدانەوەی حکومەت و دامەزراوەکانی پەیوەندیدار دەگەڕێتەوە لە هەمبەر مەترسییەکانی کەمیی ئاو و کاریگەرییە نەرێنییەکانی بۆسەر تێکڕای کۆمەڵگە، هەروەها زیاتر پشتبەستن بە هاوردەکردنی کەلوپەلی خۆراک لە ڕێی داهاتەکانی نەوت و، نەبوونی پلان بۆ هەر ستراتیژیەتێکی پەرەپێدان و پاراستنی ئاسایشی خۆراک و ئاو.

پەرەسەندنی کێشەی سەرچاوەکانی ئاو لەسەر ئاستی ناوخۆ و هەرێمی، هەروەها سیاسەتەکانی دامەزراندنی بەنداوە زەبەلاحەکانی تورکیا و گرتنەوەی ئاوی ڕووبارە نێودەوڵەتییەکان و، گۆڕانکاریی کەشوهەوا، ئەمانە خەریکە دەبنە مەترسیی زۆر گەورە بۆ سەر هەموو کایەکانی ژیان، کە خۆی لە خۆیدا پێویستی بە چارەسەری واقعبینانە و ڕەوا هەیە، هاوکات پێویستە بڕیاری یەکلاکەرەوەی بۆ دەربچێت، تاکو ژیانی مرۆڤایەتیی ملیۆنان خەڵک لە دانیشتووانی عێراق و ناوچەکە بەردەوام بێت.

ئاو گوزارشت لە تێکەڵەیەکی گرنگ دەکات لە تەندروستی و کۆمەڵ و مێژوو و سیاسەت و ئابووری و گەشەپێدان و ژینگە و کەشوهەوا، واتا پێکهاتەکانی مانەوەی ژیان بە هەموو شێوەکانیەوە، هەروەها گرنگیی ئاو سەبارەت بە دیجلەو فورات بابەتێکی ژیارییە، بۆیە ناکرێت بە بێ دیجلە و فورات وێنای عێراق بکرێت، وەك چۆن بە هەمان شێوەیە بۆ میسر بە بێ ڕووباری نیل.

● **لایەنە یاساییەکان**

پێویستیی زیاتر بۆ ئاو لەبەر فراوانیی بەکارهێنانی، بووەتە هۆی سەرهەڵدانی سەرەتاکانی دەستەوەسان و پەککەوتن لە ڕووی ئاوەوە، کە هەڕەشەیە بۆ سەر گەشەپێدان بە هەموو ڕەهەندەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و کشتوکاڵییەوە، بۆیە بەرژەوەندیی ئەو دەوڵەتانەی کەوتوونەتە قەراخ ڕووبارە نێودەوڵەتییە هاوبەشەکان، ئاڵۆز بوون، بە هۆی ناکۆکی لەسەر دابەشبوون و خراپ بەکارهێنانی و پیسبوونی ئاو، لێرەدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرنگیی زۆری داوە بە دانانی ڕێسای تازە بۆ توندکردنی دەستگرتن و دابەشکردنی ئاو و چۆنێتیی بەکارهێنان. لەوەتەی نیوەی سەدەی ڕابردوو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەستپێشخەری کردووە بۆ بەستنی چەندین کۆنگرەی جیهانی بۆ گەیشتن بە ڕێساگەلێك، تا مافی دەوڵەتانی سەر ڕووبارەکان بچەسپێنێت لە بەکارهێنان، بێ ئەوەی دەست بۆ مافی تەواوی دەوڵەتان بەرێت لە بەکارهێناندا، لەو ڕێسایانەی کە ئەمانە دایانناوە و بڕیاریان لێ داوە، بریتین لە:

١. دەزگای یاسای نێودەوڵەتی لە سالزبێرگ ساڵی ١٩٦١.

٢. ڕێساکانی هلسنکی ساڵی ١٩٦٦.

٣. پرۆژەی ڕێککەوتننامەکانی نیودەلهی ساڵی ١٩٧٣.

٤. ڕاسپاردەکانی کۆنگرەی ماردل بلانا ساڵی ١٩٧٧.

٥. ڕێککەوتننامەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان تایبەت بە یاسای بەکارهێنانی ڕێڕەوەکانی ئاوی نێودەوڵەتی لە مەبەستەکانی نادەریاوانی ساڵی ١٩٩٧.

بەقەد ئەوەی کە بابەتەکە پەیوەستە بە لێکدانەوە و بۆچوونەکانی تورکیا لەمەڕ هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات، کە گوایە دوو ڕووبارن سنوور دەبڕن نەك نێودەوڵەتین، چونکە لە ناو خاکی تورکیا هەڵدەقوڵێن، بۆیە تورکیا ئازادە چۆنی بوێت هەڵسوکەوت بە ئاوەکەوە

دەکات تا دوا خاڵی سنووری وڵاتەکەی، ئەو گومانە بێبنەمایە ناکۆکە لەگەڵ هەموو لۆژیك، یان بەڵگەنامەیەکی یاساییدا، ماددەی دوو لە ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بە دەق و بە ڕاشکاوی دەڵێت: کە مەبەست لە ڕێڕەوی ئاویی نێودەوڵەتی بریتییە لە هەر ڕێڕەوێك بەشەکانی بکەونە نێو دەوڵەتانی جودا، هیچ ناکۆکییەکی جەوهەری نییە لە نێوان ئەو ڕووبارانەی سنوور دەبڕن لەگەڵ ئەوانەی نێودەوڵەتین، ئەمەش بە دەق لەسەر هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات جێبەجێ دەکرێت.

هەروەها ڕەتکردنەوەی سیفەتی نێودەوڵەتی لەسەر ئەو دوو ڕووبارە ناکۆکە لەگەڵ هەموو ئەو پەیماننامە و پرۆتۆکۆلانەی کە تورکیا لەگەڵ سووریا و عێراق واژۆی کردوون، کە تا ئێستاش پەیڕەو دەکرێن و بەردەوامن، لەوانە:

ڕێککەوتننامەی ئەنکەرە ساڵی ١٩٢١(ماددەی ١٢)، پەیماننامەی لۆزان ساڵی ١٩٢٣(ماددەی ١٠٩)، ڕێککەوتننامەی دۆستایەتی و دراوسێتیی نێوان سووریا و تورکیا ساڵی ١٩٢٦(ماددەی ١٣)، پرۆتۆکۆلی حەلەب ساڵی ١٩٣٠، پەیماننامەی دۆستایەتیی نێوان عێراق و تورکیا ساڵی ١٩٤٦، پرۆتۆکۆلی هونەری و ئابووریی نێوان عێراق و تورکیا ساڵی ١٩٨٠ کە لە ١٩٨٣ سووریاش هاتە ناویەوە، پرۆتۆکۆلی هونەری و ئابووریی نێوان سووریا و تورکیا ساڵی ١٩٨٧، ڕێککەوتنی عێراق و سووریا ساڵی ١٩٨٩، بەیاننامەی دیمەشق ساڵی ١٩٩٢ دوای سەردانی وەزیری دەرەوەی تورکیا و بەیاننامەی هاوبەش کە لە تورکیا دەرچوو دوای سەردانی سەرۆکی تورکیا سلێمان دیمیریل بۆ دیمەشق ساڵی ١٩٩٣، کە دووپاتی کردەوە پێویستە ڕێککەوتننامەیەك واژۆ بکرێت، بۆ دابەشکردنی ئاو لە نێوان عێراق و سووریا و تورکیادا.

هەموو ئەو ڕێککەوتننامەو پرۆتۆکۆلانە بریتین لە وەقائعی یاسایی نێودەوڵەتی کە ددانپێدانانی تورکیایان تێدایە بەوەی دیجلە و فورات ڕووباری نێودەوڵەتین، جەختکردنەوەیە لەسەر ئەوەی کە ئاو بە دادپەروەرییانە دابەش بکرێت، بێ ئەوەی زیان بەو دەوڵەتانە بگات کە ئاوەکەیان بۆ دەچێت.

هەروەها ڕاست نییە کە تورکیا پێی وایە ئاوی دیجلە و فورات بە تەنیا سەرچاوەیەکی سرووشتیی خۆیەتی وەك نەوت، چونکە ڕەگەزی بنەڕەتی لە ئاودا ئەوەیە کە دەجووڵێت و ناوەستێت و هەمیشە لە جووڵەدایە، لە پەیماننامەی ئاوی ئەورووپادا هاتووە لە ساڵی ١٩٦٧(ماددەی ١٢) کە ئاو سنوور ناناسێت، واتا سەرچاوەیەکی هاوبەشە، پێویستە دەوڵەتان لەم ڕووەوە هاوکاریی یەکدی بکەن، پرەنسیپی دەسەڵاتی سەر ڕووباری نێودەوڵەتی مافی هەموو ئەو وڵاتانەیە کە لەسەری هاوبەشن، بە یەکسانی دابەشی دەکەن.

بۆ جێبەجێکردنی دەقە یاساییەکان کە تورکیا و سووریا و عێراق لەسەری ڕێککەوتوون، بۆ پەیڕەوکردنی پرەنسیپە شەرعییەکانی نێودەوڵەتی کە خۆی لە یاسای بەکارهێنانی ڕێڕەوەکانی ئاوی نێودەوڵەتیدا دەبینێتەوە بۆ مەبەستی نادەریاوانی کە لە ساڵی ١٩٩٧ دەرچووە، لەبەر ئەوە ئەمڕۆ داوا لە تورکیا دەکرێت بگاتە ڕێککەوتنێکی کۆتایی سەبارەت بە دابەشکردنی ئاوی دیجلە و فورات وەك پاراستنێکی بەرژەوەندییەکانی هەر سێ دەوڵەت، هەروەها بۆ بەجێهێنانی پرەنسیپەکانی دادپەروەری و دراوسێتی و بەرژەوەندییە هاوبەشەکان و، زیان نەگەیاندن بە بەرانبەر و چارەسەرکردنی کێشە و ناکۆکییەکان بە ڕێگای ئاشتییانە.

ئەرکی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کۆمکاری دەوڵەتانی عەرەبی و ڕێکخراوە پیشەییەکانە کە بە هەموو شێوازەکانی سیاسی و یاسایی و هونەری و ئابووری، فشاری ئامانجدار و بنیاتنەر بکەن، بەتایبەتی لە ڕێگەی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و شەراکەتی ئەورووپییەوە، هاوکات لە ڕێی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، بۆ ناچارکردنی تورکیا کە واز لە پڕۆژەکانی ئاو بهێنێت لەسەر هەر دوو ڕووباری دیجلە و فورات، بە تایبەتیش پڕۆژەیGAP، هاوکات داوای لێ بکرێت کە ڕێککەوتنێك لەگەڵ سووریا و عێراق واژۆ بکات، بۆ گەیشتن بە چارەسەرێکی یەکلاکەرەوەی ئاشتییانە، بۆ دابەشکردنی ئاوی ئەو دوو ڕووبارە، بۆ پاراستنی مافی گەلانی ناوچەکە و وەدیهێنانی ئاسایشی ئاو و خۆراك و، دابینکردنی ئاسایش و ئاشتیی بەردەوام و دوورخستنەوەی ناوچەکە لە تارمایی شەڕ.

**زیادبوونی گەرمیی کەشوهەوای ناوخۆ، دەبێتە هۆی خێرایی ماددە ئۆرگانییەکان کە لە ناو خۆڵدان شی ببنەوە، ئەمەش هۆکارە بۆ زیادکردنی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن و گازی میتان لە بەرگەهەوادا**

**ڕووبەرە ئاوییەکانی عێراق بەدەر نین لە توندیی شەپۆلەکانی با و بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرما، چونکە ئاو ڕۆڵی پاڵاوتگە دەبینێت بۆ پاککردنەوەی با و کەمکردنەوەی ئاستی گەرما و گرەی تیشکی خۆر**

# سوڵحی عەشایەری و لایەنی باش و خراپی

ئاشتەوایی کارێکی پیرۆزە و لە هەر کۆمەڵگەیەك ئاشتەوایی هەبێت، ئەو کۆمەڵگەیە ڕوو لە خێرە و بە بەختەوەری دەژین، هەر کۆمەڵگەیەکیش ڕۆحی ئاشتەوایی و لێبووردن و ڕەحم و سۆزی نەبێ، ئەو کۆمەڵگەیە بەرەو هەڵدێر و نارەحەتی و نائارامی دەڕوات و ئاشتیی کۆمەڵایەتی دەشڵەقێت.

ئایینی پیرۆزی ئیسلام هانی داوین بەردەوام ڕوو لە سوڵح و لێبووردە بین. خودای گەورە دەفەرموێ : (وَالصُّلْحُ خَيْرٌ) النساء١٢٨.

ئاشتبوونەوە لە نێوان ئەو کەسانەی ناکۆکی لە نێوانیان هەبووە، خێر و چاکەی بە دواوە بووە. ئەوەی مەبەستمە سەرنجی بدەینێ، ئەوەیە کە دوو جۆر ئاشتبوونەوەمان هەیە:

١- ئاشتبوونەوەی عەشایەری .

٢- ئاشتبوونەوەی یاسایی لە ڕێگای دادگا .

ئاشتبوونەوەی عەشایەری (الصلح العشائري)، بۆ هەندێك كێشە و گرفتی بچووك و لاوەکی، سوڵحی عەشایەری تا ڕاددەیەکی باش کێشەکانی چارەسەر کردووە. واتە دیوەخانەکان ڕۆڵی گرنگی خۆیان لەو بوارەدا بینیوە، ڕێز و تەقیدی ڕیشسپییان دەگرن و باری دادگاکان سووك دەکەن و ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە دامەزراندن و پەرەپێدانی ئاشتەوایی کۆمەڵگە، بەڵام هەندێك جۆرە سوڵح و ئاشتەوایی هەیە، قورسن و کۆمەڵێك کێشە و گرفتی گەورەتر بە دوای خۆیدا دێنێت و کێشەکە دە ئەوەندەی دی قووڵتر دەکاتەوە و کۆمەڵە بڕیارێکی دوور لە شەرع و یاساکان دەدرێت، وەکو: «لێسەندنی بڕە پارەیەکی زۆر لە حەقی خۆی، پێدانی (کچ و ژن) بەدەل خوێن، دەرکردنیان لە (گوند، گەڕەك، شار) و بەجێهێشتنی ماڵ و خانوو، لێسەندنی زەوی و زار و دەستبەسەرداگرتن .هەروەها قەدەغەکردنی بەرامبەر لە بۆنە و مەراسیمەکان و زۆر شتی دی.. بەڵام ئەوەی جێگای سەرسوڕمانە بەشێك لە دیوەخانەکان بڕە پارەیەکی زۆر لە خاوەن کێشەکان وەردەگرن لە بەرامبەر ئەو سوڵحەی بۆی ئەنجام دراوە!

بەداخەوە کەسی بە ناو ئاشتیخواز ئەم دەقە جوانانەی لەبیر کردووە، لە بارەی کێشەی نێوان ژن و مێرد، کە سەرچاوەی زۆربەی کێشەکانی کۆمەڵگەیە. خودای گەورە دەفەرموێت:( وَإِنْ خِفْتُمْ شِقَاقَ بَيْنِهِمَا فَابْعَثُوا حَكَمًا مِّنْ أَهْلِهِ وَحَكَمًا مِّنْ أَهْلِهَا إِن يُرِيدَا إِصْلَاحًا يُوَفِّقِ اللَّهُ بَيْنَهُمَا ۗ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيمًا خَبِيرًا ) النساء(٣٥)

واتە: ئەگەر ترسی لێکترازانی نێوان ژن و مێردتان هەست پێ کرد، ئەوە لە هەر یەك لە لای ژن و لای پیاوەکە، بانگی ناوبژیوان (حکم) ێك بکەن و بێن بەشدار بن لەو ئاشتەواییە، جا ئەو دوو حەکەمە ئەگەر هاتن و نیازیان ئاشتی و سوڵح بوو، ئەوە خودای گەورە سەربەرزیان دەکات، بێگومان خودای گەورە هەم زانا و هەم لێزانترە . هەرکات کێشە و گرفت هاتەپێش، هەر کەسێك دەبێ دادپەروەری بنوێنێت، خودای گەورە دەفەرموێت: (ٱعْدِلُواْ هُوَ أَقْرَبُ لِلتَّقْوَىٰ ۖ). واتە: دادپەروەر بن، ئەوە نزیکتان دەکاتەوە لە تەقوا زۆرجار لە سوڵحی عەشایەری دادپەروەری تێدا نییە و ستەم لە خاوەن ماف دەکرێت. ئەوەی کێشەیە و زیاتر خەڵك پەنا دەبەنە بەر سوڵحی عەشایەری و دەڕۆنە دیوەخانەکان لە جێگای



**مەلا رەعد نووری ئۆمەربلی**

**بەڕێوەبەری مزگەوتەکان و پشکنین لە دیوانی وەزارەتی ئەوقاف وکاروباری ئایینی**

یاسا و بینای دادگا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێکی جەوهەری:

١- نەبوونی متمانەی تەواو بە دادگا .

٢- درەنگ یەکلاییکردنەوەی کەیسەکان .

٣- ئەو مافەی هەیە دەکرێتە قست و مانگانە و پارەیەکی ڕەمزی دەدات بە خاوەن موڵکەکە، بەڵام بە سوڵحی عەشایەری هەموو مافەکانی وەردەگرێتەوە.

٤- پارێزەری کامیان قسەزانتر بێ، ئەو دەیباتەوە، با ناحەقیش بێت .

٥- هەندێك کەیس هەیە ئافرەتەکە لە لایەن پارێزەرەکەی، ئیستغلال دەکرێت، یان پارەی زیاتری لێ وەردەگرێت .

ئەوەی کارەساتە و تاوانێکی زۆر گەورەیە، «بەدەل خوێن»ـە، واتە کچێك، یان ژنێك، یان چەند کچ دەدرێن بە لایەنی کوژراو، بە مەبەستی کوژاندنەوەی ئاگری فیتنە.

کوڕێك تاوانێك ئەنجام دەدات، وەکو کچێك دەڕفێنێ کە پێشتر لەگەڵ کچەکە خۆشەویستییان لە نێواندا هەبووە و کچە ڕەدووی کەوتووە، یان کوڕێك، یان پیاوێك، بە شەڕ دێن و کەسێك دەکوژرێت، ئەوە ماڵی تاوانبار دەبێ کچ بدەن بە ماڵی بەرامبەر لە بەدەل ئەو کچەی ڕەدووی کوڕەکەیان کەوتووە، یان بەدەل خوێنی کوژراوەکە...

خودای گەورە لە قورئانی پیرۆز دەفەرموێت: (وَلَا تَـزِرُ وَازِرَةٌ وِزْرَ أُخْـرَى) سورة المائدة. واتە : هیچ کەس تاوانی کەسی دی وەرناگرێت، یەعنی هیچ کەس لە جیاتی کەسی دی سزا وەرناگرێت. بەڵام بەداخەوە ئەوە لە سوڵحی عەشایەری زۆرن و دەبینرێت کچ دەبێتە کاڵای سوڵحی عەشایەری، جا ماڵ کوژراو، یان کچ لێ ڕفێندراو، یان نامووس ڕۆیی، دێن بە کەیفی خۆیان کام کچ و ژن دەست لەسەری دابنێن، دەبێ بە زۆر کچەکە لەو کەسە مارە بکەن، ئەو کچەش وەکو جاریە و کۆیلە سەیر دەکرێت، تەمەنی منداڵە و دەدرێت بە پیرە مێردێك، یان کوڕێکی ناتەواو و شێت و گێل و سەقەت، کە کەس ژنی ناداتێ، یان دەدرێت بە سەر بە هەوێ، یان ژنی دیکەی بە سەر دێنن، یان کچەکە ئاستێکی بەرزی لە خوێندن هەیە و دەیدەن بە نەخوێندەوارێك، ئینجا بە چاوی سووك تەماشای دەکرێت و، بەردەوام سزای دەروونی و جەستەیی دەدرێت و، جنێو بە کەسوکاری دەدەن و منداڵەکانی خۆی لێ دەکەن بە دوژمن و بەردەوام سووکایەتی پێ دەکەن و بەردەوام دەبێ لە پشتی مەجلیس دابنیشێت و تا ماوە لە پێشەوەی سەیارە سواری ناکەن و، جلکی نوێ و جوانی بۆ ناکڕدرێت و ناتوانێت هەرکات برسی بێت بە ئارەزووی خۆی هێلکەوڕۆنێك بخوات، وەك بووکەکانی تر کە لەو ماڵەدا هەن، ئیتر زۆر ستەمی دیکەش هەن. هەروەها بەدەل خوێن بە هەر هۆکار و شێوازێك بێت، مارەییەکەی نادرێتێ، بۆیە هەر کەسێك بەشداریی ئەو بەناو سوڵحەی کردبێ گوناحبار دەبێت، جا هەر کەسێك بێت (مەلا، شێخ، سەید، ئاغا، کوێخا، ڕێشسپی، موختار، یان هەر کەسێکی دی) ئەو کەسە لە دونیا خێر لە خۆی نابینێت و لە قیامەتیش سزای سەختیان بۆ ئامادە کراوە، واتە ئەو ستەمەی ئەنجامیان داوە بە ناوی سوڵح لە قیامەت سزایان دەبێت .

# داوای چاکسازی ریشەیی لە دۆخی پەروەردە و فێرکردن دەکرێت

بە گوێرەی ئەزموونی چەند ساڵی ڕابردووی دۆخی پەروەردە و بەپێی گوتاری پەروەردەکاران دەردەکەوێت کە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمی کوردستان پێویستی بە گۆڕانکاری و چاکسازی کردن هەیە، لەم ڕوانگەیەوە و لە ڕاپۆرتێکی گۆڤاری گوڵان پسپۆڕانی بواری پەروەردە و مامۆستایانی زانکۆ باس لە ڕەهەندەکانی چاکسازی و گۆڕانکارییەکان دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



د. ماجید خەلیل مامۆستایە لە زانکۆی سلێمانی و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە : «پەروەردە بە شێوەیەکی گشتی لە هەرێمی کوردستاندا پێویستی بە چاکسازی هەیە» و ڕای وایە: دەکرێت لە سێ ڕەهەندەوە پەروەردە چاکسازی تێدا بکرێت، ڕەهەندی یەکەم پەیوەندیدارە بە کوالێتیی ئامرازەکانی پەروەردە و فێرکردن، کە خۆی دەبینێتەوە لە دیزاین و شێوازی بینایەی شوێنی وانەوتنەوە، هەروەها ئامرازەکانی پەروەردەکردن وەکو ئەو شتانەی کە پەیوەندیدارن بە کاروباری تەکنەلۆژیاوە لە شێوازی پەروەردە و فێرکردندا و بە کۆمپیتەری و بە دیجیتاڵکردنی بەشێکی گرنگ لە سیستەمی خوێندن، بە تایبەتی سیستەمی سەردەمیانە کە کوردستان لێی بێبەشە، ئەمەش بەشێکی گرنگە کە ئەمڕۆ هەموو ناوەندەکانی وانەوتنەوە پێویستییان پێیەتی.

بەشی دووەم پەیوەندیدارە بە مەنهەج و میتۆدی وانەوتنەوە، ڕاستە لە چەند قۆناغێکی دیاریکراودا شێوازی پەیڕەوەی وانەوتنەوە بە شێوەیەکی تەسدیرکراو بە پشتبەستن بە وڵاتانی پێشکەوتوو لە هەرێمی کوردستان کاری لەسەر کراوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە، لەم حاڵەتەدا خاڵێکی یەکجار زەقی لاواز هەیە کە پێویستە پێداچوونەوەی پێدا بکرێت، بۆ ئەوەی چاکسازی لە پەروەردەدا بکرێت، ئەو خاڵەش پەیوەندیدارە بەوەی کە مەنهەجێك پەیڕەو بکرێت کە ڕیشەکانی ڕواڵەتی ناوەرۆکی خۆی لە کەلتووری کوردییەوە وەرگرتبێت، واتا مەنهەجێکی پێشکەوتوو و دانەبڕاو لە دنیابینیی تاك و کۆمەڵگەی کوردی، بۆیە پێویستە مەنهەجی کوردی هەڵهێنجراوی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی کورد بێت، بە تایبەت لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا واتا کەلتووری پەروەردەیی وڵاتانی دەرەوە ئەگەر بگوازرێتەوە بۆ کوردستان سەرکەوتوو نییە. خاڵێکی دی کە ئێجگار گرنگە پەیڕەو بکرێت، ئەوەیە کە پێویستە پەروەردە لەو گۆترەگەری و پاشاگەردانییە بێتە دەرەوە و هەموو کەس نەتوانێ ببێتە مامۆستا، واتە پێویستە کۆمەڵێ فلتەری زانستی و پەروەردەیی یەکجار قورس دابنرێ بۆ ئەوەی کەسانی بەتوانا ببن بە مامۆستا، هەروەها پێویستە بابەتە پەروەردەییەکان لە ناو زانکۆکان بایەخیان پێ بدرێت و، ئاوڕی جددی لە گوزەران و گیانیفیداکاری مامۆستایان بدرێتەوە». هاوکات دەڵێت: «گرنگترین خاڵ لە چاکسازیکردنی پەروەردەدا داماڵینی پەروەردەی زارەکیی مامۆستایانە لە گوتاری ئایدیۆلۆژی و چەقبەستوویی لە گوتاری خنکاندنی هێز و توانا و جوولەی داهێنەرانە و بەهرەی خوێندکار، بە بڕوای من هەتاوەکو ئێستاش ڕەچەشکاندنی کۆمەڵایەتی لە مەیدانی وانەوتنەوەی پەروەردەدا بڤەیە. خیتابی مامۆستاکان خیتابێکی ئامۆژگاریکارانە و واعیزانەیە، ئەوەش کاریگەرییەکی نەرێنی لە زهنییەتی خوێندکار دروست دەکات، مامۆستای پێشکەوتنخواز و ڕۆشنگەر پێویستە بە پشتبەستن بە بنەمای زانست زەمینەیەك بۆ پێگەیاندنی خوێنکار بڕەخسێنێت، هەروەها داماڵینی بواری توندڕەوانە پێویستە و تێڕامانی چەقبەستوویی کۆمەڵایەتییش زۆر پێویستە لە پەروەردەدا شوێنی نەبێتەوە، ئەو پەروەردەیە پێویستە پەروەردەی هەموو گەل و پێکهاتە و نەژاد و نەریتەکان بێت، ئەو پەروەردەیە پێویستە پەروەردەیەك بێت لە مەنهەجدا مێژوویەکمان پێ بناسێنێ و پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نەتەوەکانی تێدا ڕەچاو بکرێت».

کامەران ئەبابەکر خدر مامۆستا لە کۆلیژی پەروەردەی شەقڵاوە، جەخت لەوە دەکاتەوە کە «پەروەردە بنەڕەتێکی گرنگەو پایەی پێشکەوتن و دواکەوتوویی و گەشەسەندنی شارستانی و چەقبەستووی هەر دوەڵەت و هەرێمێکە، بۆیە پەروەردەی دروست سەنگی مەحەکی مانەوەی خێزان و کۆمەڵگەیەکی تەندروستە، چونکە پەروەردە لە پێناو بەدەستهێنانی زانین و کارامەییەکانە، بۆ باشترکردنی ژیانی تاك و بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئارام». هاوکات دەڵێت: «دەبێت بزانین تەنیا بە زیادکردن و زۆرکردنی وانە و پڕۆگرامی خوێندن ناتوانرێت کۆمەڵگەیەکی بەرەوپێشچوو بەدەست بهێندرێت، بەڵکو باشترکردنی کوالێتی خوێندن هۆکارە بۆ گەشەی هزری و پێشکەوتنی شارستانییەت و کۆمەڵگە. دەبێت ئەوەش بزانین پەروەردە لە کۆمەڵگەیەك بۆ کۆمەڵگەیەکی دی، بەپێی ئاستی هۆشیاری، جۆری بیرکردنەوە، گەشەکردنی مرۆڤەکان، جیاوازیی بیروبۆچوون، پێداویستییەکانی ژیان، بەرزی و نزمیی ئاستی ئابووری، ئایینی و جۆری سیستمی حوکمڕانی دەگۆڕێت، بە جۆرێك ئەمانە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر فەلسەفەی پەروەردەی هەر کۆمەڵگەیەك دەبێت، بۆیە ئامانجی سەرەکی لە پەروەردەکردندا، پەرەپێدان و گەشەکردنی تواناکانی تاکە لە لایەنی؛ زەینی، دەروونی، جەستەیی، کۆمەڵایەتی، سۆزداری، مەعرفی، هەڵسوکەوت و کەسایەتیی تاك، لە پێناو گەشەپێدان و پەرەوپێشچوونی کۆمەڵگەدا، بۆیە داڕشتنی شێواز و دەستنیشانکردنی ئەو فەلسەفە پەروەردەییەی کە دەگونجێ لەگەڵ داب و نەریت و کەلتووری کۆمەڵگەکەمان، شتێکی پێویستە و گۆڕان و پێداچوونەوەی بەردەوامیش بە پێکهاتە و پڕۆگرامی پەروەردە دەبێتە هۆی پێشکەوتن لە بوارەکانی سیاسی، کەلتووری، جڤاکی، ئابووری و...هتد. هەروەك (ژان ژاك ڕۆسۆ) پەروەردە بە کەشتییەك دەچوێنێت کە دەتوانێت مرۆڤ لە زریان ڕزگار بکات، واتە پەروەردە،

**ڕاستە لە چەند قۆناغێکی دیاریکراودا شێوازی پەیڕەوەی وانەوتنەوە بە شێوەیەکی تەسدیرکراو بە پشتبەستن بە وڵاتانی پێشکەوتوو لە هەرێمی کوردستان کاری لەسەر کراوە، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە**

**پێویستە مەنهەجی کوردی هەڵهێنجراوی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکانی کورد بێت، بە تایبەت لە بواری زانستە مرۆڤایەتییەکاندا**

**کەلتووری پەروەردەیی وڵاتانی دەرەوە ئەگەر بگوازرێتەوە بۆ کوردستان سەرکەوتوو نییە**

ژێرخان و بنەڕەتێکە کە سەرخانی کۆمەڵگەیەکی تەندروستی لەسەر بنیات دەنرێت.
ئەو مامۆستایەی کۆلیژی پەروەردە نیگەرانە لەوەی کە «لە هەرێمی کوردستاندا تاکو ئێستا نەتوانراوە، یان هەوڵنەدراوە فەلسەفەیەکی پەروەردەیی یەکگرتوو دابڕێژن و پەیڕەوی بکەن و شۆڕی بکەنەوە بۆ قوتابخانەکان و لە ڕێگای پەیوەندی و هاوکاریی نێوان خێزان و قوتابخانەکانەوە بگەیێندرێتە دایك و باوك، بۆ ئەوەی پەروەردەیەکی یەکگرتوومان هەبێ و بتوانین پەروەردەی تاك و کۆمەڵگەی کوردی بە شێوەیەکی تەندروست بکرێت، ئەوەی هەشە بەشێکە لە سیستەمی کۆپیکراوی وڵاتانی ڕۆژئاوا، کە لە زۆر ڕووەوە بۆ کۆمەڵگە و کەلتووری کورد نەگونجاوە».
گوتیشی: «دیارە هەر خێزانەو هۆزێك، بە گوێرەی ئاستی هوشیاری و ڕۆشنبیری و تێڕوانینی بۆ خوێندن و بەهاکانی، منداڵ و کەسەکانی پەروەردە دەکات، تەنانەت هەندێکیان خوێندن بە شتێکی بێبەها سەیردەکەن. بەڵام پێگەیاندنی تاك زۆر جار دەگەڕێتەوە بۆ خودی خۆی، ئەگەرچی زۆربەی تەنیا بۆ دەرچوون دەخوێنن، نەك فێربوون.» جەختی لەوەش کردەوە کە «نەبوونی سیستەمێکی یەکانگیر و پەروەدەیی خوێندن، کە هەڵقوڵاوی خودی کۆمەڵگەی کوردی بێت، جیاوازیکردن لە بایەخپێدانی خودی وەزارەتی پەروەدەوە و پرۆگرام و ساڵنامە و کاتی دەوام و تا ئاستی بەڕێوەبەر و مامۆستا لە نێوان قوتابخانە حکوومی و تایبەتی، هەروەها نەبوونی مامۆستای پسپۆڕی بابەت لە ناوەندەکانی خوێندن، نەبوونی بینایەی پێویست و زۆریی ژمارەی قوتابییان لە پۆلێکدا، سەرەڕای زۆری بابەت و پرۆگرامەکانی خوێندن بە شێوەیەکی تیۆری، جگە لەمەش کات ڕۆڵی سەرەکی هەیە، چونکە زۆرجار کاتی خوێندنەکە-ساڵنامەی خوێندن وەك خۆی جێبەجێ ناکرێت. سەرەڕای ئەمانەش لایەنی ئابووری و سیاسی دوو پایەی دیکەن، کاریگەری ڕاستەخۆی ئەرێنی و نەرێنی لەسەر کوالێتی خوێندن و پەروەردەی وڵات جێدەهێڵن».
بەکر کەریم حەسەن بەڕێوەبەری گشتی/ وەزارەتی پەروەردە و خاوەن بڕوانامەی ماستەر لە کارگێڕی پەروەردەیی سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت:
«فەیلەسوفی بەناوبانگی یۆنانی ئەفلاتون وتوویەتی: (ئەو کەسەی فێرکردنی پشتگوێ خستووە، ئەوا تاکو کۆتایی ژیانی بە شەلی دەڕوات). ئەگەر باسی چاکسازی و گەشەکردنی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بکەین، ئەو پرسیارەمان لا گەڵاڵە دەبێت: ئایا لە چاکسازیی فێرکردن لە پرۆگرامەکان دەست پێ بکەین، یان مامۆستایان، یان باڵەخانە، یان کارگێڕیی پەروەردەیی و ...هتد؟ لەلایەکی دیکەوە هەر وڵاتێك ئەگەر بیەوێ پرۆسەی چاکسازیی گشتی لە کۆمەڵگە و وڵات بکات، دەبێ سەرەتا چاکسازی لە پەروەردە و فێرکردن بکات، چونکە هەردەم وڵاتانی پێشکەوتوو پێویستیان بەوە هەیە نەوەیەکی وشیار و بەئاگا ئامادە بکەن و بهێننە بەرهەم، نەوەیەك کە بزانێت چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ تەکنەلۆژیا دەکات، نەوەیەك پڕ و تەژی لە زانستەکان و کارامەییەکان بە گشتی و بەها بنەڕەتییەکان بە شێوەیەکی هاوسەنگ بۆ بونیادنان و دروستکردنی کەسایەتییەکی تەواوکەر و هەماهەنگ بۆ پەرەپێدان و گەشەپێدانی بەردەوامی کۆمەڵگە بە گشتی. بۆیە هەر چاکسازییەك لەو پرۆسەیە بکرێت، دەبێت کاریگەری و کاردانەوەی ئەرێنی و بەردەوام لە سەر تاکەکان دروست بکات، کە هەردەم سەرمایە و سامانی ڕاستەقینەی ئەو نیشتمانەن، لەگەڵ دەستپێکردنی هەر چاکسازی و پلانێك پێویستە سەرەتا دیدگا و پەیامی نیشتمانیی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بە گشتی دیاری بکرێت، لەگەڵ وێناکردنی ئاراستەی پێویست و داواکراو بۆ فێرکردنی گشتی لە هەرێمی کوردستان و دانانی ستراتیژیەتی گشتگیر بە ناوئاخن و بەرچاوڕوونیی پلانی تۆکمە بۆ بونیاد و پەرەپێدان و گەشەپێدان و گۆڕانی جۆری لە ئابووری و کۆمەڵایەتی وڵات..» گوتیشی: «کە دێینە سەر چاکسازی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لە هەرێمەکەمان لەگەڵ تەماشاکردنی چوارچێوەی گشتی پرۆسەکە و جەخت لە سەر ئاستی قوتابخانەکان و بەرزکردنەوەی شایستەیی و لێهاتوویی مامۆستایان و تواناکانیان لەگەڵ شارەزایی و پسپۆڕی و توانایی کۆی دەزگاکانی وەزارەتی پەروەردە، هاوئاهەنگ لەگەڵ ئەوانەش بە گرنگییەوە دەڕوانینە ئاستی قوتابیانی خۆشەویست لە قۆناغی بنەڕەتی لە خوێندن و نووسین و ماتماتیك، لەگەڵ ئەوەش تا چەند ئاشناکراون بە وانە و بابەتەکانی ڕەوشت و کارامەییەکانی ژیان و بەها پەروەردەیی و کۆمەڵایەتیەکان بە گشتی، چونکە ئەوە گرفتێکی پڕ مەترسییە کە ڕووبەرووی سیستەمی فێرکردن دەبێتەوە و لەولاش شوێنەواری زۆر خراپ و نەرێنی لە سەر ئاستی قوتابیان جێ دەهێڵێت کە لە کۆتاییدا کۆمەڵگە و وڵات زەرەرمەندی یەکەم دەبن، هەروەها پرسینەوە و بەدواداچوونمان دەبێت لەسەر ئاستی توانایی و پسپۆڕی و گوزەرانی مامۆستایان بە گشتی، چونکە مامۆستایان کۆڵەگەی سەرەکیی پرۆسەکەن و پێویستە لە ژیانێکی خۆشگوزەرانی بژین و ڕێز و شکۆی مامۆستایان هەردەم پارێزراو بێت».

**پێویستە پەروەردە لەو گۆترەگەری و پاشاگەردانییە بێتە دەرەوە و هەموو کەس نەتوانێ ببێتە مامۆستا، واتە پێویستە کۆمەڵێ فلتەری زانستی و پەروەردەیی یەکجار قوڕس دابنرێ بۆ ئەوەی کەسانی بەتوانا ببن بە مامۆستا**

**گرنگترین خاڵ لە چاکسازیکردنی پەروەردەدا داماڵینی پەروەردەی زارەکیی مامۆستایانە لە گوتاری ئایدیۆلۆژی و چەقبەستوویی لە گوتاری خنکاندنی هێز و توانا و جوولەی داهێنەرانە و بەهرەی خوێندکار**

**خیتابی مامۆستاکان خیتابێکی ئامۆژگاریکارانە و واعیزانەیە، ئەوەش کاریگەرییەکی نەرێنی لە زهنییەتی خوێندکار دروست دەکات**



# خولی هۆشیاری پێش هاوسەگیری، هەنگاوێک بۆ کەمکردنەوەی گرفتە خێزانییەکان لە داهاتوودا

لە ئێستادا لەلایەن وەزارەتی تەندروستیی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پرۆژەی خولی هۆشیاری پێش هاوسەرگیری کەوتووەتە بواری جێبەجێکردن و لە ٢٠٢٢/٢/٢٨، بە ئامادەبوونی وەزیری تەندروستی (د.سامان بەرزنجی) پارێزگاری هەولێر (ئومێد خۆشناو) لە ڕێوڕەسمێکدا لە نۆڕینگەی خێزانیی ئێواران پرۆژەی خولی هۆشیاری پێش هاوسەرگیری کرایەوە. ئەم پرۆژەیە بۆ هاوسەرە تازەکانە پێش مارەکردنیان لە دادگا و دوای وەرگرتنەوەی ئەنجامی پشکنینی خوێنی هەردوولا بە پۆزەتیف، ئامانج لە ڕاگەیاندنی ئەو پرۆژەیە ئاشنابوونیانە بە ماف و ئەرکەکان و کەمکردنەوەی دیاردەی جیابوونەوەی هاوسەران. خولەکە لە ڕێگەی چەندین وانە و بابەتی تایبەت بە ژیانی خێزانداری و هاوسەرگیری و بە سوودوەرگرتن لە کەسانی پرئەزموون و شارەزا لە ژیانی کۆمەڵایەتی و خێزانداریدا بەڕێوە دەچێت. لە ڕێوڕەسمەکەدا پارێزگاری هەولێر لە وتارێکدا ڕایگەیاند: «ئەم پرۆژەیە گرنگی و تایبەتمەندی زۆری هەیە و ئاراستەی بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی تەندروست و دروستە، ئەگەر بمانەوێت شارێکی تەندروست و کۆمەڵگەیەکی تەندروستمان هەبێت، دەبێت لە پرۆسەی هاوسەرگیرییەکی دروستەوە دەست پێ بکەین». بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان زیاتر تاوتوێی ئەو پرسە گرنگە دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



تاڤان حەکیم:

**ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵگەیەکی تەندروستمان هەبێت، پێویستە هاوسەرگیرییەکی دروستمان هەبێت. بۆ ئەوەی چیتر هاوسەران نەبنە قوربانیی هەڵوەشانەوەی خێزان**



فازل عومەر:

**هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەنانەت فەرهەنگی هاوشانی هۆشیاریی یاسایی دەبێت ببەخشرێتە ئەو گەنجانەی کە بڕیاری هاوسەرگیرییان داوە**

پارێزەر تاڤان حەکیم، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «خێزان وەك یەکەی پێکهێنانی کۆمەڵگە باشترین ڕۆڵی لە بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە و باش پەروەردە کردنی تاکەکانی هەیە، ئەوەی هۆکاری دروستبوونی خێزانیشە بێگومان هاوسەرگیرییە». هاوکات دەڵێت: «ئەگەر بمانەوێت کۆمەڵگەیەکی تەندروستمان هەبێت، پێویستە هاوسەرگیرییەکی دروستمان هەبێت. بۆ ئەوەی چیتر هاوسەران نەبنە قوربانیی هەڵوەشانەوەی خێزان و توندوتیژی و لە هەمووی نەرێنیتر منداڵەکانیان تووشی نەخۆشی و کێشەی دەروونی نەبنەوە». گوتیشی: «بە باشی دەزانم وەك پارێزەر پێش ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیری کۆمەڵێك خولی هۆشیاریی هاوسەرگیری و ژیانی هاوسەرگیری پێش مارەکردن لە دادگاکاندا پێشکەشی ئەو کچ و کوڕانە بکرێت و بکرێتە بابەتێکی ئیجباری و مەرجێکی ئەنجامدانی گرێبەستی هاوسەرگیری، واتە خولێکی چەند ڕۆژی ببینن سەبارەت بە ئەرك و مافەکان لە ژیانی هاوسەری و ئاشناکردنیان بە کۆمەڵێك پرەنسیپی ئەخلاقی خێزانی، هەروەها جێگیرکردنی خولەکە وەك ماددەیەکی یاسایی لە ناو یاسای باری کەسێتی لەپێناو کەمکردنەوەی ڕێژەی جیابوونەوە و توندوتیژیی خێزانی».

کۆمەڵناس فازل عومەر، سەبارەت بە هەمان پرس ڕای وایە «هەر خولێك لە پێناو هۆشیاریی تاکدا بەڕێوە بچێت، بێگومان جێگەی ستایشە، کۆمەڵگەی کوردی لە سەرجەم ڕەهەندەکانی ژیانی پێویستی بە پرۆسەی هۆشیارکردنەوە هەیە، بەو پێیەی خێزان بچووکترین، بەڵام گرنگترین یەکەی کۆمەڵایەتییە کە دواتر کۆمەڵگەی تەندروست یەکسانە بەکۆی ئەو خێزانە تەندروستانەی لێی پێکهاتووە». گوتیشی: «پرسی هۆشیاری بۆ ئەو کەسانەی تازە دەچنە نێو پرۆسەی هاوسەرگیرییەوە بایەخی خۆی هەیە. ئەم هۆشیارییە نابێت بە تەنیا یاسایی بێت، ئەمە بەو مانایە نییە کە ڕەهەندە یاساییەکەی هاوسەرگیری گرنگ نییە، بەڵکو لەوە زیاتر هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و ئابووری و تەنانەت فەرهەنگی هاوشانی هۆشیاریی یاسایی دەبێت ببەخشرێتە ئەو گەنجانەی کە بڕیاری هاوسەرگیرییان داوە. بە هەرحاڵ بابەتەکە گرنگ و جێگەی بایەخە، بەڵام بەداخەوە ترسی ئەوە هەیە کە ئەم خولانە لە ئایندەدا ببنە ڕۆتین و هاوسەران بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بخرێنە ناو موحازەرەیەك و بەڕێیان بکەن. من پرسەکە نادیدە ناگرم، بەڵام چاودێری نەکرێت وئەبدەیت نەکرێتەوە، کاریگەرییەکەی لەئاستی پێویستدا نابێت».

دەروونزان خەندە کەمال، جەخت لەوە دەکاتەوە کە پرۆسەی هاوسەرگیری پروسەیەکی تەواو هەستیار و دژوارە و کچان و کوڕان پێویستە ئامادەیی تەواویان هەبێت بۆ ئەو پرۆسەیە و پاشان بڕیار بدەن. هێما بۆ ئەوەش دەکات کە «هاوسەرگیری واتە دروستکردنیماڵێکی نوێ کە ژن و مێرد ئیتر خۆیان لە هەموو شتێکی ئەو ماڵە بە باش و خراپ بەرپرس دەبن». ئەو دەروونناسە خولی هۆشیاریی هاوسەران پێش هاوسەرگیرییان بە شتێکی زۆر گرنگ دەزنێت و هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: «ئەگەرچی هەندێك لە کچان و کوڕان خولی هۆشیاریی هاوسەران بە شتێکی زۆر سادە دەبینن، بەڵام پرۆسەیەکی زۆر



خەندە کەمال:

**خوزگە خولی هۆشیاریی هاوسەران دەبووە مەنهەج و وەک وانە لە پۆلەکانی پاش بنەڕەتی و سەرەتایی تا قۆناغی زانکۆ بخوێندرایە و بایەخ و گرنگیی پێ بدرایە**



ژیلوان فەریق:

**ئەو خولە دەبێتە زەنگی وریاکەرەوەی هاوسەران و پێویستە خولەکە دەوڵەمەند بێت بە نموونە هێنانەوەی هەندێک دیمەنی تراژیدی ناو دادگاکان**

ئاڵۆزە و پێویستە ئامادەکاری بۆ بکرێت». گوتیشی: «خوزگە خولی هۆشیاریی هاوسەران دەبووە مەنهەج و وەك وانە لە پۆلەکانی پاش بنەڕەتی و سەرەتایی تا قۆناغی زانکۆ بخوێندرایە و بایەخ و گرنگیی پێ بدرایە، چونکە هەر نارۆشنبیرییەك لە پرۆسەی هاوسەرگیری سبەی منداڵی بێتاوان باجەکەی دەدات، بۆیە خوزگە دەخوازم چۆن قەپان هەیە کێشانە و پێوانە دەکات، بریا ئاواش تەرازوو هەبوایە کێشانەی کچان و کوڕانی بکردایە و ئەگەر بە کەڵکی خێزانداری نەهاتنایە، هاوسەرگیرییان نەکردایە. هەر چەندە بەشێکی زۆری جیابوونەوەکان ئێستا بە هۆی خراپ بەکارهێنانی سۆشیال میدیایە، بەڵام هۆشیارکردنەوەی کچان و کوڕان زۆر گرنگە و دەکرێت فێربکرێن کە دوای پرۆسەی هاوسەرگیری سۆشیال میدیاش بەکار بهێنن و کاریگەریی خراپیشی لەسەر ژیانی هاوسەرییان نەبێت.»

پارێزەر ژیلوان فەریق حامد سەبارەت بە هەمان پرس هێما بۆ ئەوە دەکات کە هۆشیاری گوزارشت لە گەورەبوونی عەقڵ و سەنگینی مرۆڤ دەکات. هاوکات گوتی: «هۆشیاریی یاسایی بنەمایەکی گرنگی تاك و خێزان و کۆمەڵگەیە، بەم هۆشیارییە گەلێکی بە ئاگا و بە فەرهەنگ ڕێکخراو دێتە بوون».

هەروەها گوتی: «کردنەوەی خولی هۆشیاری پێش هاوسەرگیری بەو ئەزموونەی لە پیشەی پارێزەرێتی هەمە یەکێکە لە ڕەهەندە گرنگ و بە نرخەکان، چونکە خولێکی لەمجۆرە کاریگەریی ئەرێنی لەسەر ڕێڕەوی ژیانی کۆمەڵگە دەبێت، ئەم هەنگاوە خزمەتێکی گەورەیە بە خودی هاوسەران و کۆمەڵگەش، هاوکات (بەرپرسیارێتی یاسایی) کە دەکەوێتە سەر هەردوو هاوسەر لەم فرمانەدا پێویستە شانبەشانی ئەرکە یاساییەکە گرنگی تەواو بە زانستی کۆمەڵناسی دەروونناسیش بدرێت، بەداخەوە هەندێك لە هاوسەران بەهۆی ناهۆشیاری لە ئاست شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتر هەندێکیان ڕووبەڕووی گرفتی قوڵی کۆمەڵایەتی و پەرتەوازەیی منداڵەکان دەبنەوە، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەریی خراپ لەسەر کۆمەڵگە دروست دەکات».

ئەو پارێزەرە جەختیش لەوە دەکاتەوە: «پەروەردەی دروست تاکی تەندروست بەرهەم دێنێت، پێموایە ئەو خولە دەبێتە زەنگی وریاکەرەوەی هاوسەران و پێویستە خولەکە دەوڵەمەند بێت بە نموونە هێنانەوەی هەندێك دیمەنی تراژیدی ناو دادگاکان کە بە هۆی نەگونجان دوو هاوسەر لە یەکتر جیادەبنەوە و وێنایەکی ناخۆش و ناخ هەژێن دروست دەبێت کاتێك منداڵ لە دایك یان باوکی جیا دەکرێنەوە:»

لە کۆتایی قسەکانیدا ئەو پارێزەرە ئاماژەی بۆ ئەوە کرد: « هاوسەرگیری جگە لەوەی گرێبەستێکی دوو لایەنەیە، ئاماژەیەکیشە بۆ ئاییندەی کۆمەڵگە، ئەگەر ئەم گرێبەست و خواستە نەگاتە ئاکام بێگومان دارمانی کۆمەڵایەتی بەدوادادێت».



# مێژووی نیگار

(٢-٢)

تاریق کاریزی

**هیندستان جێیەکی شایستەی لە مێژووی هونەری نیگاردا هەیە، ئەم هونەرە لەو وڵاتەدا پەیوەست بوو بە خوداوەندان و پاشایانی ئایینخواز، هونەر لەوێدا دابەش دەبێتە سەر چەندین ڕەوتی جیاجیا لە جوگرافیای هیندستانی مەزندا. هونەرێکە بە ستایل و کەرەستەی هەمەجۆر کراوە، بابەتی نیگاریش بە زۆری پەیوەست بوو بە ئەفسانەوە. سەرەتای ئەم هونەرە نەخش و نیگاری سەر شاخە و بۆ بەر لە زایین دەگەڕێتەوە، ڕەنگیان لە کانزا و ڕووەك و بەردی پیرۆز و شتی دیکە، دروست کردووە، دیواری کۆشك و قەڵایەکانیان پێ نەخشاندوون. لە نێو مێژووی نیگاری هیندستاندا، شێوازی تنجفۆری شەقڵێکی گرنگە لە نیگاری کلاسیك لە باشووری ئەو وڵاتەدا.**



فلپین چەند دورگەیەکی نێو دەریایە، لە باشووری ژاپۆن و ڕۆژهەڵاتی چیندایە. لەو وڵاتەدا ٦ هەزار ساڵ بەر لە زایین نیگار لەسەر گۆزە کراوە. لە ٥ هەزاری بەر لە زایینەوە، لە سەرانسەری فلپیندا گۆزەکاری بە نەخش و نیگارەوە، بووەتە باو، لە پاڵ نیگاری جەستە. لە سەدەی حەڤدەمی زایینیشەوە، بە کاریگەریی سپانەکان، دروست کردنی تابلۆ بە شێوازی ئەوروپی لە فلپین دەست پێ دەکات.

ڕیشەی هونەری تەلارسازی و پەیکەرسازی لە میسری دێرین خاوەن نەریتی بەهێزن، دروست کردنی دیواربەند لە پەرستگە و کۆشك و تەلار لە شارستانیەتی میسردا باو بووە. لەسەر گەڵای زەلیش نیگار کێشراوە. نیگارکێشانی میسری دێرین بایەخیان بە هێڵکاری داوە، هێماکارییەکی زۆریان تێدا دەکرد، نووسینی هیرۆگلۆفی بۆ خۆی نیگاراسایە. لەسەر کەتان نیگاریان کێشاوە، کە دەربارەی خوداوەندان و ڕۆژی پەسڵان و ژیانی دوارۆژی مردووانە. شێوازی نیگاری میسر لە دوڕگەی کریت لە باشووری یۆنانیش دۆزراوەتەوە، دوای ئەوەی هۆزەکانی باکووری یۆنان دەست بەسەر ئەو وڵاتەدا دەگرن، لە ساڵی (١١٠٠ی ب. ز)ـەوە، نیگار لە وڵاتی گریك ئاراستەیەکی دیکە دەگرێتە بەر. گریکستان (یۆنانی دێرین) خاوەن نیگارکێش و پەیکەرتاش و تەلارسازی زۆر کارامە بوو، شاکارەکانی پەیکەری مەڕمەڕینی ئەو وڵاتە، باڵاترین نموونەی هونەری کلاسیکن. نموونەی نیگاری سەر گۆزە و دیزە و گوڵدان، ئاستێکی بەرزی سەلیقەی جوانخوازیی گریك دەخاتە ڕوو، جگە لە نەخش و نیگاری سەر تەختە دار. دەگوترێت نیگارکێشێکی گریك یەکەمین کەس بوو کە لە ٥ ساڵ بەر لە زاییندا ڕەنگی تێکەڵ کردووە، هێندە بە وردی نیگاری کێشاوە، باڵندە ڕووی لەو بۆڵە ترێیانە کردووە کە ئەو کێشاونی و ڕەنگی کردوون.

لە ڕووی هونەری نیگارەوە، ڕۆم میراتگری گریکن، وێڕای ئەوە، نیگاری ڕۆم تایبەتە، پتر تەفرە دیتن و دیمەنی سروشتە. لە چەند دیواربەندێکدا نموونە لە نیگاری ڕۆمان بۆ ماوەتەوە.

**لە سەرەتای سەدەی نۆیەمی زایینەوە ئەو ستایلە دەست پێ دەکات، نیگاری تنجفۆری جوان و تێر ڕەنگ و پڕ وردەکارییە، باسی خوداوەندانی هیندۆس و ئەفسانە دەکات. بە گوێرەی ئەم ستایلە، تابلۆ بە تەکنیکی ئاڵۆز و بە چەند قۆناغێك دروست دەکرێت. ڕەوتی بەنگال لەگەڵ بڵاو بوونەوەی بیری نوێخوازی لە سەدەی بیستەمدا، بوو بە ڕەوتێکی پێشەنگ لە مێژووی هونەری نیگار لە هیندستاندا، هونەرمەندانی وڵاتەکە هەوڵیان دا، لە نێوان میراتی خۆماڵی و شێوازی هونەری ئەوروپادا، سازان ڕێ نیشاندەریان بێت. ئێستا نیگاری هیندستان هێندە باڵایە، لە ئەوروپا و ئەمریکا لە ماڵ و گالێریدا نمایش دەکرێت.**





ئایینی کریستیان لە نیگاری گەلانی ئەوروپادا بە چڕی ڕەنگی دایەوە، لە سەدەی شەشەمی زایینەوە هونەری بیزانس هێما و شێوازە نەریتییەکەی نیگارکێشانی پاراست، کە بە درێژایی نزیکەی دوو هەزار ساڵ لە گەشە و بووژانەوەی بەردەوامدا بووە، تێیدا گەشە بە هێماکانی ئەرسەدۆکسیی ڕووس و یۆنان درا. لە ڕووی تەختی و وردی لە نیگار و دیمەنی سروشتدا، هونەری بیزانس بە ئەبستراکتی ئەم سەردەمە بەراورد دەکرێت. کڵیسەکانی ڕۆم و گووتی بە دیواربەند دەڕازێندرانەوە. لە سەدەی ١٣ی زایینەوە، نیگار لە ئەوروپا بەرەو ڕیالیزم و پەیڕەو کردنی ڕوانگە و قەبارە چوو، بە تایبەتی لە ئیتالیا، لەوە دوا نیگارکێشانی توانا، لە کولتووری ڕۆژاوا (ئەوروپا)دا بوون بە سەردار و مەزنانی سەدەکانی ناوەڕاست. لەو سەردەمەدا بنەمای تابلۆ بە ستایلی ڕۆژاوایی داندرا، ئەو ستایلەی ئێستا جیهانییە. کاتدرا و کڵیسە لە سەدەی چواردەمدا، پڕ بوون لە پەنجەرە، شووشەی ئەو پەنجەرانەش بە ڕەنگ دەڕازێندرانەوە، چینی دەرەبەگ و بورژوا ئامێزیان بۆ نیگارکێشان کردەوە، بەمەش تابلۆ بوو بە توحفەی دەگمەن و بەرهەمی هونەرمەندانیش هەڕمێنی پەیدا کرد.

هونەری نیگاری گەلانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا کاریان لە یەکدی کردووە. هونەرمەندانی هەردوو لا، سوودیان لە یەکدی وەرگرتووە. ئەم وتارە گەشتێکی خێرایە بە نێو مێژووی هونەری نیگاردا، هونەرەکە زۆر لەوە فراوانترە کە لەم وتارەدا خراوەتە ڕوو. دەرفەتی نووسین لێرەدا سنووردارە، بابەتەکە دارای نووسینی چەندین بەرگە کتێبە، ئێمە بەم چەند ڕستەیە کۆتایی بە قسەکانمان دەهێنین: لە چوار سەدەی ڕابردوودا، بە تایبەتی لە کۆتایی سەدەی ١٩ و لە سەدەی ٢٠دا، هونەری نیگار زنجیرەیەك ڕەوتی بە خۆیەوە دیت، هونەرەکەی بەو ئاستە گەیاند، سەدان مۆزەخانە کراونەتە لانەی بەرهەمی هونەرمەندانی دوایین دوو سەدەی ڕابردوو.



# باشترین و بەهێزترین
# ١٠ فیلمی جەنگ
# تا ساڵی ٢٠٢٢

**چەندین جۆر فیلم و بەرهەمی سینەمایی هەن کە چاودێریی شەڕە جیاوازەکان دەکەن بە درێژایی مێژوو، ئەم کارە هونەرییانە لە ئاڵۆزترین و قورسترین بەرهەمە سینەماییەکانن، بەو پێیەی هەمیشە پێویستیان بە بودجەیەکی زۆر هەیە، هەروەها پێویستی بە زانیاریی قووڵی مێژوویی هەیە، هاوکات نابێت بینەرانی بەلاڕێدا ببات بە خستنەڕووی رووداوە ناڕاستەقینەییەکانی رووداوێك، کە ئەوان دەزانن واقیعییە و لە راستیدا رووی داوە لە جەنگەکەدا، چ رووداوێك لە کاتی جەنگدا رووی داوە و چ چەك و کەرەستەیەك بەکار هێنراوە.**

بۆ نموونە جەنگی دووەمی جیهانی کە لە ساڵی ١٩٣٩ دەستی پێ کرد و تا ساڵی ١٩٤٥ بەردەوام بوو، گەورەترین ململانێی سەربازییە لە مرۆڤایەتیدا، لەم جەنگەدا نزیکەی ٦٠ وڵات بەشدارییان کرد، نزیکەی ٧٠ ملیۆن کەسیش کوژران، چەندین رووداوی بەرچاو هەن کە لە قۆناغەکانی هاوینی ١٩٤٠ و دەستپێکردنی هێرش بۆ سەر یەکێتیی سۆڤیەت نزیکەی ساڵێك دواتر روویان داوە.

بێگومان سینەما مێژووی ئەم رووداوە گرنگەی لەبیر نەکرد، بەڵکو لە رێگەی چەندین فیلمەوە هێڵە دراماتیکەکانی ئەو رووداو و قۆناغە دیارانەی کە لە جەنگەکەدا روویان دا، بە بەڵگەوە خستووەتە بەر دیدی بینەر، لە کوێدا ئەو شەڕە ژمارەیەك کارەساتی بەناوبانگی وەك هۆلۆکۆست و بۆردومانی ئەتۆمیی هێرۆشیما و ناگازاکی لێ کەوتەوە، هەمووی وەك بەڵگە نیشان داوە، هەروەها تاوانی دیکە کە گیانلەدەستدانی ملیۆنان کەسی لێ کەوتەوە، ئەمەیە کە ئەم جەنگەی کردە سەرچاوەی ئیلهام بۆ زۆرێك لە بەرهەمە هونەرییەکان.

**لە بەهێزترین فیلمە جەنگییەکانی بواری سینەما ئەمانەی خوارەوەن:**

١-فیلمی (Black Hawk Down): ئەم فیلمە باس لەو شەڕە خوێناوییە ناوخۆییە دەکات کە لە ساڵی ١٩٩٣ لە سۆماڵ رووی دا، سوپای ئەمریکا بۆ رووبەڕووبوونەوەیەکی گەورە پێشڕەویی کرد بۆ مەقادیشۆ، بە مەبەستی گرتنی محەمەد فەرەح عیدید کە سەرکردەیەکی جەنگیی سۆماڵ بوو، بەڵام رووبەڕووی بەرخۆدانێکی توند بوونەوە و زیانێکی زۆری بەر کەوت، بەڵام ئەوەی کە مەبەست لێی ئۆپەراسیۆنی گرتن و چۆڵکردنی خێرا بوو، لە ئەنجامدا کارەساتێکی بۆ ئەمریکییەکان لێ کەوتەوە.

٢-فیلمی Saving Private Ryan: لە ساڵی ١٩٩٨ بەرهەم هێنراوە، ئەم فیلمە توخمەکانی کات بەسەربردن لەگەڵ کۆمەڵێك ساتەوەختی توندوتیژی و قووڵدا تێکەڵ دەکات، فیلمەکە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانی نیشان دەدات، بەتایبەتی لە شەڕی «نۆرماندی» کە سەرۆکی ئەمریکا کەتیبەیەك دیاری دەکات، بە سەرۆکایەتیی کاپتن میلەر بۆ ئەوەی لە پشت هێڵەکانی دوژمنەوە


4K UltraHD
4K ULTRA HD • BLU-RAY • DIGITAL
INCLUDES THEATRICAL AND EXTENDED VERSIONS OF THE FILM
BLACK
HAWK
DOWN
"A ★★★★ knockout."
15

بچێتە دڵی شەڕەکە و، بەدوای رایانی تایبەتدا بگەڕێت و رزگاری بکات، تا بتوانێت بگەڕێتەوە بۆ لای دایکی کە سێ کوڕی دیکەی لە شەڕەکاندا لەدەستدا و تەنیا رایان ماوە، کاپتن میلەر چەندین شەڕ دەکات بۆ ئەوەی بگاتە لای رایان، لەم فیلمەدا ٤٠ بەرمیل خوێنی ساختە بەکارهاتووە و زیاتر لە هەزار کەس بەشدارییان لە وێنەگرتنی فیلمەکەدا کردووە، دەرهێنەر ستیڤن سپیلبێرگ لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەو وێنانە کردووە کە وێنەگری بەناوبانگی جەنگ (رۆبەرت کاپا) بۆ لەشکرکێشیی نۆرماندی تۆماری کردبوون، ئەمەش هەستێکی واقیعیی بە دەرهێنەرەکە بەخشی و، کە لە کارەکەدا رەنگی دایەوە.




٣-فیلمی (Schindlers List): ساڵی ١٩٩٣ بەرهەم هاتووە، فیلمێکە ژیاننامەی پیشەکارێکی ئەڵمانی دەگێڕێتەوە، کە لە کاتی هۆلۆکۆستدا نزیکەی ١٢٠٠ جووی رزگار کردووە بە شاردنەوەیان لە کارگەکانی خۆیدا لە کاتی هۆلۆکۆست، چیرۆکێکی تێکەڵە، کەسایەتی و هەستەکانی نارۆونن.



٤-فیلمی (The Thin Red Line): فیلمەکە لە ساڵی ١٩٩٨ بەرهەم هێنراوە و باس لەو رووداوانە دەکات، کە لە جەنگی دووەمی جیهانیدا روویان داوە، چیرۆکەکەی باس لە کۆمەڵێک سەرباز دەکات، کە لە هێزی دەریاییدا کاردەکەن، سەربازەکان توانیویانە دەست بەسەر هێڵی ئاسمانیدا بگرن و، بە تێپەڕبوونی کات پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوانیاندا پەرە دەستێنێت، سەرەڕای کەسایەتییە جیاوازەکانیان و سەرەڕای ئەو ترسەی کە سەربازەکان لە کاتی ئەنجامدانی ئەو ئەرکەی کە پێیان سپێردرابوون رووبەڕوویان بووەوە، بەڵام ترسناکییەکانی جەنگ دەبنە هۆی ئەوەی سەربازەکان زیاتر یەکگرتووبن و هەستەکانیان بە خێرایی گەشە دەکات و، پەیوەندییەکی متمانە و خۆشەویستی پێکەوەیان گرێ دەدات، وەك ئەوەی یەك خێزان بن.



ئەم فیلمە لە زۆر فیلمی دیکەی جەنگی سۆزداریی زیاتر تێدایە، وێناکردنی شیکارییە و بە شێوەیەکی فەلسەفی پرسیارەکانی پەیوەست بە مەرگ و مانای ژیان دەخاتە روو، فیلمەکە باس لە جوانیی سرووشت و بنەماکانی مرۆڤ و رۆحی مرۆڤ دەکات، کە ئامادەیە بۆ مانەوە.

٥-فیلمی (Grave of the Fireflies): فیلمێکە لە ساڵی ١٩٨٨ بەرهەم هێنراوە، باس لە کوشتنی دایکێك دەکات لەلایەن فڕۆکە ئەمریکییەکانەوە کە دوو منداڵی هەبوو، یەکێکیان تەمەنی پانزە ساڵ بوو، ئەوی دیکەیان تەمەنی نزیکەی حەوت ساڵ بووە، ئەو دوو برایە دوای مردنی دایکیان ناچار بوون پێکەوە بژین و لە نێو سەختییەکانی ژیاندا بژین و لە تەمەنێکی ئاوا کەمدا، بەرپرسایەتی بگرنە ئەستۆ، بەڵام ئەو مەرجانەی شەڕ دەسەپێنێت، هەمیشە رێگەیان بۆ ئەستەم دەکات.

٦-فیلمی The Pianist: فیلمەکە لە ساڵی ٢٠٠٢ بەرهەم هێنراوە، چیرۆکی ژیانی پیانۆژەنی پۆڵەندی (والدیك سپیلمان) دەگێڕێتەوە، کە لە سەردەمی جەنگی دووەمی جیهانیدا ژیاوە، کاتێك سوپای ئەڵمانیا هێرشی کردە سەر پۆڵەندا و داگیری کرد، سپیلمان و بنەماڵەکەی بەهۆی ئەوەی جوو بوون، ئازاریان دەچێشت و، ئەڵمانییەکان بە ئەنقەست سووکایەتییان بە جووەکان دەکرد، راویان دەنان، ئەشکەنجەیان دەدان و دەیانکوشتن.

٧-فیلمی Inglourious Basterds: ئەم فیلمە فیلمێکی خەیاڵییە، نەك بە گێڕانەوەی رووداوی راستەقینە، بەڵکو بە شێوەیەکی خەیاڵی رووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهان دەگێڕێتەوە، باس لە کۆمەڵێك جەنگاوەر دەکات، کە هەوڵی دزەکردن دەدەن بۆ نێو ریزەکانی نازییەکان و گەیشتن بە سەرکردایەتی، واتە هیتلەر و، لەناوبردنی بۆ کۆتاییهێنان بە جەنگ.

٨-فیلمی Fury: فیلمەکە ئاماژەیە بۆ ناوی ئەو تانکە، کە ئەفسەرێکی سوپای ئەمریکا سەرپەرشتیی دەکات، سەربازەکانی لە جەنگی جیهانیدا سەختترین و چرترین شەڕەکان دەکەن، ئەو سەرکردەیە و سەربازەکانی، بە چەندین بۆسە و رووبەڕووبوونەوەدا تێدەپەڕن و، لەگەڵ هێزەکانی ئەڵمانیای نازی دەجەنگن.

٩-فیلمی (Kingdom of Heaven): ئەم فیلمە باس لە کۆتاییهاتنی جەنگی خاچپەرستەکان لە رۆژهەڵات و، نۆژەنکردنەوەی قودس لەلایەن عەرەبەکانەوە دەکات، دیمەنەکانی فیلمەکە پێداچوونەوەیە بە دوا شەڕەکان، کە لە نێوان خاچپەرستان و عەرەبەکاندا روویان داوە، وەرگرتنەوەی قودس و خاکە عەرەبییەکانی دیکە لەسەردەستی سەلاحەدین ئەیوبی کۆتایی دێت.

# سالار ئازید دکتۆرای لەبارەی کەمانچە و ڕۆڵی لە گۆرانی فۆلکلۆری کوردی بەدەستهێنا

**سالار ئازید لەبارەی دکتۆراکەیەوە دەڵێت: «تێزی دکتوراکەم لەسەر (آلة الكمان و دورها في غناء التراث الكوردي في أقليم كوردستان العراق) واتا ئامێری ڤیۆلین و ڕۆڵی لە فۆلکلۆری گۆرانی کوردی لە هەرێمی کوردستان بوو، کە لە زانکۆی عەرەبی-ئەمریکی لە باکووری ئەمریکا و، لە وڵاتی ئەردەن لە عەممانی پایتەخت گفتوگۆ کرا».**

تێزەکە باس لەو گۆڕانکارییانە دەکات کە لە ساڵانی١٩٦٠ تا ٢٠١٠ لە گۆرانیی فۆلکلۆری کوردی ڕووی داوە، بەتایبەت ئەو گۆرانییانەی کە بە ئامێری ڤیۆلین دووبارە وەکو سۆلۆ ژەنیویانە، هاوکات باس لە ناسنامەی گۆرانی و موزیکی کوردی دەکات، لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی گوتنی فۆرمە کوردییەکان لە ڕووی ئەداو (شێوازی مەقامەکان) کە لە ڕێگەی ئامێری کەمانچە دووبارە ژەندراوە.

لەگەڵ ئەوەشدا تێزەکە باس لە ڕۆڵی هونەرمەندانی وەکو مامۆستا ئەنور قەرەداغی و دکتۆر دڵشاد محەمەد سەعید و جەمال ئامێدی و تیپە موزیکییەکانی وەکو تیپی هونەریی هەولێر و ڕواندز و کەرکوک و سلێمانی دەکات.

تێزەکە شێوازێکی نوێی لە ڕووی شیکردنەوەی میوزیکی ڕۆڵی خۆی دەبینی، لێژنەی گفتوگۆ پێکهاتبوو لە پرۆفیسۆر محەمەد ئەلغوانمە سەرۆکی لیژنە، پرۆفیسۆر وائیل حەداد سەرۆکی زانکۆی یەرموك، پرۆفیسۆر سوبحی ئەلشەرقاوی، دکتور حوسێن ئەلئەعزەمی.

تێزی دکتۆراکە بەسەرپەرشتیی پرۆفیسۆر دکتور حوسێن ئەلئەنساری و دکتۆر محەمەد حوسێن ئەلباوی سەرپەرشتی هونەری موزیك بەڕێوە چوو، لەلایەن لیژنەکەشەوە بە پلەی نایاب وەرگیرا.

سالار ئازید دەرچووی پەیمانگەی هونەرەجوانەکانی بەغدایە، بەکالۆریوس و دبلۆمی باڵای لە لە زانکۆی فۆنتیاسی لە وڵاتی هۆڵەندا تەواو کردووە، ماستەری لە زانستی موزیك لە زانکۆی سەڵاحەدین تەواو کردووە، ساڵانێك لە زانکۆی سەڵاحەدین مامۆستا بووە، ساڵانێکیش لە وڵاتی هۆڵەندا مامۆستای موزیك بووە لە پەیمانگەی موزیکی ئاودەنبوش و، لە چەندین ئۆرکێسترای جیهانیدا کاری کردووە،

ئەندامی گرووپی ناوداری ئەورویا بووە لەگەڵ ئۆرکێسترای جیهانی، هاوکات سەرۆکی ئۆرکێسترای کوردستان بوو بۆ چەند کۆنسێرتێك لە کوردستان و ڕۆمانیا و، لە زیاتر ٧٠ cd هونەرمەندان کاری کردووە، لەوانەش هونەرمەندی گەورەی عەرەب کازم ئەلساهر کە لە گرووپەکەیدا ئەندام بووە.

سالار بە کاری میوزیك بەشداریی دوو فیلمی جیهانیی کردووە لە هۆلیود، کە فیلمی عەلائەدین بوو، تێیدا ئەکتەری ناوبانگ ویل سمیس ڕۆڵی سەرەکی دەبینی، لەگەڵ فیلمی ئەترینلس کە ئەکتەری ناودار ئەنجلینا جولی ڕۆڵی سەرەکیی تێدا دەبینی، هاوکات سالار ئازید لە چەند فیلمێکی دیکەی جیهانیدا موزیکی کوردی و جیهانی ژەنیوە لەگەڵ هونەرمەندی بەناوبانگ میشێل بەنەبیلە .

سالار ئازید گلەیی لە میدیای کوردی دەکات کە ناتوانن پشتیوانی لە هونەرمەندان و هونەری کوردی بکەن و، پێی وایە ئەوە کەموکورییە و پێویستە میدیای کوردی پێداچوونەوەیەك بەو کەموکوڕییەدا بکات.



رازاو محەممەد
یاریزانی تیپی فوتساڵی پیرەمەگروون:

# خەونی من ئەوەیە زیاتر بەرەو پێشەوە بچم و بەشداری بکەم لە خولەکانی دەرەوەی عێراقیش

پارێـزگای هەڵەبجـەی شـەهید یەکێکـە لـەو پارێزگایانـەی کوردسـتان کـە گرینگیـی زۆر بـە سـەرجەم وەرزشـکارانی یارییـە جۆراوجـۆرەکان دەدات، لـەم شـارەش چەندیـن کچـە یاریزانـی بەتوانا هەیـە لـە یارییـە جۆراوجـۆرەکان، کـە شـارێکی رۆشـنبیرن لـە بـواری وەرزش و دەیانەوێـت لـە رێگـەی یارییـە جۆراوجۆرەکانـەوە زیاتـر ئاسـتی خۆیـان بـەرەو پێـش ببـەن، ئامانجیـان پێشخسـتنی وەرزشـە، لـە یـاری فوتسـاڵیش شـارەکە خاوەنی ژمارەیـەك یاریزانـی ئاسـت بـەرزە، کـە ئێسـتا بـۆ یانەکانـی دەرەوەی شـارەکەیان یـاری دەکـەن و خـاوەن ئاستێکی بـەرزن، رازاو محەمـەد یەکێکـە لـەم کچـە یاریزانانـەی کـە خاوەنـی چەندیـن ئەنجامـی باشـە لـە سـەر ئاسـتی کوردسـتان و، وەکـو یاریـزان بـۆ یانەکانـی هەڵەبجـە و خورمـاڵ و پیرەمەگـروون یاریـی کـردووە، رازاو لەدایکبـووی ساڵی ١٩٩٨ی پارێزگای هەڵەبجەیـە و خاوەن بڕوانامـەی بەکالۆریۆسـە لـە کۆلێژی پـەروەردەی جەسـتەیی و زانسـتە وەرزشـییەکان، ئێمـەش لـە نزیکـەوە چەنـد پرسـیارێکمان لـێ کـرد سـەبارەت بـەم وەرزشـە، ئەویـش وەڵامـی سـەرجەم پرسـیارەکانی گۆڤـاری گوڵانـی دایـەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی



*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی یاریی فوتساڵ چۆن دەبینی لە شارەکانی کوردستان؟**

-لەچاو یارییەکانی دیکەی کچان گرینگییەکی باشتری پێ دراوە.

*** ئەنجامنەدانی پاڵەوانێتی تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

- ئەنجامنەدانی پاڵەوانێتی دەبێتە هۆی ئەوەی یاریزان بکشێتەوە لەم یارییە و، دوور بکەوێتەوە لە مەشقەکان و حەز و خولیای نامێنێ، رەنگە بچێت بە لای یارییەکی دیکەدا، بەم شێوەیەش ئاستی یارییەکە دادەبەزێت.

*** بۆ بەرەوپێشچوونی ئەم یارییە چی بکرێت باشە؟**

- پێویستە پاڵەوانێتیی زیاتر بکرێتەوە و گرینگیی زیاتر بەم یارییە بدرێت، فێرگە و قوتابخانەی زیاتر بکرێتەوە لە سەرجەم شارەکانی کوردستان، بۆ ئەوەی یانەکان هەر لە منداڵییەوە یاریزان پێبگەیەنن.

***گرفتەکانی بەردەم ئەم یارییە لە چیدا دەبینیتەوە؟**

-گرفتی ئەم یارییە لە کوردستان بە پلە یەک نەبوونی گۆڕەپانی یاریکردنە.

***هەست بە چی دەکەیت کە یارییەکی جەماوەری ئەنجام دەدەیت؟**

- هەستێکی زۆر خۆشم هەیە، چونکە ئەوە حەز و خولیایەکی منداڵیمە، هەست ناکەم ئەم یارییە تەنیا لە کوڕان نزیک بێت، هەست دەکەم ئەم یارییە بۆ کچانیشە و هەوادارێکی زۆری هەیە، کچانیش زۆر حەز بەم یارییە دەکەن.

***بە نیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو کچە وەرزشکارێك؟**

-بەئومێدی بەردەوامیدانم بە وەرزش بۆ ئەوەی بتوانین ئەم یارییە پێش بخەین، جگە لەوەش دەمەوێت روو لە یانەی دیکەش بکەم تا لە زۆرترین پاڵەوانێتیدا بەشدار بم.

***ئایا لەگەڵ ئەوەیت کە یانەکانی کوردستان پشت بە راهێنەری بیانی ببەستن؟**

- نەخێر لەگەڵ ئەوە نیم، بەڵام پێم باشە لە رێگەی راهێنەری بیانییەوە خول بکرێتەوە بۆ راهێنەرە کوردەکانی خۆمان، بۆ ئەوەی سوود لە تواناکان و ئەزموونی ئەوان ببینن، راهێنەری کورد لەگەڵ یاریزانی کورد زۆر باشترە.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- داواکارم لە بەرپرسانی وەرزشی ئەم یارییە پشتگوێ نەخرێت و خول و پاڵەوانێتیی زیاتر بکرێتەوە، بۆ ئەوەی کچان ساردنەبنەوە و پاشەکشە نەکەن لەم یارییە.

*** وەکو وەرزشکارێك خەونت بۆ داهاتوو چییە؟**

-خەونی من ئەوەیە وەکو هەموو کچانی وڵاتانی دونیا زیاتر بەرەو پێشەوە بچم و بەشداری بکەم لە خولەکانی دەرەوەی عێراقیش.

***بۆچی ماوەیەکە لە هەڵبجە دووریت؟**

-پارێزگای هەڵبجە داراییەکی وای نییە بۆ کچانی سەرف بکات، بۆیە یانەکەمان پەرتەوازە بووە، هەر کچەوەرزشکارێك بۆ شوێنێك یاری دەکات، بەهیوای ئەوەم یانەی هەڵبجە بتوانێت خزمەتێکی باش بە کچانی وەرزشکار بکات، بۆ ئەوەی لە شارەکەی خۆمان بەردەوام بین.

***پاڵەوانبوون لای تۆ چی دەگەیەنێت؟**

-بە رای من پاڵەوانبوون ئەوەیە بەری رەنجی چەند ساڵەت لە ئاستێکی باشدا ببینیت، ئەوەش هەستێکی خۆشە کە لە ئاستێکی بەرزدا یاری بکەیت.

*** تا ئێستا بۆ هیچ یانەیەك یاری ناکەیت، ئایا لەلایەن یانەکانەوە گرێبەستت پێشکەش کراوە؟**

- بەڵێ، گرێبەستم بۆ هاتووە، بەڵام بەهۆی هاتووچۆ و بارودۆخی ژیان بۆم نەکراوە گرێبەست بکەم.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاسی گۆڤاری گوڵان دەکەم بۆ ئەو هەموو خزمەتەی بە وەرزشکارانی کوردستانی دەکات، هیوام وایە کچان زیاتر روو لە وەرزش بکەن، کە بۆ جەستە و بۆ دەروونیش گرنگە، هیوادارم زیاتر گرنگی بە وەرزش بدرێت.



**یانەکەمان پەرتەوازە بووە، هەر کچەوەرزشکارێک بۆ شوێنێک یاری دەکات**

**بە رای من پاڵەوانبوون ئەوەیە بەری رەنجی چەند ساڵەت لە ئاستێکی باشدا ببینیت**

# یانەی ئەی سی میلان گرێبەستی ئیبراهیمۆڤیچی نوێکردووە




یانەی میلان لەسەر پێگەی فەرمیی خۆی رایگەیاند زلاتان ئیبراهیمۆڤیچ گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەکەی تا هاوینی ٢٠٢٣ نوێکردەوە.

بە گوێرەی فابریزیۆ رۆمانۆی رۆژنامەنووسی بەناوبانگی ئیتاڵیا، ئەو هێرشبەرە سویدییە مووچەی ساڵانەی دەبێتە نزیکەی ملیۆنێک و نیو یۆرۆ، بەگوێرەی ئاست و دەستکەوتەکانیشی پاداشتی دیکە دەچێتە سەر مووچەکەی.

ئیبراهیمۆڤیچ سێ مانگی دیکە تەمەنی دەبێتە ٤١ ساڵ، بەڵام هێشتا ئامادە نییە واز لە یاریکردن بهێنێت و بەهۆی پێکانەوە نەشتەرگەرییەکی بۆ کراوە و چەند مانگێک لە یاریکردن دادەبڕێت و تا نزیکەی ناوەڕاستی وەرز بۆ یاریکردن بەردەست نابێت.

ئیبراهیمۆڤیچ لە ساڵی ١٩٩١ لە یانەی ماڵمۆی سویدی دەستی بە یاریکردن کرد، دوای ١٠ ساڵ خولی سویدی جێهێشت روویکردە یانەی ئایاکس، لە کاروانی وەرزشی خۆی یاری بۆ یانەکانی یوڤانتۆس، ئەنتەر میلان، بەرشلۆنە، پاریس سانت جێرمان و لۆس ئەنجلۆس گالاکسی کردووە، دواجار بە یەکجاری گەڕایەوە ئەی سی میلان، لەگەڵ ئەم یانەیە تا ئێستا ١٥٨ یاری کردووە، ٩٢ گۆڵ و ٣٥ ئاسیستی هەیە.

# بەرشلۆنە هەواڵی دڵخۆشکەری بۆ هاندەرانی هەیە

یانەی بەرشلۆنە لە ڕێکخستنەوەی تیپەکەی بەردەوامە و لە چەند ڕۆژی داهاتوودا یانەکە دەچێتە قۆناخێکی دیکە لە رووی ئابوورییەوە و بەشێکی کێشەکانی ئێستای چارەسەر دەبن و تۆمارکردنی یاریزانە نوێیەکانیش ئاسانتر دەبێت.
یانەکە کاردەکات بۆ فرۆشتنی ٤٩٪ـی داهاتی فرۆشگاکانی، کە ٢٠٠ ملیۆن یۆرۆی دەستدەکەوێت، بەپێی دوایین زانیارییەکان بەشی دووەمی بووژانەوەی ئابووریی یانەکە رادەگەیێنرێت و بەرشلۆنە پێویستی بە ١٠٠ ملیۆن یۆرۆ هەیە بۆ تۆمارکردنی ناوی رۆبێرت لیڤاندۆڤسکی و یاریزانە نوێیەکانی دیکەی یانەکە، بەمەش بەرشلۆنە دەتوانێت دەستبەرداری فرێنکی دی یۆنگ نەبێت، کە زۆر زەحمەتە یاریزانەکە بڕوات.
راپۆرتە رۆژنامەوانییەکانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، ئەمە پلانی دووەمی بەرشلۆنەیە، ئەگەر فرێنکی دی یۆنگ نەڕۆیشت، کە یاریزانەکە نایەوێت بڕوات.
لەلایەکی دیکەوە چارەنووسی ئەو یاریزانە کاریگەریی لەسەر داهاتووی نیکۆش دەبێت، چونکە یاریزانەکە دەیەوێت بەخواستن بچێتە یانەیەکی دیکە، بەڵام چاڤی پێیگوتووە ئەگەر دی یۆنگ بڕوات پێویستیم پێت دەبێت.
خوان لاپۆرتا، سەرۆکی بەرشلۆنەش لەبارەی لیڤاندۆڤسکییەوە قسەیکردووە و دەڵێت: رکابەری پاریس سانت جێرمان و چێلسیمان دەکرد، بەڵام لیڤاندۆڤسکی ئێمەی هەڵبژارد، سەرەڕای ئەوەی لەو دوو یانەیە پارەیەکی زیاتریان پێدەدا، بۆ ئەمەش سوپاسی دەکەین.
سەرۆکی بەرشلۆنە زیاتر گوتی: دوای گواستنەوەی لیڤا، ئێستا کاتی کارکردنە بۆ بەهێزکردنی هێڵی بەرگری.







# ڕەحیم ستێرلینگ پەیوەندی بە یانەی چێڵسی کرد

یانەی چێڵسی لەندەنی بە فەرمی گواستنەوەی رەحیم ستێرلینگی هێرشبەری یانەی مانچێستەر سیتی راگەیاند.
رەحیم ستێرلینگ بە فەرمی پەیامێکی ماڵئاوایی بۆ هاندەرانی مانچیستەر سیتی بڵاوکردەوە، دوای دوو کاتژمێر چێڵسی راستەوخۆ گواستنەوەی ئەو هێرشبەرەی راگەیاند.
ستێرلینگ نووسیویەتی ئەو کاتەی تەمەنی تەنیا ٢٠ ساڵان بوو هاتە مانچێستەر سیتی و ئێستا دوای حەوت ساڵ ماڵئاوایی دەکات و بە شانازییەکی گەورەی دادەنێت.
یاریزانە ئینگلیزیەکە دەشڵێت بردنەوەی ١١ نازناو بە درێسی یانەکە هەرگیز لەبیر ناکات .
لە لایەکی دیکەیشەوە، یانەی چێڵسی بە گرێبەستێك تاوەکو ٢٠٢٧ گواستنەوەی رەحیم ستێرلینگی راگەیاند.
رەحیم ستێرلینگی تەمەن ٢٧ ساڵ، پێشتر لە یانەی لیڤەرپوول پێگەیشتووە، ١٢٩ یاری بۆ ئەو یانەیە کردووە، ٢٣ گۆڵ و ٢٥ ئاسیستی تۆمار کردووە، دواتر روویکردە مانچیستەر سیتی، لە کۆی ٣٣٧ یاری، ١٣١ گۆڵ و ٩٤ ئاسیستی کردووە.



# دیار یاخی گرێبەستی بۆ هاتووە

هەر چەندە یانەی نەورۆز لە وەرزی رابردووی خولی نایابی یانەکانی عێراقی توانی ئاستێکی شایستە پێشکەش بکات لە قۆناغی دووەمی خولەکە، لە ئێستادا دەستەی کارگێڕیی یانەکە خەریکی ئامادەکارییە بۆ ئەوەی گرێبەستی بەشێك لە یاریزانانی یانەکەی تازە بکاتەوە، جگە لەوەش لە هەوڵی مۆرکردنی چەند گرێبەستێکە لەگەڵ یاریزانانی ئاست بەرزی پیشەگەر، دیار یاخی کاپتنی یانەکە هەر چەندە گرێبەستی بۆ هاتووە، بەڵام بۆ نوێکردنەوەی گرێبەستەکەی چاوەڕوانی یانەی نەورۆز دەکات، لەم بارەشەوە دیار یاخی کاپتنی یانەی نەورۆز بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «دوای تەواوبوونی یارییەکانی خولی نایابی عێراقی لەلایەن ژمارەیەك لە یانەکانی عێراقییەوە گرێبەستم پێشکەش کراوە، تەنانەت یانەی جەماوەریشی تێدایە، بەڵام

# رەمزی ساڵح خۆی یەکلا دەکاتەوە



یانەی سەید سادق وەرزی رابردوو بەسەرپەرشتیی راهێنەری شاری کەرکووك رەمزی ساڵح یەکێك لە یانە بەهێزەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان بوو، تاکو ئێستاش رۆژی دەستپێکی خولەکانی کوردستان دیاری نەکراوە، بەڵام چەندین یانە لە هەوڵی ئەوەدان گرێبەست لەگەڵ ئەم راهێنەرە بە ئەزموونە مۆر بکەن، بۆیە لە ئێستادا رەمزی ساڵح لە هەوڵی ئەوەدایە لەگەڵ یانەیەك رێککەوتنی کۆتایی بکات، لەم بارەشەوە کاپتن رەمزی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «لە دوای کۆتاییهاتنی خولی نایابی یانەکانی کوردستانەوە، چەندین یانە لە سەر هێڵن بۆ ئەوەی گرێبەستم لەگەڵ واژوو بکەن، جگە لەوەش یانەی سەید سادق نایەوێت دەستبەردارم بێت، بەڵام من لەلایەن خۆمەوە بڕیاری رۆیشتنم داوە و، دەمەوێ لەگەڵ یانەیەکی دیکە گرێبەست بکەم»، رەمزی ساڵح گوتیشی: «جگە لە یانەکانی سۆران و رەواندز و برادۆست دوو یانەی دیکەش داوایان لێ کردووم کە لە خولی نایابی کوردستانن، منیش چاوەڕێم بزانم کامە گرێبەست بۆمن باشە و لەگەڵ من دەگونجێت، ئەوکات بڕیاری کۆتایی دەدەم لە سەر چارەنووسی خۆم، کە ئایا لەگەڵ کام یانە رێك دەکەوم لە خولی نایابی کوردستان بێت یان هەر خولێکی دیکە، خولەکانی کوردستانیش هەموویان خاوەن یاریزانی ئاست بەرزن و یانەکانیش لە رکابەریدان، دەمەوێت بچمە یانەیەك، بۆ ئەوەی ئاستی تیپەکە بەرز بکەمەوە و ئەوەی لە توانامدا بێت، خزمەتی یانەکەی پێ بکەم، تاکو ئێستاش بەفەرمی لەگەڵ هیچ یانەیەك رێککەوتنی کۆتاییم نەکردووە، چاوەڕوانی ئەوەم یانەیەك لەگەڵ مەرجەکانی من بگونجێت، ئەوکات گرێبەستی فەرمیی خۆم رادەگەینم».



# چەند یانەیەکی عێراقی و سعودی داوای یاریزانێکی کوردیان کردووە

هەر چەندە تاکو ئێستادا یانەکانی عێراقی دەستیان بە ئامادەکاری نەکردووە بۆ دەستپێکی وەرزی نوێی خولی عێراقی، بەڵام ئیدارەی یانەکانی بەشدار لە خولی عێراقی، لەگەڵ چەندین یاریزانی ئەستێرە دەستیان بە نوێکردنەوە و مۆرکردنی گرێبەست کردووە، ئیڤان خالیدی یاریزانی پێشووی یانەی هەولێریش ئەم وەرزە لەگەڵ یانەی کارەبای شاری بەغداد ئاستێکی بەرزی پێشکەش کرد لە خولی نایاب و جامی عێراقی، لە بارەی دیاریکردنی چارەنووسی وەرزی داهاتووشی ئیڤان خالید بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تاکو ئێستا هیچ بڕیارێکم نەداوە بۆ چوونم بۆ هەر یانەیەکی عێراقی، هەر چەندە ژمارەیەك لە یانەکانی بەغدا و بەسرە داوای گرێبەستیان لێم کردووە، جگە لەوانەش یانەیەکی سعودی لە سەر هێڵە بۆ مۆرکردنی گرێبەست و، لەگەڵ بەڕێوەبەری کارەکانم قسەی کردووە، لەگەڵ ئەوانیش لە سەر هێڵین بۆ ئەوەی خۆمان یەکلا بکەینەوە، بەڵام من چاوەڕوانی یانەی کارەبام، ئەوان چەند رۆژی داهاتوو دەست بە نوێکردنەوەی گرێبەستەکان دەکەن، ئەگەر ئەوەی من داوام کردووە لە یانەی کارەبا، بۆم جێ بەجێ بکرێت، لەگەڵیان بەردەوام دەبم، ئەگەر لەگەڵ یانە سعودییەکەش رێك بکەوم، کە لە خولی پلەیەکی سعودی یاری دەکەن، ئەوا سەرجەم گرێبەستەکانی خولی عێراقیم رەت دەکەمەوە»، لە بارەی یانەی هەولێریش کە یانەی پێشووی خۆیەتی ئیڤان گوتی: «سەبارەت بە یانەی هەولێر، هیچ گرێبەستێکی فەرمیم پێشکەش نەکراوە، من بچمە هەر یانەیەك ئەگەر خودی راهێنەر خۆی داوای من نەکات، بێگومان ناچمە ئەو یانەیە، هەولێر هەمیشە بەماڵی خۆمی دەزانم، یاریکردنیش بۆ یانەی هەولێر هەمووکات جێگای شانازییە بۆ هەر یاریزانێك».

من تاکو ئێستا بڕیارم لەسەر چارەنووسی خۆم نەداوە، چاوەڕوانی یانەی نەورۆزم بۆ ئەوەی چارەنووسی خۆم یەکلایی بکەمەوە»، لە بارەی ئەگەری مانەوەشی لە یانەی نەورۆز کاپتنی یانەی نەورۆز گوتی: «جارێ نازانم کە لە ریزی یانەی نەورۆز دەمێنمەوە یان دەچمە یانەیەکی دیکە، ئەنجامی کۆبوونەوەی نێوان من و یانەکە ئەو چارەنووسە دیاری دەکات، یاریکردن لە خولی عێراقی تایبەتمەندیی خۆی هەیە و، هەموو یاریزانێك حەز دەکات یاری لە خولە گەورەکاندا بکات، منیش بە هیوای ئەوەم لەگەڵ هەر یانەیەك بم، ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەم لە ناو یاریگا و، خزمەتی ئەو یانەیە بکەم کە گرێبەستم لەگەڵیان دەبێت».

# ئایا پاش ژەمی خواردن هەست بە ماندووبوون دەکەیت؟

گەلێك کەس پاش خواردنی ژەمێکی سەرەکی، بەتایبەتی ژەمی نیوەڕۆ، هەست بە ماندووبوون و بۆرژان دەکەن، وەك ئەوەی خواردنی ژەمەکە کارێکی فیزیکیی قورس بوو بێت. ئەگەرچی میکانیزمی تەواو بۆ ئەم گرفتە نەزانراوە، بەڵام مەسەلەکە پەیوەستە بە ریتمی کاتژمێری بایۆلۆژیی لەش، کەواتە ریتمی کاتژمێری بایۆلۆژیی Circadian rhythm لەش چییە؟ بریتییە لەو گۆڕانە جەستەیی و دەروونییانەی کە لە سووڕی رۆژانەدا روو دەدەن، لە ئەنجامی کاردانەوە بەرانبەر بە رووناکی و تاریکی، بۆنموونە: نووستن لەکاتی شەودا و بێداربوونەوە لەکاتی رۆژدا، بەم شێوەیە مێشك کۆنترۆڵی دەردانی هۆرمۆنی میلاتۆنین Melatonin دەکات، کە هاندەرە بۆ هەستکردن بە بۆرژان، بۆنموونە هەر چەند رووناکی کەمتر بێت، هێندە رێژەی دەردانی میلاتۆنین زیاتر دەبێت. هۆکارەکان وەك، یەکەم: کاتەکانی ژەمی خواردن رۆڵی هەیە لەبەر بوونی هەماهەنگیی نێوان مێشك و کۆئەندامی هەرس، بۆنموونە لەکاتی شەودا توانای هەرسکردنی خۆراك لەسەرخۆ دەبێتەوە و، بە ئاسانی دەگۆڕێت بۆ چەوری، هاوکات لەگەڵ دەردانی هۆرمۆنی لێپتین Leptin کە هەستی برسیبوون کەم دەکاتە و، ئارەزووی خەوتن زیاد دەکات. دووەم: جۆری خۆراك، وەکو کاربۆهیدرات، یان شیرینیی زیاد و چەوریی زیاد، هەروەها ئەو خۆراکانەی کە ماددەی تریپۆتۆفان Tryptophan لەخۆدەگرن، هاندەرن بۆ هەستکردن بە بۆرژان و ماندووبوون لە رێگەی دەردانی هۆرمۆنی میلاتۆنین، بۆنموونە مۆز، ئەناناس، ئاڤۆکادۆ، گۆشت، هێلکە، ماسی، کاکڵەکانی وەکو گوێز و باوی و گازو.



# بای وەرزی و سووتانەوەی پێست



شێداری و گەرمیی هەوا لەکاتی هەڵکردنی بای وەرزیدا Monsoons هاندەرە بۆ زبربوون و سووتانەوەی پێست -Chafing، لەگەڵ پەیدابوونی پەڵەی سوور، ئەکزیما و هەوکردنی پێست، هەروەها شێداریی زۆر و ڕێژەی کەمتری تیشکی خۆر، هاندەرن بۆ گەشەی بەکتریا و کەڕوو لەسەر پێستدا، لە لایەکی دیکەوە، گەرمای زیاد و گۆڕانی کتوپڕی پلەی گەرمی، گرفتەکانی پێست ئاڵۆزتر دەکەن. هەنگاوەکانی خۆپاراستن: پۆشینی جلی شوراو(پاك) و وشك، دووركەوتنەوە لە پۆشینی جلی تەسك، کە هاندەرن بۆ زیادکردنی لێکخشانی قوماش لە پێست و، هاندانی سووتانەوەی پێست، چونکە جلی تەسك دەبێتە ئەگەری زیاد کۆبوونەوەی ئارەقە لەسەر ڕووی پێست و، هێشتنەوەی شێداری سەر پێست بۆ ماوەیەکی زۆر، کە یارمەتیدەرە بۆ گەشەکردنی کەڕوو، کەچی جلی فراوان بە پێچەوانەی جلی تەسك نابێتە ئەگەری ئەم گرفتانە، هاوکات لەگەڵ هەڵبژاردنی جلی ژێرەوە کە نە تەسك و نە فراوان بێت و تا بکرێت قوماشەکەی لۆکە بێت، بەکارهێنانی کرێمی تایبەت کە ڕێگە لە سووتانەوەی پێست دەگرن، یان سووتانەوەی پێست سووك دەکەن لەکاتی هەڵکردنی بای وەرزیدا، بۆنموونە: ئۆکسیدی زینك، گلیسرین، زەیتی گوێزی هیندی، نیشاستەی گەنمەشامی، یان ئەو کرێمانەی سیلیکۆن لەخۆدەگرن، کە پێویستە، بەتایبەتی بۆ بن کەوشەکان، ئەو شوێنانەی دیکەی لەش بەکاربهێنرێن کە ڕووبەڕووی لێکخشانی پێست دەبنەوە.

# هۆکارە هاندەرەکانی تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە



ئەگەرچی نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم کە جۆرە باوەکەیە، مەیلی زگماکیی هەیە، بەڵام گەلێك هۆکاری هاندەری دیکە هەیە کە ئەگەری تووشبوون زیاد دەکەن و، تا ڕادەیەکی زۆریش دەتوانرێت ڕێگایان لێ بگیرێت. هۆکارە هاندەرەکان وەك: کێشی زیاد و قەڵەوی کە هۆکارێکی بەهێزە بۆ تووشبوون، بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن، بەرزبوونەوەی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن، کەمیی جووڵە و کەمیی مەشقی وەرزشی، کە هاندەرە بۆ زیادبوونی کێشی لەش و پەیدابوونی بەرگری بەرانبەر بە هۆرمۆنی ئینسولین -Insulin resistance، تووشبوون بە نەخۆشیی شەکرە لە کاتی دووگیانیدا Gestational diabetes، کە پاش منداڵبوون ئەگەری تووشبوونی هەمیشەیی بە شەکرە زیاد دەکات، خۆراکی ناتەندروست (بەتایبەتی خۆراکی ڕۆژئاوایی) واتە خۆراکی پرۆسێسکراو بە چەوریی خراپ و کەمیی ریشاڵ و بڕی زیادی خوێ و شلەمەنییە شیرینکراوەکان، جگەرەکێشان، بەساڵاچوون بەتایبەتی پاش ٤٥ ساڵی، چونکە توانای پەنکریاس بۆ دەردانی ئینسولین کەم دەبێتەوە، هاوکات لەگەڵ زیادبوونی بەرگریی لەش بەرانبەر بە ئینسولین، مەیلی خێزانی (بۆماوەیی) کە ئەگەری تووشبوون تا ٤٠٪ زیاد دەکات، ئەگەر تەنیا دایك، یان باوك شەکرەی هەبێت، هەروەها ئەگەری تووشبوون تا ٧٠٪ زیاد دەکات ئەگەری هەردوو دایك و باوك شەکرەیان هەبێت.

# بۆچی دابەزاندنی کێش بە خێرایی ڕێنمایی ناکرێت؟



زۆربەی ئەو کەسانەی کە کێشی لەشیان زیادە، یان قەڵەون، هەوڵ دەدەن کە بە خێرایی کێش دابەزێنن، بەڵام لە لایەنی پزیشکییەوە ئەمە کارێکی ئاسان نییە، ئەگەر بە ڕێگەی نا تەندروتیش کێشی لەش بە خێرایی دابەزێنرێت، ئەوا گرفتی تەندروستی بەدواوە دێت، بەتایبەتی زیادبوونی ئەگەری دروستبوونی بەردی زراو، لەگەڵ کەمبوونەوەی ڕێژەی شلەی لەش و بەدخۆراکی Mal-nutrition. گرفتەکانی دیکەی پەیوەست بە خێرا دابەزاندنی کێشی لەش بریتین لە: سەرئێشە، هەستکردن بە نارەحەتیی دەروونی و ماندووبوونی فیزیکی، قەبزی، تەنکبوونی قژ، نارێکبوونی سووڕی مانگانە لە ئافرەتدا، هەروەها کەمبوونەوەی بارستایی ماسوولکە.

لەگەڵ دەستپێکی بەرنامەیەکی دروستی دابەزاندنی کێشی لەش لەژێر چاودێریی پزیشکیدا، سەرەتا کێشی لەش بە خێرایی دادەبەزێت، ئینجا بەرە بەرە کەمتر و لەسەرخۆتر کێش دادبەزێت. پسپۆڕان پیان باشە کە هەوڵ بدرێت هەفتانە تەنیا ١٪ی کێشی لەش دابەزێنرێت کە دەکاتە ٠,٥ - ١,٣٦ کیلۆگرام (١-٣ پاوەند) لە هەفتەیەکدا. پێویستە ئەم ڕاستییە زانستییەش بزانرێت کە دابەزاندنی کێش پرۆسەیەکی هێڵی نییە، واتە هەموو هەفتەیەك بە هەمان ڕێژە کێش دانابەزێت، بۆنموونە: لەوانەیە کە چەند هەفتەیەك کێش بە ڕێژەی زیاد و چەند هەفتەیەکی دیکە بە ڕێژەی کەمتر دابەزێت، یان هەر هیچ دانەبەزێت، بۆیە گەلێك کەس واز لە بەرنامەی دابەزاندنی کێش دێنن و پێیان وایە کە سەرکەوتوو نەبوون، لەوانەیە کە ڕێگەی ناتەندروست بۆ دابەزاندنی کێش بگرنە بەر.

# چۆن پەستانی بەرزی خوێن زیان بە چاو دەگەیەنێت؟

بەرزبوونـەوەی پەستانی خوێن ئەگـەر بۆ ماوەیەکی زۆر فەرامـۆش بکرێـت، یـان بـە تـەواوی کۆنتـرۆڵ نەکرێت، ئەوا گەلێك زیـان بـە چاو دەگەیەنێت، کـە بریتیـن لـە:

•نەخۆشـیی تـۆڕی چـاو Retina بـە شـێوەی تێکـدان، یـان کەمکردنـەوەی هاتووچـۆی خوێـن بـۆ تـۆڕی چـاو، دەرەنجـام تێکچوونـی خانـەکان و گرفتی گـەورە لە کرداری بینیندا درووست دەکات، کـە لەوانەیـە کار بکاتـە کوێـری.

•گرفـت لـە ئـەو تۆڕانـەی بۆڕییەکانی خوێـن، کـە کەوتوونەتـە ژێـر تـۆڕی چـاو و خوێـن بـۆ تـۆڕی چـاو دابیـن دەکـەن، هـاوکات لەگـەڵ کۆبوونـەوەی شـلە لەژێـر تـۆڕی چـاودا، ئـەم حاڵەتـە زیاتـر لـە گەنجە تووشبووەکاندا روو دەدات، لە ئەنجامـی بەرزبوونەوەیەکـی کتوپـڕی پەسـتانی خوێـن.

•تێکدانی دەمـاری بینیـن کـە تـۆڕی چـاو بـە مێشـك دەبەسـتێتەوە، ئەمـەش بـە مەترسیدارترین گرفتی پەستانی بـەرز بۆ چاوەکان هەژمار دەکرێت، چونکـە دەبێتـە هـۆی کوێربوونـی هەمیشـەیی.

•هەروەهـا بەرزبوونـەوەی پەسـتانی خوێـن هانـدەرە بـۆ ئاڵۆزترکردنـی هـەر حاڵـەت و نەخۆشـییەکی چـاو، کـە لـە تووشـبووی پەسـتانی بـەرزدا هەبێـت، بۆنموونـە ئـاوی ڕەش Glaucoma.



# سوودەکانی خواردنەوەی ئاو لەسەر گەدەی بەتاڵ

ئەمـە سـەلمێنراوە کـە خواردنـەوەی بڕێکـی باشـی ئـاو ڕۆژانـە سـوودی تەندروسـتیی زۆری هەیـە، بـەڵام خواردنـەوەی ئـاو لەسـەر گـەدەی بەتـاڵ سـوودی زیاتریشـی هەیـە، بەتایبەتـی بەیانییـان ڕاسـتەوخۆ پـاش لـە خەوهەڵسـان، کـە بەگشـتی ڕێـژەی شـلەی لـەش کـەم دەبێتـەوە، هەروەهـا پێـش ژەمـە سـەرەکییەکانی خـواردن و پێـش دەسـتپێکی مەشـقی وەرزشـی. سـوودەکانی خواردنـەوەی ئـاو لەسـەر گـەدەی بەتـاڵ بریتیـن لـە: پاککردنـەوەی لـەش لـە مـاددە نەخـوازراو و زیانبەخشـەکان، بەرزکردنـەوەی ئاسـتی وزەی لـەش، پاککردنـەوەی کۆئەندامـی هـەرس و خۆپاراسـتن لـە قەبـزی، هاندانـی دابەزاندنـی کێشـی لـەش، خێراکردنـی کـرداری میتابۆلیـزم Metabolism، یـان کـرداری بەدەسـتهێنانی وزە لـە خـۆراك، پاراسـتنی تەندروسـتیی قـژ، سـافکردنی پێسـت، بەهێزکردنی سیستمی بەرگریی لەش، خۆپاراستن لـە ئەگـەری دروسـتبوونی بـەردی گورچیلـە، هەروەهـا باشـترکردنی مـەزاج و خۆپاراسـتن لـە سەرئێشـە. بەگشـتی خواردنـەوەی ٢٥٠- ٥٠٠ میللیلیتر ئـاو بەیانییـان، یـان پێش ژەمـە سـەرەکییەکانی خـواردن ڕێنمایـی دەکرێـت، هەرگیـز بـاش نییـە کـە زیاتـر لـە یـەك لیتـر ئـاو لەسـەر گـەدەی بەتـاڵ بخورێتـەوە، چونکـە گورچیلـەکان لـە یـەك کاتـدا توانـای مامەڵکردنیـان لـە گـەڵ یـەك لیتـر ئـاو زیاتـر نییـە.



## ئامێری ئاشکراکردنی کامێراکانی هاتووچۆ

کامێراکانی هاتووچۆ دەتوانن پێش لەکارەساتی گەورەی ئۆتۆمبێل بگرن و چاودێریکی باشی شۆفێران دەکەن. کاتێك گەشتێك بۆ شوێنێك نازانی لە چ جێگایەك کامێرای چاودێری داندراوە، بۆیە دوور نییە تووشی کێشە ببی. گەلێك ئامێر هەن بۆ ئاشکراکردنی کامێراکانی چاودێری. یەکێك لەو ئامێرانە Uniden R7ە. کە بەهۆی دوو ئانتێنی پێشەوەو پشتەوە بە فلاشە ئاراستە نوێنەکان، ئاگادارکردنەوە بە دەنگ، بەکارهێنەر ئاگادار دەکاتەوە لە کامێرای چاودێری.

دوو ئالێرەکە لە هەر چوار لاوە ئاگاداری بەکارهێنەرەکەی دەکاتەوە کە کامێرا لە چ شوێنێکە. تەنانەت نیشان دەدات کە مەودای ئۆتۆمبێل هەتا کامێرای چاودێری چەندە. شاشەیەکی جۆری OLED وا دەکات کە خوێندنەوە و سەیرکردنی شاشەکە ئاسان بێ.




## سەردەم سەردەم

ئایا داتاشۆ واتە پرۆژکتەرەکان زەنگی مەترسیی لەناوچوونی تیڤی لێدەدەن؟ ئایا داتاشۆکان دەبنە جێگرەوەیەکی بەهێز بۆ تیڤیەکان؟ بەڵێ لە داهاتوودا ئەمە روودەدا. هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە قەبارە و کێشی داتاشۆکان بچووکترن و مەودای نیشاندانیشیان بەرزتر و زیاتر.

پرۆژکتەری جۆری BenQ GV30 یەکێکە لەو داتاشۆیانە. پرۆژکتەرەکە جیاوازییەکی نییە لەگەڵ Android TV. بەو مانایە دێت کە گشت پرۆگرامەکانی Google play دەتوانی بکەیەوە. هەروەها یەکێکە لەو داتاشۆیانە کە بڵندگۆی



## شوومترین داهێنانی مێژووی مرۆڤایەتی

مەرج نییە گشت ئەو داهێنانەی مرۆڤ لە پێشووتردا دایهێناون و لەمەولاش بەرهەمیان دێنێ لەخزمەت مرۆڤایەتی دابن، چەکە کۆکوژ و ناوەکییەکان، پلاستیك وەك مەترسیدارترین تێکدەری ژینگە و گیوتین بۆ ملپەڕاندن و زۆر ئامێری دیکەش...

لەم ماوەیەدا شوومترین و خراپترین بەرهەمی نوێی تەکنەلۆژی خرایەڕوو. کەپسوولێك بۆ خۆکوژی کە بەقەد ژوورێکی بچووك دەبێت! دکتۆر (فلیپ نیچك) بەرهەمهێنەری ئەو کەپسوولە رایگەیاند، ئێمە ئەو کەپسوولەمان بەرهەمهێناوە بۆ ئەوەی کە هەرکاتێك کەسێك نیازی خۆکوشتنی هەبێ بچێتە ژوورەکە و بەبێ ژان و هەست پێکردن بەهیچ ئازارێك کۆتایی بە ژیانی بێ. ئامێرەکە تەنیا لە ماوەی سی چرکەدا ئۆکسیژێنی ناو ژووره بچووکەکە لە ٢١٪ وە دەگەیەنێتە یەك لەسەد.

مرۆی خۆکوژ، لەسەرەتادا تووشی سەرەگێژە دەبێ و رەنگە هەست بە سەرخۆشیش بکا، پاشان دەمرێت، تەنانەت هەست بەوەش ناکات کە دەمرێت.



## ـــــــــی داتاشۆکان

خۆی لەسەرە. دوو بڵندگۆ لە دوو لای پرۆژکتەرەکە.

لە بواری دیزاینەوە زۆر سەرنج راکێشە، لەگەڵ دیمەنی دیکۆری ژوورەکانی دانیشتن دەگونجێت. پرۆژکتەری ناوبراو LEDیە، گلۆپێکی LED هەتا سی هەزار کاتژمێر کارکردنی بەردەوام کێشەی بۆ نایەتە پێش. ئەگەر لە رۆژانەدا دە کاتژمێر سەیری فیلم بکەی هەتا ٨ساڵ گلۆپەکەی ناسووتێ.

باترییەکەی شەحن دەبێتەوە و هەتا دوو کاتژمێر و نیو واتە فیلمێك دەتوانی بەبێ سوود وەرگرتن لەکارەبا سوودی لێوەربگری. مەودای نیشاندان ٣٠ هەتا ١٠٠ ئینجە بە کوالیتی فول ئیچ دی.

## شاشەی تایبەت بە دیزاین و گرافیك

بۆ ئەوانەی کاری دیزاین و گرافیك دەکەن چ لەوە باشتر نییە کە ئامێرێك بێت بتوانێت کار ئاسانیان لە ئەرکەکانیاندا بۆ بکات. کیبۆردی تایبەت بە کاری گرافیك هەیە، هەروەها شاشەی تایبەت بە بوارەش.

شاشەی جۆری HUION KAMVAS Pro یەکێکە لەو مۆنیتۆرانە کە بەمەبەستی کارئاسانی لە ئەرکی دیزاین و گرافیکدا بەرهەم هاتووە. شاشەکە ١٣,٣ ئینجە و کوالیتی نیشاندانی فوول ئیچ دییە. ئەو هەلە بۆ بەکارهێنەر دەڕەخسێنێ کە لە گشت لاوە بە روونی بەرهەمەکەی خۆی ببینێ. شاشەکە کێشەی تیشکدانەوەی نییە، گشت رەنگەکان بە واقیعی لە شاشەکەدا هەست پێدەکرێن.

بۆ ئاسانکاری لە ئەرکدا ٤ دوگمەی لەسەرە کە بەکارهێنەر دەتوانێ ئەرکەکانیان بگۆڕێ. کیبۆردێك و و ماوسێك بۆ گەورەکردن و بچووککردنەوەو رێکخستنی سایزی قەڵەمی وێنەکێشان. شاشەکە تەنیا ١١ ملم بارستایی هەیە و کێشەکەی ناگاتە کیلۆیەك.





# لاپتۆپێکی سەرنج ڕاکێش تایبەت بەگەیم



ئامێرەکانی یاری گەلێکن، وەك پلەی ستەیشن، نیتیندۆ و ئیکس بۆکس و مۆبایل و کۆمپیوتەر و ...تاد.

ئەوەی پەیوەندی بە کۆمپیوتەرەوە هەیە، دەکرێت لەگەڵ ئەوەیدا یاریشی پێبکرێ بەڵام بۆ کاروباری دیکەش سوودی لێوەربگیرێت. کۆمپانیایەکی ژاپۆنی لاپتۆپی جۆری One Netbook One GX بەرهەم هێناوە تایبەتە بە گەیم و یاریی ئەلکترۆنی.


لاپتۆپەکە بچووکە، کێشەکەی تەنیا ٦٢١ گرامە. بارستاییەکەی ٢١ ملمە. قەوارەکەی ١٣٦×١٧٣یە. نیشاندانەکەی فوول ئیچ دییە. یەکەی لێکدانەوەی واتە پرۆسیسەرەکەی لە جۆری Core i5یە. ڕامەکەی ٨ گیگابایتە و داتاگەکەی ٢٥٦ گیگابایت لە جۆری SSDیە. هەرچەندە مۆدیلێکی بەرزتریشی هەیە کە ١٦ گیگابایت ڕام و ٥١٢ گیگابایت داتاگە لە جۆری SSDیە. سیستەمی WiFi6ی لەسەرە. دوو دەسکەکانی گەیم و کۆنترۆڵ بە موگناتیس بەو بەروبەری لاپتۆپەکەوە گرێدراون.

# پرۆگرامێکی گرنگ بۆ تەندروستیی دڵ

دڵ گرنگترین ئەندامی جەستەیە، بە واتایەکی دیکە دینەمۆی جەستەیە، ئەگەر دڵ بچووکترین کێشەی بۆ بێتە پێش، گشت ئەندامەکانی دیکەی لەش تووشی کێشە دەبن! خۆتان دەزانن بە دڵ ڕاوەستانیش ئیدی ژیان کۆتایی دێت.

لە سەردەمی دیجیتالی نوێدا بەهۆی مۆبایلەکانتانەوە و بەهۆی ئەو ئاپانەی لەسەر مۆبایل دادەندرێن سات بە سات دەتوانی تێستی دڵ بکەی.

یەکێك لەو پرۆگرامانەی تایبەت بە تەندروستیی دڵ پرۆگرامی Cardiograph – Heart Rate Meter یە. پاش ئەوەی پرۆگرامەکەت دابەزاند، هەژمارێکی تایبەت بەخۆت دەکەیەوە و لەودا تەمەن و ئەو نەخۆشیانەی هەتن تۆماری دەکەی، دواتر بە بە ئەنجامدانی تێستی جۆراوجۆر لە بواری تەندروستیی دڵدا، ئاکامی پێویست و دروستت پێ ڕادەگەیەنێ. دەکرێت بۆ هەرکام لە ئەندامانی بنەماڵە هەژماری تایبەت بکەیەوەو زانیاریی هەرکامیان لە بەشی تایبەت بەخۆیاندا تۆمار دەکرێن.





## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت فایلێکی وۆردم لە ئینتەرنێت دابەزاندووە ئێستا لەلای من نایکاتەوە چ بکەم بیکاتەوە؟**

خوێنەری بەڕێز مایکرۆسۆفت ئۆفیس لە ڤێرژنی ٢٠١٣ بەولاوە وایکردووە ئەو فایلانەی کە لەسەر ئینتەرنێت دادەنرێت ئەگەر بەکارهێنەرەکەی بیەوێت کاتی دابەزاندن لە کۆمپیوتەرێکی دیکەدا ناکرێنەوە. بۆ ئەوەی بکرێنەوە سەرەتا کلیکی ڕاست لەسەر فایلەکە دادەگری و پاشان فەرمانی Properties لێدەدەی، دوای ئەوە لە بەشی Generalدا کلیك لەسەر Unblock بکە. پاشان OK بکە ئیدی لەمەولا فایلەکە دەکرێتەوە. ئەگەر کۆدیشی لەسەر بوو، پرۆگرامی تایبەت هەیە بۆ سڕینەوەی کۆدەکان دەکرێ لەوە سوود وەربگری.



# ڕۆبیکی دیجیتالی

شەش پاڵوی ڕووبیك، ئامێرێكی یاری هزرییە، لە هەر شەش لاوە ڕەنگی تایبەت هەیە و ڕەنگەكان لێك دەدرێن و یاریكەر دەبێت ڕەنگەكان یەكبخاتەوە، بۆ ئەمەش بیركردنەوەیەكی زۆری دەوێت. ئەم یارییە پرۆفیسۆر و ئەندازیاری هەنگاریی (ئەرنۆ ڕۆبیك) دایهێناوە.

لە سەردەمی دیجیتالیدا ڕۆبیك (Rubik›s Cube)یش بوو بە دیجیتالی.. یارییەكەی هاوشێوەی ڕۆبیك بەناوی WOWCube بەرهەم هاتووە، شەش پاڵووە دیجیتالییەكە لە هەشت پارچە پێكهاتووە. هەركام لە پارچەكان پازڵێكی سەربەخۆیە. پاشان بە گشت پارچەكان دەبنە پازڵێكی گەورەتر. بە گشتی بیست و چوار شاشەی بچووكی هەیە كە بە سووراندن، لاركردنەوە، ڕاوەشاندن و بەركەوتن گۆڕانیان بەسەردادێت.

ئەم پازڵیە سەرسوڕهێنەرە بەردەوام یاریی نوێی بۆ زیاد دەكرێ و دەتواندرێ بەهۆی مۆبایلەوە یارییەكان لە پازڵێكە بخرێن.



## ماڵپەڕێک بۆ سڕینەوەی لۆگۆ لەسەر فیلم

لۆگۆ یا Watermark بەو هێمایە دەگوترێت كە لەسەر فیلم یا وێنەیەك دەدرێت بۆ ئەوەی كە خۆی لێ بە خاوەن بكات و دواتر ئەو وێنە یا فیلمە كەس و لایەنی دیكە بۆخۆی بەكار نەهێنێ. بۆ نموونە فیلمێك كە لە BBC بڵاودەكرێتەوە، كەناڵی BBC لۆگۆی خۆی لەسەر دەدات بەو مانایەی كە ئەوە موڵكی منە. یان جار هەیە فیلم و وێنەكە هی كەسێكە و نایەوێ كەسی دیكە بڵاوی بكاتەوە. ماڵپەڕێك هەیە بۆ سڕینەوەی ئەو لۆگۆ و Watermark انەی لەسەر فیلم دەدرێن. ماڵپەڕی www.apowersoft.com زۆر بە ئاسانی ئەو ئەركە ئەنجام دەدات. دوای ئەوەی فیلمەكەت دابەزاندە سەر ماڵپەڕەكە، ماڵپەڕەكە لە ماوەیەكی كەمدا لۆگۆ و واتەرماركەكە دەسڕێتەوە و شوێنەكەی بە خودی فیلمەكە پڕ دەكاتەوە.

# نۆكیا بە بەرهەمێكی نوێ گەڕایەوە

سەردەمێك نۆكیا لە ریزی پێشەنگەكانی بەرهەمهێنانی مۆبایل بوو، دوای ئەوەی كە نۆكیا سیستەمی ئەندرۆید بۆ مۆبایلەكانی خۆی پەسەند نەكرد، ئیدی بەتەواوی شكستی هێنا و بەوجۆرەی پێویستە نەگەڕایەوە بواری بەرهەمهێنانی مۆبایلەوە.


لەم دوایەیدا نۆكیا تەبلێتی جۆری T20 Education Edition بەرهەم هێنا كە تایبەتە بە قوتابیان و فێرخوازان. تەبلێتەكە جۆری نیشاندانەكەی 2Kیە. ڕامەكەی چوار گیگابایتە. باترییەكەی ٨٢٠٠ میلی ئەمپێرە.

هەروەك لەناوەكەی ڕا دیارە بۆ قوتابیان و خوێندكاران بەرهەمهاتووە. شاشەكەی ١٠,٤ ئینجە. یەكەی لێكدەرەوەی تەبلێتەكە هەشت ناوەكەییە. خێراییەكەی ١,٨ گیگاهێرتزە. ئاماژە درا ڕامەكەی ٤ گیگایە و داتاگەكەی ٦٤ گیگایە. لەگەڵ ئەوەشدا كارت میمۆریش دەخوێنێتەوە. هەروەك

نۆكیا T20 Education Edition ئامرازێكی یارمەتیدەر بۆ قوتابیانی قۆناغەكانی بنەڕەتی و ناوەندی و دواناوەندی هەیە. بەكارهێنەر پێویستی بە دابەزاندنی هیچ پرۆگرامێكی زیادی نییە. پرۆگرامی تایبەت بە خوێندنی كتێبە وانەییەكانی تێدایە لەگەڵ، وەرگێڕان بۆ زمانەكان بەشێوەی دەنگ و دەق.








# ئەتەکێتی کچانەی ڕۆژانە لەگەڵ دەوروبەردا

خانمانەییت مانای جوانیتە، جوانیت بەندە بە مامەڵەکردن و جووڵە و هەڵسوکەوت و جلوبەرگ و ماکیاژ و خشڵەکانتەوە، هەموو ئەوانە دیمەنی جوانیت تەواو دەکەن، بەر لەوەی هەست بکەیت کە جوانیت بە لووتکە گەیشتووە، پێویستە ئاگاداری هەڵسوکەوت و شێوازی ئەتەکێتت بیت، بە تایبەت لەگەڵ دەوروبەر و، بە شێوەیەکی گشتی لەگەڵ کۆمەڵگە، وەك خانمێك دەتوانیت لە ڕێگەی ئەتەکێت و شێوەی مامەڵەکردنتەوە لووتکەی جوانی بە دەست بهێنیت. سەرەتا پێویستە بۆشاییەك نێوان خۆت و کەسانی نەناسراو، یان ئەوانەی بە تەواوی ناتناسن، دروست بکەیت، بۆ ئەوەی بە ئاسانی نەتوانن پێت بگەن و کەسایەتیت بەرز بنرخێنن، هەمیشە بە شێوەیەکی گران و سەنگین دەربکەوە، خۆت لە هەموو کارێك هەڵمەقورتێنە، نهێنیی کەسانی دیکە بپارێزە و ئەگەر بۆ خۆشیش بێت مەیدرکێنە، نهێنییماڵەوە مەبە دەرەوە، تەنانەت لای ئەو کەسەش کە نزیکترین کەستە و جێگەی متمانەیە، ڕێز لە بۆچوونی کەسانی دیکە بگرە، بەڵام مەهێڵە بەسەرتدا زاڵ بن، کاتێك داواکاریت دەبێت بە جوانترین شێوە داواکارییەکەت پێشکەش بکە، لە زەمکردن و باسکردنی کەسانی دیکەوە بە دوور بە، کاتێك یەکێك متمانەی پێتە، باسی کەسانی دیکەی لا مەکە، چونکە ڕەنگە متمانەت لە دەست بدەیت، بەهۆی ئەوەی دەزانێت کە دواجار لای کەسێکی دیکەش باسی ئەو دەکەیت، با شێوازێکی قسەکردنی نەرمونیانت هەبێت، پێکەنینت سنووردار بکە، ڕەچاوی جلوبەرگت بەپێی کات بکە بۆ شوێنەکان، چونکە پۆشاك تا ڕادەیەکی زۆر گوزارشت لە کەسایەتیت دەکات لە ناو کۆمەڵگەدا.





# دیمەنی جوانی ڕەفەکانی ماڵ

وەك خانمێك دەتوانیت چەندین گۆڕانکاری و کاری تازەی سادە لە بەشەکانی ماڵەکەتدا بکەیت، تا بەو ئەندازەیە دەگەیت کە دیزاینی ماڵەکەت بەرچاو و ناوازە دەبێت، ئەو هەنگاوانە زۆرن، بەڵام دەتوانیت لەوەوە دەست پێ بکەیت کە بەشێکی زۆری دیکۆرەکەت بە ڕەف و دەلاقە دەوڵەمەند بکەیت، پێویستە ئەو ڕەف و دەلاقانەش لەم شوێنانەدا دابنرێن: تەنیشت پەنجەرەکان، کاتێك نیازت وایە ڕەف لە دیکۆری ماڵەکەتدا دابنێت، دەکرێت لە تەنیشت پەنجەرەکانەوە بێت، هەروەها دەکرێت لە دیوار ببەسترێت، یان بە سەقفەوە هەڵواسرێت، ژووری دانیشتن، هەوڵ بدە ئەو ڕەفانەی بۆ کتێب و گوڵدان بەکاریان دەهێنێت، با لە ژووری دانیشتنت بن، چونکە کاتێك میوانت دێت، لەوێوە چاویان بە ڕەف و دەلاقەکانی ماڵەکەت دەکەوێت. دەلاقەی ژووری چێشتلێنان، بەهۆی ئەوەی زۆربەی چێشتخانەکانی ماڵان لەم سەردەمەدا بچووکن، باشترە لە جیاتی ڕەف، دەلاقەی بۆ دروست بکەیت، بەمەش دەتوانیت زۆربەی کەلوپەلەکانت بخەیتە نێو دەلاقە. ژووری نووستن، پێویستە ڕەف لە ژووری نوستن هەبێت بۆ دانانی کەرەستە و کتێبی خوێندنەوە و ئامێرەکانی مۆبایل، وا چاکە لە تەنیشتێکی سیسەمەکەت بن، تا بە ئاسانی دەستت پێیان بگات.





# ڕەنگ و نەخشی ملوانکەکانت کاریگەرن

بنەمای سەرەکیی جوانیی خشڵەکان لە دوو بەش پێك دێن، یەکەمیان نەخش و شێوازەکەی، دووەمیش ڕەنگ، هەردووانیان کاریگەرییان لەسەر جوانی و ناسکیی ئێکسسوارەکە دەبێت، بە تایبەت ملوانکە، کە هەم ڕەنگ و هەمیش نەخشی بەرچاون، جگە لەوانە گرنگە ئەو ئێکسسوارە لەگەڵ ڕەنگ و دیزاینی پۆشاکدا گونجاو بێت، ئەگینا جوانیت دەشێوێت، هەندێك لەو ئێکسسوارانەی کە لەگەڵ هەموو جۆرە نەخش و جلێکدا دەگونجێن، ئێکسسواری بەردینن، کە نەخشەکەیان لە بەرد دروست کراوە، زیاتر لە ڕەنگی شین و فیرۆزی ڕەنگ کراوەن، ڕەنگی فیرۆزەیی کە بە ڕەنگی شەزرییش دەناسرێت، هەر بۆیە ئەو دوو ڕەنگە لەگەڵ جلوبەرگ و ڕەنگی ماکیاژ دەگونجێت. مارکەی (بولگەری – Bulgari) کە مارکەیەکی جیهانییە و زۆربەی بەرهەمەکانی لە زێڕ و ئەڵماسن، ئەم جارە ڕووی لە دروستکردنی ملوانکەی یاقووت و بەردین کردووە، دوو ڕەنگی سەرەکییشیان بۆ داناوە، کە شین و شەزرین، هەروەها شێوەی نەخشەکانیش زیاتر لە شێوەی دڵن، بۆ ڕازاندنەوەی نەخشەکەش وردە بەردی بچووکیان بەکارهێناوە، لەگەڵ بڕێك لە وردە شووشە، تا بریقەداری بکات.






# شەربەتی مێوژی خۆمانەی نێو مەشکە

مەشکە بۆ دروستکردنی دۆ بەکاردێت، بەڵام بەم دواییە شەربەتی مێوژیشی تیایدا دروست دەکرێت، شەربەتی مێوژ خۆشەویستی هەمووانە، هەموو کەسێك ئارەزووی دەکات، هەر بۆیە (دانا ئەنوەر)وەك کەسێکی دەسترەنگین سوودی لە مەشکە وەرگرتووە، بۆ دروستکردنی شەربەتێکی نایابی مێوژ. دانا ئەنوەر گەنجێکی شاری سلێمانییە و هەمیشە حەز بە کاری ناوازە و داهێنان دەکات، کە بە (دانای ئەنتیك) ناسراوە، ماوەی دوو مانگە ئەو شوێنەی لە شەقامی سەهۆڵەکەی سلێمانی کردووەتەوە، کە دیمەنێکی کولتووری و کوردەواریی پێوە دیارە، مەشکە و کەرەستەی کوردەواریی کۆن و شوێنی دانیشتن و وەستانی خەڵکی تێدا کردووەتەوە، لەوێوە گەشتیاران و خەڵکی ئاسایی سەردانی شوێنەکەی دانا ئەنتیك دەکەن بۆ سەیرکردنی کەرەستەکان و نۆشکردنی شەربەتی مێوژی خۆمانەی نێو مەشکە، شوێنەکە کەشێکی ئارام و هەستێکی کوردانەی پێوە دیارە، نرخی شەربەتەکە گران نییە، خەڵکیش بۆ وێنەگرتن و بەسەربردنی کاتێك بە تامی ژیانی کوردەواری سەردانی شوێنەکەی دانا ئەنتیك دەکەن.

**فۆتۆ: دانا حەمە غەریب**






# دارستانی تەمومژاوی


دارستانی زاپیرەین، یەکێکە لە دارستانە سەیرەکانی جیهان، کە هەمیشە تەمومژاوییە و، دەکەوێتە ناوچەی ئۆریتازۆن لە هەرێمی باسکی باکووری وڵاتی ئیسپانیا، هەروەك وێنەگرێك بە ناوی (ئۆسکار باسکوی) دیمەنەکانی ئەو دارستانە بێدەنگ و تەمومژاوییەکەی بینیوە، دەڵێت هەموو وەرزێکی ئەو دارستانە تەمومژە، تەنانەت ئەگەر بچیتە ناوی پێنج مەتر پێش خۆت نابینیت، ئەو تەمومژە وای کردووە کە دیمەنێکی سەرنجڕاکێش و سامناکی هەبێت، هەروەها بێدەنگی و بوونی ئەو هەموو تەمە، وا دەکات کە کەشێکی ڕۆمانسی هەبێت، تەنانەت دوای ئەوەی وێنەگرەکە سەردانی ئەو شوێنەی کردووە، هەموو مانگێك بۆ گۆڕانکاری و وێنەی تازە سەردانی دەکاتەوە.



# گەورەترین ماری جیهان کەوتە داو



ماوەیەکی زۆرە دەسەڵاتدارانی ویلایەتی فلۆریدای ئەمریکی چاودێریی مارێکی گەورە لە جۆری (بایسۆن) دەکەن، تەنانەت زۆربەی جار دوای هەوڵەکان بۆ ڕاوکردنی، ئەومارە لە دەستیان ڕای کردووەو نەگیراوە، بەهۆی ئەوەی کە مەترسیی دروست کردبوو، بۆیە ڕێکخراوی پاراستنی گیانداران لە باشووری ئەو ویلایەتە هەڵسان بە شوێنکەوتنی، مارە گەورەکە ناوێکی جیهانیی هەیە و، درێژییەکەی (١٨) پێی دەبێت و کێشیشی (١٠٠) کیلۆگرامە، تا ئێستا بە گەورەترین ماری بۆرمی دادەنرێت، پشکنەران ویستیان بزانن کە ئەم مارە زەبەلاحە چی خواردووە و چی ڕاو کردووە، دوای پشکنین دەرکەوت کە کەروێشکێك و مامز و گیاندارێکی ئەبووسووم لە نێو کۆ ئەندامی هەرسی مارەکەدایە.







## کاریکاتێر

لەم کاریکاتێرەدا کەسێك دەچێتە لای فاڵگرەوە و قاوەگرەوە و تاوەکو پێشبینی بکات بزانێت لە ساڵی ٢٠٢٢ چی دیکەش روو دەدات، ئەویش ئاماژە بە تۆپەکەی زەوی دەکات، کە ڤاکسین و نەخۆشییەکان دیسانەوە بڵاو دەبێتەوە.

# باڵندەی مل شووتی و دوو مێشک



یەکێکە لە سەیرترین باڵندەکانی جیهان، کە مل و ژێر دەنووکی ئەوەندەی شووتییەکی گەورە دەبێت، ناوی (Magnificent Frigatebird)ە، زیاتر لە وڵاتانی باشووری ئەمریکا و ئوستراڵیا و کەنەدا دەژی، سیفەتێکی سەیری هەیە کە لە کاتی فڕینیشدا دەتوانێت بخەوێت، دەتوانێت بۆ ماوەی سێ کیلۆمەتر بەبێ وەستان بە چاوێکی داخراو و چاوێکی کراوەوە بفڕێت، هاوشێوەی دولفین دەتوانێت نیوەی مێشکی کارا بێت ئەوەی دیکەی ڕێست وەربگرێت، هاوکات ئەو تۆپەڵە گەورەی لە ملیدا هەیە، دەتوانێت بۆ چەندین مەبەست بەکاری بهێنێت، کاتێك خواردنێکی زۆر دەخوات، لەو شوێنەدا هەڵیدەگرێت، یان کاتێك بۆ نمایشی خۆی لەبەردەم باڵندە مێینەکانی دیکەدا خۆی دەنوێنێت، هەروەها وەك ئامرازێك بۆ هاوسەنگیی جەستەی لە کاتی فڕیندا سوودی لێی وەردەگرێت، هاوشێوەی باڵۆنێکی هەوا کار دەکات و، بەمەش دەتوانێت لە ئاویشدا خۆی دەرباز بکات.




## میوزیک

**پاڕانەوە لە تۆ - Beg for You**

تراکێکی تازەی جۆری pop لە گوتنی کچە گۆرانیبێژی بەریتانی (چارڵۆت ئیما ئەتیچشۆن)ە، کە بە چارڵی ئێکس سی ئێکس ناسراوە، لە ساڵی ٢٠٠٩ دەستی بە گۆرانیگوتن کردووە و، یەکێکە لە ناودارەکانی میوزیك، تراکەکە لە ئەلبوومی Crush لە مانگی ٧ی ئەمساڵ بڵاو کراوەتەوە.

## فیلم

## خۆشەویستی و ئایس کرێم - Love & Gelato




فیلمێکی کۆمێدی و ڕۆمانسییە، باس لە کچێکی دەرچووی ناوەندی بە ناوی (لینا) دەکات، دوای ئەوەی دەیەوێت پشووی هاوینە لە شاری ڕۆمای ئیتاڵیا بەسەر ببات، تاوەکو خۆی ئامادە بکات بۆ چوونی بۆ کۆلێژ، دواتر لە ئاواتێکی دایکیدا، تووشی ژیان و تاقیکردنەوە و سەرکێشییەکی تازەی ژیان دەبێت، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٥٠ خولەکە، لە دەرهێنانی براندۆن کەمپ و بە زمانی ئینگلیزییە، لە نووسین و بەرهەمهێنانی ئیگوینیا دی ناپۆلی، لە نواندنی (سوسانا ساگس، ڤالێنتینا لۆدڤینی، ساوڵ نانی، تۆبیا دی ئەنجلیس ئۆین ماکدۆنێلڤ )ە.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

ئەگەر دەتەوێت سەرکەوتن بەدەست بهێنیت و بە چەند شتێکی بەنرخ بگەیت، کاتی ئەوەیە هەوڵی بۆ بدەیت و، پەیوەندییەکانت لەگەڵ کەسانی دیکە چاك بکەیتەوە، لەم چەند ڕۆژی داهاتوودا پەیوەندیت لەگەڵ هاوڕێکانت بەهێز دەکەیتەوە، ئەمەش کاریگەری ئەرێنی لەسەر دەرونت دروست دەکات.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

بۆ ئەمڕۆ کارکردن بە گرووپ باشترە لەوەی بە تەنیا هەوڵ بدەیت، لەگەڵ کەسانی دیکە چانسی سەرکەوتنت زیاترە، لەلایەنی سۆزدارییەوە ئەگەر کۆنترۆڵی هەڵچونەکانت نەکەیت پەشیمان دەبیتەوە، بەر لەوەی بارودخ لەدەست بچێت، بە هەڵسوکەوتەکانتدا بچۆرەوە و هەڵەکان چارەسەر بکە.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەم ماوەیە چاوەڕێ مەکە هەموان یارمەتیدەرت بن، خۆت پشت بە خۆت ببەستە، واز لە رابردو بهێنە و تەماشای داهاتو بکە، تەنیا سوود لە ئەزموونەکانی رابردوت ببینە، لەلایەنی تەندروستییەوە هەست بە باشی دەکەیت، بۆ تەندروستییەکی باشتر وەرزش لەیاد مەکە.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لە رووی پیشەییەوە پێویستت بەوەیە زیاتر پشت بە خۆت ببەستیت، سەرکەوتنت نزیکە، متمانەت بە تواناکانت هەبێت، کەسانێکی زۆر لە چواردەورت هەن، بەڵام ناتوانیت بە ئاسانی متمانەیان پێ بکەیت، وا باشترە لە خەمی ئەوەدا بیت کەسانێکی جێی متمانە لای خۆت بهێڵیتەوە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

کەسانێك لە دەوروبەرت هەن کە بە شێوەیەکی ئەرێنی رەفتارت لەگەڵ دەکەن، هەروەها کاریگەری لەسەر دۆخی دەروونیت دروست دەکەن، هەوڵ بدە سوود لە بۆچوونەکانیان ببینیت، لەروی تەندروستییەوە ئەمڕۆ پێویستت بە پشوو هەیە، چونکە ئەرکێکی زۆرت لەسەر شان بووە و ماندویت.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

لەلایەنی جەستەیی و دەروونییەوە هەست بە باشی دەکەیت، لە رووی پیشەییەوە لە ئامانجەکەت نزیکیت، تەنیا وریابە و ئەم ماوەیە پلانەکانت بۆ هیچ کەسێك مەدرکێنە، چونکە هەموو کەسێ جێی متمانە نییە، تەندروستیت بەرەو باشی دەڕوات، سیستمی خۆراکیت ڕێك بخە.



## بۆ زانیاریت



## شانەی هەنگ


سێ هۆكار هەن كە شانەی هەنگەكان شێوەی شەش لا دروست دەكەن:

یەكەم : ئەگەر شێوەكە سێ لا، چوار لا، پێنج لا بووایە ئەوا كاتێك شانەكە دروست دەكرا، زۆرترین مۆمی هەنگوینی پێویست دەبوو، چونكە وەنەبێ لایەكان گەیشتبان بە یەكتر، بەڵكو بۆشایی لە نێوان سێ لایەك و سێ لایەكی دیكەدا دەمایەوە، بەمەش مۆمی هەنگوینی زۆرتر دەویست لە چاو شانەیەك كە شەش لایە.

دووەم : مانەوەی بۆشایی لە نێوان ژووری بچووكی شانەكان، وا دەكات شانەكە كەمترین هەنگوین لەخۆ بگرێت، بەڵام كاتێ شانەكە شەش لایە، ئەوا هیچ بۆشاییەك لە نێوان ژووری شانەكاندا نامێنێت، بەمەش شانەكە زۆرترین هەنگوین دەگرێتە خۆ.

سێیەم: شانەی شەش لا لە چاو شێوەكانی دیكەدا هاتووچۆی مێش هەنگ تێیدا ئاسانترە لە كاتی دروستكردنی شاندا.

## پەند و وتە



ڕۆبێرت بیرتۆن نووسەری ئینگلیزی دامەزرێنەری زانكۆی ئۆكسفۆرد لە ساڵی ١٥٧٧ لە شاری لاسیستەر لە بەریتانیا لە دایكبووە و، لە ساڵی ١٦٤٠ لە بەریتانیا كۆچی دوایی كردووە، دەربارەی بڕیاردان لە كاتی هەڵە و كاتی نەگونجاو دەڵێ: «لە زستاندا دار مەبڕە، بڕیاری خێرا و هەڵە لە كاتی تەنگانەدا مەدە، هەمیشە لە كاتی ناخۆشیدا ئارام بگرە، چونكە دوای تۆفان و بارانی بە تین، بەهار و خۆشی دێت».

## ئۆتۆمبێل - Cars



### ڕێژەی هاوسەنگی سووتەمەنی

ئۆتۆمبێلە نوێیەكان سیستەمێكیان هەیە كە بەستراوەتەوە بە عەقڵی ئیشپێكردنی مەكینەوە، كە بەردەوام چاودێریی ڕێژەی هاوسەنگیی بەنزین و هەوا دەكات لەسەر پستۆن و، پستۆن و كرانگ شەفت دەپارێزێت لە شكان.

Air Fuel Ratio، ئەم سیستەمە بەردەوام كاردەكات و هەركاتێك ڕێژەكە نا هاوسەنگ بوو، ئەوا دەبێت هاوسەنگی بكات، ئەگەر هاتوو هەر حەساسێك كە پەیوەست بێت بەم سیستەمە و ڕێژەی بەنزین و هەوا بەباشی كارنەكات، ئەوا ئەو سیستەمە ناتوانێت بەباشی كاربكات، بۆیە عەقڵ هەڵدەستێت بە كەمكردنەوەی هێزی مەكەینە بەشێوەیەك كە مەكینە تەنیا بەشێوەیەكی ئاسایی ئۆتۆمبێلەكە لێبخوڕێت و مەكینەكە هیچ هێزێكی هەستان و دەرپەڕین و ئۆڤەری نامێنێت، ئەم كردارەش بۆ پاراستنی ناوەوەی مەكینەیە كە (پستۆن، كرانگ شەفت، قۆڵەبەگن) دەپارێزێت لە شكان، لە هەندێك ئۆتۆمبێل لە ناو داشبۆردا بە ئینگلیزی ئاگادارت دەكاتەوە لەو كێشەیە و دەنووسرێت (Engine Power Is Reduced)واتا هێزی مەكینە كەم كرایەوە، لە كۆمپیوتەریش بە زۆری دوو كۆد دەدات،(P0171 System Too Lean، P0172 System Too Rich) پێت دەڵێت بەنزین لەسەر پستۆن گەلێك زۆرە، یان گەلێك كەمە، بۆیە هەر كاتێك ئۆتۆمبێلەكەت توشی ئەم كێشەیە بوو، ئەوا ناچارت دەكات چاكی بكەیت، چونكە ئۆتۆمبێلەكەت هیچ كێشی نامێنێت و هەرچەندی پێی لێبنێیت و زەختی لێ بكەیت، مەكینە ناتوانێت تەنانەت ٢٠٪ ی هێزی خۆی بدات.

## یاری وێنە



لەم وێنەیەدا كە وێنەی گیاندارێكە، هاوكات چەندین كەرەستەی دیكە هەن، هەوڵ بدە لە ماوەی یەك خولەك زۆرترین كەرەستە بدۆزیتەوە.



### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لەلایەنی پیشەییەوە پلانەكانی وردتر دابنێ، بەو شێوەیە چانسی سەركەوتنت زۆرترە، ئەم ماوەیە كار لەسەر ئەو پرۆژانە بكە كە گرنگن و، خۆت بە كاری لاوەكییەوە سەرقاڵ مەكە، لەلایەنی كۆمەڵایەتییەوە گرنگی بە پەیوەندییەكانت بدە و، لە گۆشەگیری دوور بكەوەرەوە.




### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

ڕووبەڕووی كۆمەڵێك گرفت دەبیتەوە، بەڵام چارەسەر ئەوەیە تێڕوانینت بۆ كێشەكانت بگۆڕیت و، هێندە خۆت نیگەران نەكەیت، لەلایەنی سۆزدارییەوە كاتێك لەگەڵ خۆشەویستەكەت لەسەر بابەتێك ناكۆكن، پێویستە ئارام بیت و كۆنترۆڵی هەڵچوونەكانت بكەیت.



### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

كەسانێكی زۆر سوود لە بیرۆكەكانت وەردەگرن و، لە ژێر كاریگەریی پلانەكانتدان، ئەم ماوەیە پێش ئەوەی دەست بە هەر كارێك بكەیت راوێژ بە كەسانی دیكە بكە، چونكە سترێسێكی زۆرت هەیە و، رەنگە بە ناچاری بڕیارێكی نادروست بدەیت، دواتر پەشیمان دەبیتەوە.



### كەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لەلایەنی پیشەییەوە ئەگەر سەركەوتنت دەوێت پێویستە لە یەك كاتدا سەرقاڵی چەند پرۆژەیەك نەبیت، بەڵكو لەبری ئەوە تەنیا كار لەسەر یەك پرۆژە بكە و، چانسی سەركەوتنتی زیاتر بەدەست بهێنە، لەلایەنی تەندروستییەوە خۆت پشتگوێ مەخە و، بابەتەكان بەهەند وەر بگرە.




### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

لە كۆتاییدا چانسی ئەوەت دەبێت پشوو وەربگریت و كاتێكی خۆشیش لەگەڵ خێزان و هاوڕێكانت بەسەر بەریت، لە رووی پیشەییەوە وا باشترە ئەم ماوەیە چاوت لەسەر چالاكییەكانت بێت و، وریای هەنگاوەكانت بیت، چونكە هەر هەڵەیەك بۆشاییەك بە دوای خۆیدا دەهێنێت.




### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەگە هۆشیارانە مامەڵە نەكەیت، لە ژیانی تایبەتیتدا دەكەویتە دۆخێكی سەختەوە و چارەسەری گرفتەكان هەروا ئاسان نابێت، ئەم ماوەیە رەچاوی بادودۆخی كەسانی چواردەورت بكە، بەتایبەتی خۆشەویستەكەت و، هێندەش رای خۆتی بەسەردا مەسەپێنە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




# www.gulanmedia.com

Gulan Weekly July 25, 2022 Issue,No.1325


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەرێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی ڕاستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626